# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

سێشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

ژمارە ٦٤١

www.kurdistanukurd.com


## پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە



بە بۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانان بە گشتی و موسوڵمانانی کوردستان بە تایبەتی دەکەم و هیوام ئەوەیە لەم هەلومەرجە هەستیارە دا کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێی دا تێپەڕ دەبن، جێژنی قوربان بۆنەیەک بێ بۆ بە هێزبوونەوەی هاودڵی و هاوپێوەندیی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو شەڕ و نەهامەتی و کێشانەی بەرەوڕوویان بووەتەوە. جێژنتان پیرۆز و ژیانتان پڕ لە سەربەرزی و سەرکەوتن بێت.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# خەبات لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکتر دەکەینەوە



زنجیرەیەک تێکهەڵچوون و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە چەند حەوتووی ڕابردوو لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌دا، دەنگدانەوەیەکی بەرینی لە ڕاگەیەنەکان‌و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان‌دا بە دواوە بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان خاوەندارەتیی لەو هێزانە کرد کە کەمین‌و هێرشەکانی سوپای پاسدارانیان بۆ سەر خۆیان لە ناوچەکانی سەردەشت، مەریوان، شنۆو پیرانشار تێک شکاندوەو چەندین کەس لەوانیان کوشتوەو بریندار کردوە. ڕاشی‌گەیاند کە پێشمەرگەیەکی لێهاتووی ئەم حیزبە بە ناوی هەژار قاسمی لەو تێکهەڵچوونانە دا لە ناوچەی شنۆ، شەهید بووە.

لە وتووێژێک‌دا کە تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ بە دوای ئەم ڕووداوانە دا لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکی هێنابوو، ڕێزدار خالید عەزیزی، لە پەراوێزخرانی بە ئەنقەستی ڕۆژهەلاتی کوردستانی دایە بەر ڕەخنە و، بەرجەستەکردنەوەی پرسی کورد لەم بەشەی کوردستانی بە سەرەکیترین ئەرکی حیزبەکەی دانا. ئاماژەشی بەوە کرد کە ئامادەبوونی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەک بۆ وەڕێخستنی خەباتی چەکداری بەڵکوو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیانە کە ساڵانی پێشتریش بە پێی توانا بەڕێوەیان بردوە.

لە پەیامێکیش دا کە دەفتەری سیاسیی ئەم حیزبە بە بۆنەی جێژنی قوربان ڕوو بە خەڵکی کوردستان بڵاوی کردەوە، هاتوە: «هەموو هەوڵی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە خەبات دژی ستەم‌و سەرکوت‌و تێکۆشان لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، چالاکتر بکەینەوە... ئێمە پابەندیی خۆمان بە پەیامی ئێوە کە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان‌و خۆتەرخانکردن بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی جیددی لە نێو خاک‌و خەڵکی خۆمان دایە، رادەگەیەنین.هیوادارو دڵنیاشین کە بە پشتیوانی‌و هاوکاریی هەموو لایەنەی ئێوە دەتوانین بەڵێنی خۆمان بەرینە سەر.»

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە

ئەم ساڵ لە کوردستان جێژنی قوربان لە بارودۆخێکی تایبەت دا دەبێتەوە میوانمان. نەتەوەکەمان لە دوو بەشی نیشتمانەکەی،تووشی شەڕی نەخوازراوو داسەپاوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی) بووە.لە باشوورو خۆراوای کوردستان دەیان هەزار کەس لە ترسی قەلاچۆی بە کۆمەڵ‌و سووکایەتی بە کەرامەتیان، لە ماڵ‌و شارو ناوچەی خۆیان ئاوارە بوون‌و لەو پەڕی بێ ئیمکاناتی داو لە حاڵێکدا بەرەو وەرزی سەرماو باران دەچین، لە خێوەت‌و کەمپەکانی ئاوارەکان‌دا ژیانی کوڵەمەرگی تێپەڕ دەکەن. هێشتا ناسۆری کوشتاری بە کۆمەڵی خوشک‌و برا ئێزەدییەکان‌و دەستبەسەر داگیرانی سەدان کچیان، کەسوکاری ئەوان‌و ویژدانی هەموومان ئازاد دەدا. لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی نەتەوەکەمان لە باشوورو خۆراوای کوردستان، لە سەنگەری بەرگری لە خاکی نیشتمان دا،بەرەوڕووی پەلاماری تیرۆریستان ڕاوەستاون‌و بە خوێن‌و گیانی خۆیان بەرگری لە نەتەوەکەیان دەکەن.بە خۆشییەوە هێزی پێشمەرگەو نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە شەڕی تێرۆریستان‌دا تەنیا نین‌و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بە هانایانەوە هاتوە،بەڵام ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە بە داخەوە زۆر بە کەمی خۆراوای کوردستانی گرتوەتەوە. ئەم ڕاستییە، خۆڕاگریی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچە و شاری کۆبانێ سەختتر کردوە.داوای ئێمە لەو بارەوە وەک لە هەڵوێستێکی ڕەسمییش‌دا رامان گەیاندوە «فرەوانکردنەوەی بازنەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانی»ە.

وەک ئاگادارن حیزبی دیموکراتی کوردستان هاودەردیی خۆی لە گەڵ گەلی کورد لە باشوورو خۆراوای کوردستان راگەیاندوەو ئامادەیی خۆی بۆ پشتیوانی لە بەرگریی ڕەوای ئەوان، نیشان داوە.هەر لەو کاتەدا ئێمە پێمان وایە کە هیزە سیاسییەکان‌و ڕۆڵە خەباتکارەکانی هەربەشێکی کوردستان وێڕای ئەوە کە دەبێ پشتیوان‌و یاوەری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بن، نابێ گەلی کورد لە بەشەکەی خۆیان‌و ئەو ستەم‌و بێمافی‌و سەرکوتەی بەرەوڕووی خەڵکی بەشەکەی خۆیان بووەتەوە، لە بیر بەرنەوە.

ل ٥

## بەرگریی جانانەو خۆڕاگری لە کۆبانێ هەر وا بەردەوامە

پەلاماری چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی خیلافەتی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر کۆبانێ پێی ناوەتە ٢٢ ڕۆژو زیاتر لە ٣حەوتوویە کچان‌و پیاوانی کورد بە ئیمکاناتێکی سادەو کەمی شەڕو تەقەمەنییەوە، بەڵام بە ئیمان و ورەیەکی بەرزەوە، بەرگرییەکی جانانە لە شارەکەیان دەکەن. ئاژانسەکانی هەواڵ باس لە زاڵبوونی چەکدارانی داعش بە سەر هێندێک بەرزایی زاڵ بە سەر شارەکەدا دەکەن بەڵام شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و گەنجانی کۆبانێ، بڕیاریان داوە شەڕی کۆڵان بە کۆڵانیان لە گەڵ بکەن.

لەم دوو حەوتووەی دوایی دا هەزاران کەس لە خەڵکی کۆبانێ ناچار بوون لەبەربارانەی ئاگرو ئاسنی تۆپ‌و تانگەکانی داعش،شارەکەیان بە جێ بێڵن‌و ڕووبکەنە سنووری باکوور. بەڵام سوپای تورکیا پێشی چوونی ئەوان بۆ نێو خاکی باکووری کوردستانی گرت، هەر وەک چۆن ڕێگر بوو لە چوونی لاوەکانی باکوور بۆ کۆبانێ



بە مەبەستی بەرگری لێکردنی لە بەرا مبەر داعش‌دا دا. نیگەرانیی ئەوە هەیە ئەگەر کۆبانێ بکەوێتە دەستی داعش، خەڵکی ئەو شارە تووشی ژێنۆسایدو کۆڕەوێکی گەورە بن. ئەم کارەساتە لە حاڵێکدا خەریکە ڕوو دەدا کە هاوپەیمانەتییەکی نێودەوڵەتی بۆ شەڕ دژی داعش لە عێراق و سوریە پێک هاتوە، بەڵام ئەم هاوپەیمانەتییە، نەیتوانیوە ڕێگر بێ لەو کارەساتانەی خەڵکی کۆبانێ چاوەڕوانیان!






گریمانە هەڵەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات مێحوەری و خەباتی چەکداری

٦



هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٧



چەکی شانی ژنی کورد و شەڕ بۆ ئاشتی‌و مافی ڕەوا

٨



خەسارناسیی لێکدابڕان و کێشەی بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەمڕۆ

٩



ڕۆژی جیهانیی ژینگەو ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٩

# بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی مێکۆنۆس لە دەرەوەی وڵات

## نۆڕوێژ- ترۆندهایم

لە درێـژەی ئـەو کـۆڕو سمینارانەی کومیتەی نۆرویژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیسـتو دووهـەمـیـن سـاڵـی تـیـرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانیدا ڕێکی خستووە، لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆڕوێژیش کۆڕێکی سیاسیی بۆ کاک حەسەن حاتمی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەم کۆڕەدا کە نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، کۆمەڵێک بابەت هاتنە بەرباس.

لەو کۆڕەدا کاک حەسەن حاتەمی باسێکی لە سێ تەوەری جیاوازدا پێشکەش کرد.

حاتەمی سەرەتا تیشکی خستە سەر هۆکارەکانی تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و وێڕای شەرمەزارکردنی ئەو کردەوە قێزەونانە، ئاماژەی بەوەدا کە تیرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید دکتور سادق شەرەفکەندیو شەهیدان فەتاح عەبدولیو هومایون ئەردەڵانو نووری دێهکوردی دەچنە خانەی تیرۆری دەوڵەتییەوە .

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستانو دەستە شاراوەکانی پشتی پەردەی ئەم ڕووداو و تاوانانە و سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی «داعش»، بەشێکی دیکەی باسەکەی حاتەمی بوون کە سەرەنجی



بەشدارانی کۆڕەکەی بۆ لای خۆی راکێشا.

حاتەمی بە ئاماژە بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان و قۆستنەوەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە لە لایان ئەو گرووپانەوە، ئەوەی خستە ڕوو کە دوای قەبووڵنەکردنی ژنێڤی ١ لە لایان حکوومەتی سووریەوە، دیارەدەیەک بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام (داعش) سەری هەڵدا کە لە ماوەیەکی کەمدا، بە پشتگیری کۆمەڵێک دەستی نادیار توانی شوێن پێیەک لە ناوچەکەدا بۆ خۆی بدۆزێتەوەو ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. دوابڕگەی کۆڕەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و تێبینیو وەڵامدانەوە کە بەشداران زۆر چالاکانە لەو بڕگەیەشدا بەشداریان کرد و سەرنج و تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان ئاڕاستەی کاک حەسەن حاتەمی کرد و دواتر بەڕێزیان بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

شایانی باسە نوێنەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستانو ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران _ کۆمەڵە بەشداری ئەو سمینارە بوون.

## نورویژ - ئۆسلۆ

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی خەرمانان کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی میکۆنووس، شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەڵانو نوری دێهکوردی سمینارێکی لە ژێر ناوی « تێرۆری مێکۆنۆس و ئاکامەکانی» بۆ کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، دۆستان، لایەنگران و ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، سەرەتا کاک جەعفەر شەریعەتی، بەڕێوەبەری ئەو کۆڕیادە کورتەیەکی لە سەربردەو خەباتی شەهید دوکتور شەرەفکەندی باس کردو دواتر سمینارەکە کە بە شێوەی پانێلی پرسیارو وەڵام لەگەڵ کاک حەسەن حاتەمی بەڕێوەچوو.

کاک حەسەن حاتەمی لە باسەکەیدا خوێندنەوەی بۆ بەستێنو هۆکارەکانی ئامادەکاریی تێرۆری مێکونوس لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران کردو گوتی ترسی



کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێکهێنانی هاوکاریی هێزە ئازادیخوازەکان، مێحوەرییەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکرات و جێگرەوەی دووهەمین ڕێبەری لێوەشاوەی خۆی دوکتور سەعید، هۆگەڵی بڕیاری کۆماری ئیسلامی بۆ تێرۆری میکۆنووس بوون.

باس لە وردەکاریی پەروەندەی مێکونوس لە دادگای قەزایی ئەڵمانو بەشێک لە ئاکامەکانی ئەو پەروەندەیە دوو تەوەری دیکەی باسەکەی کاک حەسەن حاتەمی بوون.

شایانی باسە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بەشداری ئەو سمینارە بوون: - پارتی دێموکراتی کوردستان - یەکێتی نیشتمانیی کوردستان - ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕان - پارتی کرێکارانی کوردستان( پ ک ک) - کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران - ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان - حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان - پارتی یەکێتی دێموکراتی، پ ی د و کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان.

## بنکەی دەفتەری سیاسی ـ کۆیە

# بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو ماتەمینیی شەهید هەژار قاسمی

بەبەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یادو بیروەریی شەهید هەژار قاسمی، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکڕاتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی شەهید هەژار قاسمی پەیمانی وەفای لەگەڵ ئەو شەهیدە سەربەرزەو هەموو شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوەو وێڕای سەرەخۆشیی گەرم لە بنەماڵەو کەسوکاری شەهید هەژار قاسمی، دڵنیای کردنەوە کە سەنگەری شەهیدی لاوی نیشتمانیان چۆڵ نابیو چەکەکەی ناکەوێتە سەر عەرزی.

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ٥ ی ڕەزبەر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە قسەی کرد.







کاک مستەفا مەولوودی لە قسەکانیدا بەرگریی لە چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خەڵکەکەی خۆیاندا کردو گوتی ئەوەی تاوانبارە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هەموو دەرگاکانی لە خەڵکی کوردستان داخستووە بە حاشاکردن لە پرسی کوردو مافەکانی دۆخێکی وای خوڵقاندوە کورد هەموو شێوازەکانی خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە بەکار بێنێ.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی پێوەندیی خەڵکو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێوەندییەکی نەپچڕاوەو قایمو قوڵە، خەڵکی کوردستان ڕۆڵەکانی خۆیان لە ئامێز دەگرنو پشتو پەنایانن، ڕۆڵەکانی کوردیش بە فیداکاریو گیانبەختکردن بە شوێن مافو داوای خەڵکەکەیان دەچنو ئەو خەباتو تێکۆشانە هەر بەردەوام دەبێ.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەختی کردە سەر دەستەوەستانیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو تانەی ئەوەی لێدان چۆنە ئەوان کە توانیویانە بە خۆیانو بە ٧٠ کەسە پێش بە ڕووخانی دوو پایتەخت بگرن، لە بەر دەستی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کوردستان ئاوا زەبوونو چۆنە کە سنوورپارێزەکانیان نەیانتوانیوە ئاگایان لە سنوورەکانیان بێ؟! ئەو گوتی حیزبی دێموکڕاتو هێزەکانی پارێزەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوڕو کچی خەڵکو ئیڕادەی خەڵک بۆ خەباتو تێکۆشانی نەتەوەیینو هیچ کەسو هێزێک ناتوانێ لە یەکتریان دابېڕێ.

کاک مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر هیندێک تایبەتمەندیی شەهید هەژار قاسمیو ئەوی بە نموونە لاوێکی تێکۆشەر، هەڵسووڕو نیشتماندۆست ناوبرد کە تاسەر وەفای بۆ گەلەکەیو حیزبەکەی بوو، هەر لەو پێناوەشدا سەری دانا.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ستایشی بنەماڵەی شەهید هەژار قاسمی کردو گوتی ئەوە شانازییەکی گەورە بۆ ئەو بنەماڵە سەربەرزەیە کوڕی وەک هەژاریان لە داوێنی خۆیاندا پەروەدە کردوەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکڕات لاوانی وەک هەژار ڕووی تێدەکەنو خۆیانی تێدا دەبیننەوەو بنەماڵەی هەژارو گەلی کورد دڵنیا دەکەینەوە کە سەنگەری هەژار قاسمییەکان قەت چۆڵ نابنو ڕێگای شەهیدان تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە ئامانجی گەلی کوردە، بەردەوام دەبێ.

## فێنلاند

**بە بەشداریی خەڵکێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوانی وڵاتی فینلاند یادی شەهید هەژاری قاسمی لە شاری هێلسینکی بەرز راگیرا.**



به بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی وڵاتی فینلاندو کاک عەلی قاسمی برای شەهید هەژار کە ساڵانێک وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبدا چالاک بووە، یادی نوێترین شەهیدی ڕێگای رزگاری کوردستان بەرز راگیرا.

ئەو کۆرە ماتەمینیە ڕۆژی یەکشەممە، ٦ ی ڕەزبەر لە شاری هێلسینکی بە سروودی ئەی شەهیدانو بە دەنگی بەسۆزی مامۆستا ڕەشیدی فەیزی نژاد دەستی پێکرد. پاش خولەکێک راگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لەسەرجەم شەهیدانی کوردستان ژیاننامەی شەهید هەژاری قاسمی بۆ بەشداران خوێندرایەوە.

ئەم کۆریادە لە لایەن کۆمیتەی فینلاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێک خرابوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسیەکانی باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسایەتی سیاسییو فەرهەنگیو هونەریو هەروها ئەندامانو دوستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون.

کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەسەر ئەو ڕووداوە، هەڵوێستەکانی حیزبی دێمۆکرات دەورو نەخشی حیزبی دێمۆکراتو کاریگەرییەکانی ئەم قۆناغە هەستیارەی ئێستا باسێکیان پێشکێش کرد، دواتر ڕەحمان خالید نژاد ڕاگەیەندراوی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ بەشداربوان خوێندەوە.

لە برگەیەکی دیکەدا پەیامی ئەو هێزو ڕێکخراوانە خوێندرایەوە کە بۆ کۆری ماتەمینی هاورێ هەژاری قاسمیيان ناردبوو کە بریتی بوون لە: کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، کومیتەی هاوکاری حیزب وڕێکخراوە سیاسیە کوردستانییەکان لە وڵاتی فینلاند، یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆمەڵەی ڕەوەندی کورد لە فینلاند.

لە بەشێکی دیکەی کۆڕیادەکەدا کاک ناسر پیرانی بە نوێنەرایەتی لەلایەن بنەماڵەی کاک هەژارەوە سپاسی ئامادەبوونی بەشدارانی لە کۆریادەکەدا کردو ئاماژەی بە ڕابردووی بنەماڵەی شەهید هەژار کرد کە رابردوویەکی دوورو درێژیان لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا هەیە. ئەم بنەماڵە تێکۆشەرە جیا لەوەی شەهید هەژاریان پێشکەش بە بارەگای ئازادی نەتەوەکەیان کردوە، شەهید جەلالی موئمینی یەکێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەو بنەماڵەیەیە بووە کە لە نێو ریزی خەباتکاراندا خزمەتی کردوەو لە مەیدانی خەباتدا شەهید بوە.

دواتر کاک کەریمی ڕەسولی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە وڵاتی فینلاند سپاسی هێزو لایەنە سیاسییەکان کەسایەتییە حیزبی و غەیرە حیزبییەکانی کرد کە هاوخەمی خۆیان نیشانداوەو لەم کۆر یادەدا بەشدار بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا کەماڵ ئافەرین وەک هاورێ سەردەمی پێشمەرگایەتیی کاک هەژار و وەک یەکێک کە هەر لە دەورەی سەرەتای پێشمەرگەو پاشان لە کاتی چونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە بوون، باسی لە ئازایەتیی شەهید هەژار کرد کە لە کاتی شەهید بوونی شەهیدان کاک هەمزە سارتکەتیی وهاورێیانیدا چەندە بە وەرە بووەو توانیویەتی دەورو کاریگەریی لە وردان بە هاورێ و هاوسەنگەرانی هەبێ.

لە بەشێکی دیکەی کۆر یادەکە کۆمەڵێک شاعێری خاوەن هەڵوێست بە خوێندنەوەی شێعرو پەخشانەکانیان لەرێگەی وشەو هەستەوە هاوخەمی و پشیوانی خۆیان بۆ ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان راگەیاند. ئەو کەسانەی لەم کۆر یادەدا شێرو پەخشانیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە بەرێزان. عەبدوڵا حاجی، رەئوف گوڵبەدەنو هیوا شوانی.

شایانی باسە کۆتایی کۆر یادەکە بە پەیامی سەرەخۆشیی مامۆستا ڕەشیدی فەیزی نژادو بە خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بە دەنگی بەسۆزی بەرێزیانو بە هاورێیەتی ئامادەبوان کۆتایی پێهات.

# بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبەرپارتی بریتانیادا




هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، بەشداریی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیای لە شاری مەنچستەردا کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٣١ ی خەرمانان یەکەمین ڕۆژی کۆنفڕانسی پارتی کرێکارانی بریتانیا، لیبەر پارتی، بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە باڵوێزی وڵاتان، دەیان کەسایەتیی سیاسی، نوێنەری حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی جیهانو هەروەها حیزب دۆستەکانی ئەو پارتە، لە شاری مەنچستەری بریتانیا دەستی بە کارەکانی کرد.

کارەکانی بەشی نێونەوتەوەیی لیبەرپارتی بە بەشداریی ئین مەک نیکۆل، سکرتێری لیبەر پارتی و خاتوو جۆ بیلینگهام، بەرپرسی بەشی نێونەتەوەییو هەروەها سایمۆن جاکسۆن، بەرپرسی بەشی کاروباری سیاسیی ئەو حیزبە؛ دوای بەخێرهێنانی میوانان بە باسێک لەسەر دروشم و سیاسەت و دیپلۆماسی ئەو پارتەو ئاشکرا کردنی ڕاوبۆچوونی پارت لیبەر لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوخۆی وڵات دەستی پێکرد.

بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانس تەرخان کرابوو بۆ کۆبونەوەی بەشێک لەوەزیرەکان لە سالۆنی گشتی کونفرانسەکەو، لەو بڕگەیەشدا بەشێکی بەرچاو لە وەزیرانی حکومەتی سێبەر قسەیان کرد، کە یەکێک لەوانە داگلاس ئێلیکساندەر، وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە حکومەتی سێبەردا بوو.

هەر لە یەکەم ڕۆژی کاری کۆنفڕانس‌دا چەند پانێل و ۆرک شۆپێکی جۆراوجۆر بەڕێوەچوون کە لە ناویان دا دەکرێ ئاماژە بە کۆبونەوەی یەکیەتیی پێشکەوتن خواز بکرێ. ئەو ڕێکخراوەیە کە پێکهاتوو لە بەشێک لە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپان کە لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست جیابوونەتەوە؛ لە پانێلێک‌دا کە بۆ نوێنەرایەتی چەند وڵاتی وەک کانادا، ئوسترالیا، غەنا و سنتلوکا ڕێکیان خست، باسیان لە ئاڵوگۆری کەش‌و هەوا لە سەر گۆی زەوی کرد، ئەوە جگە لەوەی کە کێشە و گرفتی ئابووری، نەخوێندەواری و دەیان کێشەی دیکە کە لە ئێستا بەرۆکی بە خەڵکی ئەفریقا گرتووە، بوونە بەشێکی دیکە لە باسەکانی ئەو پانێلەو دواجار کۆبونەوەی حیزبەکانی دەستە خوشک بەڕێوە چوو.

شایانی باسە لەو کۆنفرانسەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات توانی چاوی بە بەشێکی زۆر لە نوێنەری حیزب‌و لایەنەکانی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بکەوێ‌و لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەدا وێڕای دیدار تازەکردنەوی هەیئەتی حیزبی لەگەڵ دۆستانی سوسیال دێموکراتی لە هەموو وڵاتانی جیهان، دوایین ڕووداوەکانی کوردستانیش لەگەڵ ئەو لایەنانە خرانە بەرباس.

# دیداری هەیئەتی نوێنەرایەتیی لایەنە کوردییەکانی بەشدار لە کۆنفڕانسی لیبەر پارتی لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیا

**هەیئەتی نوێنەرایەتیی لایەنە کوردییەکانی بەشدار لە کۆنفرانسی لیبەر پارتی لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیا کۆبوونەوە.**

لە پەراوێزی کۆنفڕانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیادا بەهەماهەنگی حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشدار لەو کۆنفڕانسەدا، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ « ئین لوکوس» ئەندامی پارلمانی بریتانیاو بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەلاتی نێوەراست و ئەفریقا لەوەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو، هەروەها «گاری کێنت» بەرپرسی گرووپی ئەندامانی پارلمان بۆ کاروباری کوردستان لە پارلمان ڕێکخرا.

لەم کۆبونەوەیەدا سەرەتا « ئین لوکوس» باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر سەردانی بۆ کوردستان‌و دیدار لە بنکەو کەمپ‌و قوتابخانەکانی کوردستان کە ئاوارەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیان لێ جێگیر کراوەو دیدار لەگەڵ سەرکرایەتیی کورد کرد.

لە چاوپێکەوتنەدا ئاکیف لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی قسەی کردو ئۆزدال ئوچەر ئەندامی پارلمانی تورکیەو ئەندامی حیزبی ئاشتی و دێموکراسی لەسەر ڕووداوەکانی تورکیەو سووریەو هەروەها هێرشەکانی داعش بۆ سەر خۆرئاوا و باشووری کوردستان دووان.

دوابەدوای ئەوان کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدار لە کۆنفڕانسی لیبەرپارتی، سەرەتا باسی لە کەمتەرخەمی‌و گوێنەدانە کرد کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواو بە تایبەت کاربەدەستانی بریتانیا دەرحەق بە ڕۆژهەلاتی کوردستان گرتوویانەتە بەرو هەموو ئاماژە و باسەکان لە چوارچێوەی داعش دا قەتیس ماونەتەوە، بەڵام ئێعدامی زیندانیانی سیاسی‌و ئەشکەنجەو مەینەتیی خەڵکی بێتاوان‌و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە جارن زیاتر بەردەوامەو حکومەتی ڕووحانی



هیچکام لە بەڵێنییەکانی نەهێناوەتە دیی.

کاک مستەفا شەڵماشی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕووحانی‌و کاربەدەستانی حکوومەتەکەی سیاسەتێکی دوو ڕوویانەیان گرتووە پێش، لە لایەک ڕوو بە دنیای دەرەوە سیاسەتی دیالۆگو وتووێژیان گرتووە پێش‌و لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوخۆی ئێران بە گشتی‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، سیاسەتی سەرکوت، ترس‌و تۆقاندیان کردووەتە ئامانج. لە ئێراندا هیچ شتێک نەگۆڕاوە، نە حکوومەت‌و سیاسەتەکانی‌و یاسا و ڕێسا دژی‌گەلییەکانی، تەنیا شتێک کە لەو وڵاتە گۆڕاوە، سەروچاوی کاربەدەستانی حکوومەتە، کە ئەویش بە تێپەڕینی کات ڕووی دزێویان بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەبێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات گوتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکی کورد لەهەموو بارێکەوە لەژێر فشار دایە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش گوشارەکان زیاتر دەبن.

شایانی باسە بەشداربووانی ئەم کۆبونەوەیە بریتی بوون لە هەیئەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، پارتی ئاشتی‌و دێموکراسی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

# بەشداریی نوێنەری حدک لە کۆنفرانسی « مافی بڕیاردان لە سەدەی ٢١دا، سکاتلەند و کاتالۆنیا»

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا بەشداریی لە کۆنفرانسی ‹مافی بڕیاردان لە سەدەی ٢١، سکاتلەند و کاتالۆنیا›دا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ ی ڕەزبەر سێ ڕێکخراوو گرووپی ڕێکخراوی نەتەوهو گەلانی بێ دەوڵەت (UNPO)، ئێئتلافی ئازادی ئورووپا (EFA)لەگەڵ ناوەندی ماوریتس کۆپیتێرس (CMC) کۆنفڕانسێکیان لە پارلمانی ئورووپا لە ژێر ناوی ‹ مافی بڕیاردان لە سەدەی ٢١دا، سکاتلەند و کاتالۆنیا› بەڕێوە برد.

لەو کۆنفڕانسەدا سەرەتا خاتوو گرین، نوێنەری «یو ئێن پی ئۆ» ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کورتە ئاورێکی لە چۆنیەتیی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەو گەلانی بێ‌دەوڵەت دایەوەو پاشان میوانەکانی ئەو کۆنفرانسەی بە بەشداران ناساند.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری



کۆنفڕانس‌دا ژۆزێف ماریا تریکابراس، ئەندامی پارلمانی ئورووپا وەک بەڕێوەبەری کۆڕەکە باسێکی هێنایە گۆڕێ.

لە پانێکی یەکەمی ئەم کۆنفرانسەدا کە لە ژێر ناوی مافی بڕیاردان لە تیۆری و کردەوەدا بەڕێوەچوو، دکتور دێ فەیترلە (Koen De Feyter) زانکۆی ئانتوێرپێنی بلژیک، دوکتور دیرک ڕۆختوس (Dirk Rochtus) لە زانکۆی لۆڤنی بلژیک، میکول ستروبێل (Miquel Strubell) لە زانکۆی ئۆبێرتای کاتالۆنیا، پرۆفیسۆر داوید مەککرۆنلە (David McCrone) زانکۆی ئێدینبورگ قسەیان کردو لە پانێلی دووهەمدا کە لە ژێرناوی ‹ چاوەڕوانی، ڕێگایەک بۆ دەرەوە‹ بەڕێوەچوو، ئێرنێست ماراگال (Ernest Maragall)، ئەندامی پارلمانی ئوروپا، گونترداون (Gunther Dauwn ) سکرتێری گشتی ناوەندی ماوریتس کۆپیتێرز، ڕۆلاند کۆست (Roland Coste) بەڕێوەبەری کابینەی وەزیری دەرەوەی ساڤۆی، مێرەین چامۆن (Merijn Chamon) زانکۆی گێنتی بلژیک، قسەیان تێدا کردو لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەشی پرسیار و وڵام بەڕێوەچوو. شایانی باسە کاوە ئاهەنگەر نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا کە بۆ ئەم کۆنفرانسە کە بانگهێشت کرابوو، بەشداریی لە باسەکانی ئەو کۆنفڕانسەدا کرد.

# کۆبوونەوەی کۆمیتەی نۆروێژی حدک لەگەڵ هێزو لایەنە کوردییەکانی ئەو وڵاتە

کۆبوونەوەیەکی هێزو لایەنە کوردییەکانی نیشتەجێی نۆروێژ بە بەشداریی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ ی خەرمانان بە میوانداریەتیی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بەشداریی کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب‌و بەرپرسی بەشی پێوەندیی هێزە کوردستانیەکان لە دەرەوەی وڵات کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان بۆ باس لە سەر گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە کورد گیرا.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا کاک خوسرەو قادری، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی حیزب لە نۆروێژ وێڕای خێرهاتنی نۆێنەری هێزولایەنە سیاسی‌یەکان مەبەستی لە گرتنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ بەشداران باس کرد. پاشان کاک حەسەن حاتەمی تیشکی خستە سەر ئاڵوگۆڕەکانی دوایی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی. هەروەها هێرشی داگیرکەرانەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی داعیش بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و پێویستی یەکیەتیی‌و یەکریزیی کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی لەم قوناغە هەستیارە دا.

دواتر هەرکام لە نۆێنەری هێزولایەنە کوردستانییەکانیش ڕاوبۆچوونی خۆیان هێنا بەرباس و زۆر بە گەرمیش سپاسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتیان کرد بۆ پێکهێنانی ئەم



کۆبوونەوەیە.

لەکۆتایی ئەم کۆبوونەوەیە دا، بەگشتی سەرجەم هێزو لایەنەکانی کوردی جەختیان لە سەر پەیوەندی پتەو و بەردەوام کردەوە.

شایانی باسە نوێنەرایەتیی ئەو حیزب و لایەنانە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەیان کردبوو کە بە خانەخوێی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو:

پارتی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان ( پ ک ک)، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان، حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دێموکراتی (پ‌ی‌د) و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

# بەشداریی شاندی کومیتەی ئەمریکای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفڕانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا

شاندێکی کومیتەی ئەمریکای حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆنفڕانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکادا کرد.

لەو کۆنفڕانسەدا کە لە ڕۆژانی ٥ و ٦ ی ڕەزبەردا بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوەچوو، نوێنەرایەتی گرووپ‌و لایەنە کوردییەکانی دانیشتووی ئەمریکا تێیدا بەشدار بوون‌و لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان شاندی کۆمیتەی حیزب پێکهاتوو لە کەماڵ باڵنوور و خەبات ئیبراهیم‌پوور بەشدارییان تێیدا کرد. ئەو کۆنفڕانسە کە ساڵانە بەڕێوە دەچێ بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی یەکساڵی ڕابردوو و دارشتی سیاسەت و گەڵاڵەی کاری ساڵی داهاتوو و هەروەها باس لە کۆڕانکاری و ڕووداوەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت.

لە ڕۆژی دووهەمی ئەو کۆنفڕانسەدا هاورێ کەمال باڵنوور، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وتارێکی پێشکەش کردو چەند



خاڵێکیشی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و تێکۆشانی حیزبەکانی ئەو بەشە هێنایە بەر باس.

باڵنوور باسێکی تێروتەسەلی لەسەر ڕەوشی خراپی کورد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هەروەها گرینگی دان بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی کورد و ڕێزگرتن لە سەروەری حیزب و ڕێکخراوی پارچەکانی دیکەی کوردستان هێنایە بەرباس‌و باسی لە تێبینییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی کرد.

# بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دیموکراتی دانمارک

هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دیموکراتی دانمارکدا بەسداریی کرد.

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی پارتی سوسیال دیموکراتی دانمارک ڕۆژەکانی شەممە و یەکشەممە، ٢٩ و ٣٠ ی خەرمانان هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و حوسێن حەسەن‌زادە، بەرپرسی کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕات بەشداریی کۆنگرەی ئەو حیزبەیان لە وڵاتی دانمارک کرد.

ئەو کۆنگرەیە بەیانی ڕۆژی شەممە بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی سوسیال دیموکرات‌و دەیان میوانی بیانی کە لە باڵیوزو نوێنەرایەتی حیزبە دۆستەکانی سوسیال دیموکراتەکان پێکهاتبوون، بە قسەکانی خاتوو هیلە تۆرنیگ شمیت، سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی حیزبی سوسیال دیموکراتی دانمارک دەستی پێکرد. ناوبراو وێڕای باسێکی گشتی لە سەر بارودۆخی ئەمنیەتیی جیهان، بەتایبەت ئاوڕی لە کێشەکانی عێراق‌و سورییەو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستەکانی داعش دایەوەو شێوەی بەشداری حکوومەتی دانمارک‌و پشتیوانی حیزبەکەی لە پرۆسەی



شەڕی دژی داعش، یەکێک لە باسەکانی سەرەکییەکانی سەرۆک وەزیران بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەدا چەندین وەزیرو کاربەدەستی حکومی‌و حیزبی وەک سەرۆکی کومیسیۆنی ئورووپا، وەزیرەکانی بەرگری، ئابووری و ژینگەی دانمارک‌و چەندین کەسایەتیی سیاسیی دیکە قسەو باسی خۆیان پێشکەش کردو دەرفەت بە میوانەکانیش درا بە نۆرەی خۆیان بەشداریی باسەکان بکەن‌و؛ وەزیری بەرگریی دانمارک باسی لە ڕۆڵ‌و دەوری وڵاتەکەی لە شەڕی دژ بە تیرۆر کرد و لەم باسەدا زۆر بەگرینگییەوە ئاوڕی لە وەزعی سووریە وعیراق‌و هەرێمی کوردستان دایەوە .

پاشان سەرۆک وەزیرانی دانمارک خاتوو هیله لەگەڵ میوانەکان دانیشت‌و وێڕای سپاس لە بەشداریی ئەوان، باسی سیاسەتەکانی دەوڵەتی دانمارک وڕوانینی حیزبەکەی سەبارەت بە هاوکاریی نێودەوڵەتی‌و بابەتە گرینگەکان‌و پێویستیی بەجێ گەیاندنی دەورو ڕەوڵی شیاوی لەم بوارانەدا کردو گوتی لە شەڕی دژی داعش‌و لە پەنای هێزی ناتۆدا حازرن لە هەموو بوارەکاندا نیزامی، ماڵی و مرۆیی دا ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنگرەی سۆسیال دێموکڕاتەکانی دانمارک‌دا توانی چەندین دیدار و چاو پێکەوتن لەگەڵ حیزبەکان‌و باڵیۆزی وڵاتانی جۆراوجۆری وەک عیراق، بریتانیا، لێهستان، ئارژانتین، مەراکۆ، سوئید، نۆرویژ، عەڕەبستانی سعودی، لیتوانی، ئۆگاندا، ویتنام، نیوزلاندو تورکییەو چەندین کەسایەتی‌و ئەندام پارلمانی دانمارک پێک بێنێ‌و لەسەر وەزعی ئێستای کورد بە گشتی زانیارییان بداتێ‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ بکا.

شایانی باسە کە باڵیۆزی چل ٤٠ وڵات‌و چەندین حیزب‌و کەسایەتیی سیاسی بانگهێشتی بەشداری لەو کۆنگرەیەدا کرابوون‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەم حیزبانەو تاکە حیزبی کوردی بوو کە بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە کرابوو.

**سەرنج بدەن!**

**« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو ڕاپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕاگەیەنەکانی حیزب دەگەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو بکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ ڕاپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.**

## ڕێژیم تێکهەڵچوون و بەرەنگارییەکانی ئەم دواییانەی داوەتە پاڵ سەلەفییەکان!



بەرەنگاربوونەوەکانی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شار و ناوچەکانی سنە، مەریوان، سەرواباد، دیوڵان‌و چەند ناوچەی دیکەش دەنگدانەوەی باشی هەبووە و بووە بە هۆی دڵگەرمیی خەڵک. خەڵک بە خۆشی و بە گەرم و گوڕییەوە باسی دەستوەشاندنی ڕۆڵەکانیان لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەکەن. بەڵام لە بەرامبەر دا، دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم، بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی حزووری پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستان دا، وای بڵاو کردوەتەوە کە ئەم تێکهەڵچوون و بەرەنگاربوونەوانە لە لایەن تاقمە سەلەفییەکانەوە بووە و ئەوان تەنانەت توانیویانە چەند کەسێک لەو تاقمانە بە دیل بگرن.

**لەیلاخ لە سنەوە**

## گەڕانێکی زانستی و مێژووناسی لە ناوچەی مەهاباد بەڕێوە چوو

ئەنیستیتۆی زمانی کوردیی سۆما بە هاوکاریی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی شوورای ئیسلامیی شاری مەهاباد، ڕۆژی هەینی ٢٨ی خەرمانان، گەڕانێکی زانستی و مێژووناسیی ڕێک خست. لەم گەشتە دا ٥٧کەس لە خوێندکاران و مامۆستایانی سۆما، بەشدار بوون. گەشتەکە لە کاتژمێر ٨ی بەیانییەوە تا ٨ی شەوی خایاند. ئەو شوێنە مێژووییانەی بەشدارانی گەشتە یەک ڕۆژییەکە سەردانیان کرد بریتی بوون لە: بەردەکونتێ (شوێنەواری سەردەمی مانایییەکان)،حەمامی مێژوویی لەج ، شوێنەواری سەردەمی شاسولەیمانی سەفەوی (ساڵەکانی ١٠٥٠ی کۆچی)، شوێنەواری مێژوویی فەقرەقا،ماڵی مامۆستا حەمەدەمینی شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمنی موکوریانی، مەزارگەی شاعیران و نووسەرانی مەهاباد. لە ماوەی گەشتەکە دا و لە هەر کام لەو شوێنانە، کەسانی شارەزا وخاوەن زانیاری ، وتار و بابەتیان پێشکەشی هاوسەفەران دەکرد. بەشداران کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاریشیان لە ئاکامی سەردانی مەیدانیی شوێنەوارەکان لە لا گەڵالە بوو کە بڕیاریان دا بۆ پارێزگاری لە مانەوەی ئەو شوێنانە، بیخەنە بەر سەرنجی دەزگا و دامەزراوە پێوەندیدارەکان.

## ناکۆکیی نیروی انتظامی و سوپاو بەسیج
## لە میرەدیی سەقز تەقە و پێکهەڵپڕژانی لێ دەکەوێتەوە

چەند ڕۆژ لە مەو بەر لە نیوان نیروی ئینتزامی و سپای پاسدارانی میرەدێ شەر و پیک دادان روو دەدات کێشەکەبەمجۆرە دەبێ لە میرەدێ بیجگە لە سپا و بەسیج کە بنکەی خۆیان لە ناو ئاوایی دا هەیە لە نزیک ئاواییش پاسگایەکی قەدیمیی زەمانی شا هەبوو کە ئیستە نیروی ئینتیزامی تیدایە. ماویەک لەمەوبەر فەرماندەی نیروی ئینتزامی دەگۆرێ و یەکی تازە دینتە جێێ،ئەو کەسانەی سەر بە بەسیج و سپان زیاتر خەریکی کاری قاچاخ وقۆلبرینی خەلکن .فەرماندەی تازەهاتووی ئینتیزامییش بە خەیاڵی خۆی دەیهەوێ کاری قاچاخ کۆنترۆل بکات و تەزەکوریان دەداتێ ئەوانیش پێێ دەلین لێرە ئەو کارەت پێ ناکرێ چونکە ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن خۆیان بەسیجن. شتەکە بە دەمەقالە کۆتایی دیت و دوایی چەند رۆژ لە لایەن فەرماندەی نیروی ئینتیزامی قسە بە یەکیک لەو بەسیجیانە کە کاری قاچاخ دەکات دەوتریت، ئەویش دەچیتەوە ئاوایی وبەسیج و سپا ئاگادار دەکات و دەچن دەرکە بە نیروی ئینتیزامی دەگرن و تەقە ساز دەبێت و لە نیوە دا دوو کەس لە بەسیج بە ناوەکانی مستەفا جەلالی و رەحمانی کوری عومەر بریندا دەبن کە ئیتسە لە نەخۆشخانەی سەقزن. ئیستەش کێشەکەیان گەیشتوەتە دامودەزگاکانی پەیوەندیدار لە سەقز .

## ئەوجاش‌و بەسیجییانەی چەکو کارتەکەیان تەحویل بدەنەوە، بۆ شەڕی سوریەیان دەنێرن!



دەنگدانەوەی چالاکییەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حزووری هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵک دا، لە لای خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە بە هۆی دروستبوونی هیوا لە لای ئەو کەسانەش کە چەکی جاشەتیان پێیەو کارتی بەسیجیان لە گیرفان دایە، ترس و نیگەرانیی دروست کردوە. لەم ڕۆژانە دا ژمارەیەک لە جاشەکان، چووبوون تا چەکەکەیان تەحویل بدەنەوە. هێندێک لە بەسیجییەکانیش ترسیان ڕێنیشتوەو دەیانەوێ لە بەسیج بێنە دەر. بەڵام لە گەڵ هەڕەشەی سوپاو بەسیج بەرەوڕوو بوون و پێیان وتوون کە ئەگەر چەکو کارت تەحویل بدەنەوە، دەیانبەن بۆ شەڕی سووریە.

**ژێکاف لە مەهابادەوە**

## سەرلەنوێ پارازیت خرایەوە سەر کوردکاناڵ

دوابەدوای تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی ڕێژیم، جارێکی دیکە پارازیت خرایەوە سەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە تایبەتی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ. بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو تێکهەڵچوونانە لە کوردکاناڵ، بووە هۆی ئەوە خەڵک بە تامەزرۆییەوە بۆ دیتنی بەرنامەکانی ئەو تەلەڤیزیۆنە دابنیشن. بە تایبەتی کە لەو تەلەڤیزیۆنەوە لاوەکان بۆ هاتنە نێو ڕیزەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگێشت دەکران. نیگەرانی لەم پێشوازییە گەرمەی خەڵک لە کوردکاناڵ و چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وای لە کاربەدەستان و دامو دەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکان کرد لە هێندێ لە شارەکان پارازیتی بە هێز بخەنە سەر تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ.

**ڕێبوار لە مەهابادەوە**

## پاداش لە بەرامبەر تەحویلدانەوەی دەزگای ماهوارەدا!



سپای پاسداران و حەوزەی بەسیج تەرحێکیان دیاری کردوە بۆ کۆ کردنەوەی ماهوارە. لە تەرحەکەدا هاتوە کە هەر هاوشارییەک بە ویستی خۆی ماهوارەکەی تەحویل بداتەوە ،لە بەرانبەر دا، دەزگایەکی گیرەندەی دیجیتاڵ کە کاناڵە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی وەردەگرن، وەک پاداش پێیان دەدرێ. لەم بارەیەوە پوستێر و ڕێکلامی زۆریشیان لە شوێنە گشتییەکانی شاردا بڵاو کردوەتەوە. بەڵام هیچ نیشانەیەک لەوە دیار نییە کە خەڵک پێشوازی لەم موعەمەلەیە بکەن.

**سالار لە کامیارانەوە**

## کاردانەوەی زەبری پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی بەربنە

پاسگا و پایگاکانی ناوچەی بەربنەی پیرانشار، بە تایبەت پاسگای سێڵوێ بەردەوام خەریکی ئازار و ئەزیەتی هەوارچییەکان و کاسبکارانی ناوچەن‌و لە کەمیندانانەوە و ڕێگری و ڕاوڕووتی خەڵک ماندوو نابن. بە ناوی پێشگیری لە هێنان و بردنی کەلوپەلی قاچاغ دەست بە سەر بار و مەڕ و مالاتی خەڵک دا دەگرن. بۆ وێنە لە یەک ساڵی ڕابردوو دا، نزیک بە ٢٠٠ سەر مەڕی خەڵکیان لەو پاسگایە کوشتووەتەوە و خواردوویانە و بە دەیان سەر ئەسب و ئێستری خەڵکیان لە بەرچاوی خاوەنەکانیان کوشتوە. هەر بۆیە دوای دەست وەشاندنی شەوی ٤ی ڕەزبەری پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمینی هێزە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە کە کوژراو و برینداربوونی چەندین بەکرێگیراوی لێکەوتەوە، بووە هۆی خۆشحاڵیی لە ڕادەبەدەری خەڵکی ئەو ناوچەیە و هەر کەس دەگەیشتە ناسیاوی خۆی بە خۆشی وپێزانیەوە، هەواڵەکەی بۆ دەگێڕایەوە.

**هێمن لە پیرانشارەوە**

## لە عەوڵابادی ناوچەی بۆکان کەسێک بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا



کەسێک بە ناوی ڕەحمان خەڵکی ئاوایی عەوڵابادی بۆکان کە نزیک بە ٤ ساڵ بەر لە ئێستا کەسێکی زاخۆرانی نزیک سائینقەڵای لە سەر کێشەیەک بە چەک کوشتبوو، دوانیوەڕۆی ٦ی ڕەزبەر لە نێو ئاوایی عەوڵاباد کەوتە بەر دەسرێژی مەئموورانی ئیتلاعات کە بە لیباسی شەخسییەوە لە ناوچەکە دا دەخولانەوە. ڕەحمان نزیک بە ٤ ساڵ بوو بە شاخ و چیاکانەوە بووولە ترسی گیران‌و تۆڵە لێ ستاندنەوە بە قاچاغ و بە شێوەی یاغی دەژیا.

**ڕزگار لە بۆکانەوە**

## دیسان کوشتنی لاوان، ئەمجارەیان لە مەرەخێڵی هەورامان

ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٣ پۆلێک لە لاوانی عەشیرەتی ئێناخی کە بۆ گەشت و سەیران ڕوویان لە ئاوایی مەرەخێڵ کردبوو، لە نەکاو لە لایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو لە ئاکامی ئەم هێرش و تەقەلێکردنەی سوپای پاسداران دا، لاوێک بە ناوی پێدرام محەممەدی کوڕێ نەوشیروان لە دایکبووی ساڵی ١٣٧٥، گیانی لە دەست دا. پێنج کەسی دیکەش گیران و ڕەوانەی جوانڕۆ کران.

**سۆران لە هەورامانەوە**

**دریژەی: هەواڵ‌و ڕاپۆرت**

# بەڕێوەبردنی سێمینارێک لەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری کورد



یەکیەتیی نەتەوەی خۆێندکارانی کورد سمینارێکی زانستیی لە سەر بزووتنەوی خوێندکاری کوردی‌و تایبەتمەندییەکانی بەڕێوە برد. ئەم سمینارە پێش نیوەڕوی پێنجشەمە ٩٣/ ٧/٣ بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەو کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سامان فەقی نەبی و میدیا بایزید پوور، دوو ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوە برد.

لە پانێلی یەکەمدا سامان فەقی نەبی، چالاکی خوێندکاریی کورد لە سەر کاریگەریی توێژی خوێندکار لە سەر جووڵانەوەی رزگاریخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کرد. لە سەرەتادا ناوبراو وێڕای ئاماژەیەکی خێرا بە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران باسی لە سێ ڕەوتی زاڵ بە سەر ئەم بزاڤە نوێیە لە ساڵەکانی دەسپێکی شۆڕشی نوێی خوێندکاری لە دەیەکانی ٣٠ و ٤٠ هەتاوی کرد، واتا بیری نەتەوەیی، بیری چەپ و ئیسلامی بە سەر کۆمەڵگای ئەو دەمی ئێراندا. لە پانێلی دووهەمی ئەو سمینارەدا دا میدیا بایزید پوور باسێکی لە سەر ڕەوتی خوێندکاری لە ڕادیکاڵیزمەوە بۆ موحافزەکاری کرد. بایزیدپوور گوتی بزووتنەوەی خوێندکاری جیاوازی سەرەکی لە گەڵ بزووتنەوەکانی تردا ئەوەی کە لایەنگری هیچ لایەن و دەسەڵاتێکی تایبەت نییەو هەر ئەمەش هۆکاری ڕادیکاڵ بوونی ئەم بزاڤەیە. ناوبراو گوتی لە ئێران بزووتنەوەی خوێندکاری لە ساڵی ١٣٧٦ هەتاوی بەو لاوە زۆر سینفی‌تر و ئارامتر بووەو لە حاڵەتی ڕادیکاڵ بوون دەرچووە.

لە دواییدا بایزیدپوور گوتی ئێستا لە ئێران‌دا سەرەڕای فشاری زۆر لە لایەن حاکمییەتەوە ڕەوتی ڕادیکاڵی لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا زیاترە. ناوبرا لە دوایین بەشی قسەکانیدا ویرای رەخنە گرتن لە خەباتی مەدەنی رفۆرمیستانە گوتی کە خەباتی مەدەنی ریفۆرمیستانە و دوور لە توندوتیژی، زاڵم لە بەر چاو ناگرێ و بە نیسبەت کردەوە دیکتاتۆریەتییەکانی چاو پۆشی دەکا و دەبێت خویندکاران بۆ سەردەمی رادیکاڵ بوونی خۆیان بگەڕێنەوە. شایانی باسە دوایین بەشی ئەم سمینارە تەرخان کرابوو بە تێبینی و پرسیاری بەشدار بووان کە لە لایەن هەردوو کورگێڕەوە وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕێک بۆ باسێک لە « عیرفان لە شێعری مەلای جزیری‌دا»



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی بۆ دوکتور محەممەد ڕاوەندی لە ژێر ناوی « عیرفان لە شێعری مەلای جزیری‌دا» بەڕێوە برد.

لەو کۆڕەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢ ی ڕەزبەر بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگە ئەدەبدۆستەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو، دوکتور محەممەد ڕاوەندی سەرەتا باسێکی لەسەر فەلسەفەی بیرکردنەوە لە نێوان مرۆڤی سەیرکەرو مرۆڤی ئەکتەر کردو ئەو باسەی گرێداوە بە ڕابوونی پێشمەرگەو ژیانی پڕ واتاو ئەویندارانەی پێشمەرگە.

باس لە عیرفان‌و لایەنە جۆراوجۆرەکانی عیرفان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی دوکتور محەممەد ڕاوەندی بوو. بەڕێزیان لەو بەشە لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی عیرفان هەم دەتوانێ تەخدیر بکاو دروستکەری سستی‌و خەمساردی بێ، هەم ئەوەی کە دەتوانێ ڕاسان‌و ڕابوونی لێبکەوێتەوەو ئەگەر دەمانەوێ بگەین بەو پەڕی شکۆو مەزنی، دەبێ ئەویندار بین‌و بۆ ئەوینمان بژین.

دوکتور محەممەد ڕاوەندی پاشان هاتە سەر شیکردنەوەی عیرفان لە بەیتە شێعرێکی مەلای جزیری‌داو بە تەسەلی لەسەر ئەو بابەتە بۆ بەشداران دواو لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەش‌دا کۆمەڵێک لە بەشداران بە ڕاو سەرنجی خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.

# درێژەی: پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە

هەر لەم ڕوانگەیەوە هەموو هەوڵی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە خەبات دژی ستەم‌و سەرکوت‌و تێکۆشان لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکتر بکەینەوە. ئێمە پێمان وایە ئەگەرخەباتێکی جیددی لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە نیو دڵی کۆمەڵانی خەڵکەکەمان‌دا، وەڕێ نەخرێ، نەک بێبەشیی خەڵکی کوردستان لە سەرەتاییترین مافەکانیان هەروا درێژەی دەبێ، بەڵکوو ئەو سەرکوت‌و دەستدرێژی‌و تاوانانەی ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی خەڵکی ئێمەی کردوونەوە، ڕوو لە زیادبوون دەکەن.لە ژێر ڕووناکایی ئەم تێگەیشتنەدا، ڕۆڵە تێکۆشەرو بەهەڵوێستەکانی نەتەوەکەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دڵگەرم بە پشتیوانیی حیزبی ئێمە لە ژێر ناوی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»دا، هاتوونە مەیدان.پەیامی ئەو ڕۆڵە نیشتمانپارێزانە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،ئەوەیە کە لە ئاست ستەم‌و بێمافی‌و سەرکوت‌و دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمەو دامودەزگا جۆراوجۆرەکان‌و بەکرێگیراوەکانی بەرامبەر بە خەڵکەکەمان،بێدەنگ‌و بێهەڵوێست نابن. پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لە پلەی یەکەم‌دا وریایی‌و ئامۆژگاری دەدەن بە هەموو ئەو کەسانەی هاوکارو هاودەستی پیلانەکانی ئەو ڕێژیمە دژی خەڵکەکەمان و بزووتنەوەی کوردستانن. بانگەوازیان دەکەن دەست لە دژایەتیی نەتەوەکەیان هەڵ بگرن،کۆتایی بە کوشتن‌و ڕاوڕووتی خەڵکی زەحمەتکێش بێنن،بە بازرگانیکردن‌و بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان نەبنە هۆی ڕۆژڕەشیی لاوەکان.کێشەو سەرئێشە بۆ کەسانێک دروست نەکەن کە پشتیوانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی‌و، دلسۆزی زمان‌و کولتوورو شوێنەوارە کۆنەکان‌و ژینگەی کوردستانن.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

بە خۆشییەوە هەڵسووڕان‌و چالاکییەکانی چەند حەوتووی ڕابردووی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لەپارێزگەو ناوچەجیاوازەکان‌و،بەرگری‌لە خۆکردنی پێشمەرگانەیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کەمین‌و هێرشی هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، لە گەڵ پێشوازیی گەرمی ئێوە بەرەوڕروو بووەو هیوای نوێی خولقاندوە. ئێمە ڕێز لەو پێشوازییەتان دەگرین‌و شانازیی پێوە دەکەین. ڕۆڵەکانتان هەر وا کە نیشانیان داوە ئامادەن بە شانازییەوە نرخی بەردەوامیی خەباتی جیددی لە نێو خەڵک‌و لە سەرخاکی خۆیان بدەن. داواو چاوەڕوانیشیان لە ئێوە خەڵکی مافخوازی کوردستان ئەوەیە بە پشتیوانیی ماددی‌و مەعنەویی خۆتان لە ڕۆڵەکانتان‌و لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاندەری بەردەوامیی ئەو حوزوورو چالاکیانە بن.

**خەڵکی دیموکراتپەروەرو پێشمەرگەپارێزی کوردستان!**

لە جێژنی قوربان‌دا، وەبیر خۆتانی بێننەوە کە نەتەوەی کورد بە گشتی‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، نموونەی هەر دیاری قوربانیدان لە پێناوی سەربەستی‌و سەربەرزی‌و ئامانج‌و باوەڕی حەقخوازانەن. ٢٥ ساڵ لەمەوبەر د. قاسملووی ڕێبەرمان، لە ئاستانەی جەژنی

**هەموو هەوڵی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە خەبات دژی ستەم‌و سەرکوت‌و تێکۆشان لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکتر بکەینەوە. ئێمە پێمان وایە ئەگەرخەباتێکی جیددی لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە نیو دڵی کۆمەڵانی خەڵکەکەمان‌دا،وەڕێ نەخرێ، نەک بێبەشیی خەڵکی کوردستان لە سەرەتاییترین مافەکانیان هەروا درێژەی دەبێ،بەڵکوو ئەو سەرکوت‌و دەستدرێژی‌و تاوانانەی ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی خەڵکی ئێمەی کردوونەوە،ڕوو لە زیادبوون دەکەن**

قوربان‌دا، بە دەستی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی شەهید کراو گیانی خۆی لە سەر داواکردنی مافەکانی نەتەوەکەی کردە قوربانی.ئەوا ئەمساڵیش،ڕۆڵە نیشتمانپارێزەکانی ئێوە، لە بەرەبەری جیژنی قوربان‌دا، مەشخەڵی بەرخۆدانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشاندوەتەوەو قوربانی‌و شەهیدی بەنرخی وەک پێشمەرگەی لێهاتوو هەژار قاسمییان پێشکەشی بارەگای حەق‌و ئازادی کردوە. ئێمە لە ڕۆژی جیژنی پیرۆزی قوربان‌دا، پابەندیی خۆمان بە پەیامی ئێوە کە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان‌و خۆتەرخانکردن بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی جیددی لە نێو خاک‌و خەڵکی خۆمان دایە، ڕادەگەیەنین.هیوادارو دڵنیاشین کە بە پشتیوانی‌و هاوکاریی هەموو لایەنەی ئێوە دەتوانین بەڵێنی خۆمان بەرینە سەر.

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا وێڕای پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە هەموو موسوڵمانانی کوردستان‌و جیهان،بۆ نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سەرکەوتن بە سەر شەڕخوازان‌و تیرۆریستان‌و دوژمنانی سەربەستی‌و مافەکانی‌داو،بۆ دوژمنان‌و بەدخوازانی ئەم نەتەوەیەو پرسە ڕەواکەی، شکان‌و سەرشۆڕی بە ئاوات دەخوازین.

**جارێکی دیکە جێژنی قوربان لە هەموو لایەک پیرۆز.**

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢**

**٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤**

# ڕاگەیەندراو لەبارەی زنجیرەیەک تێکهەڵچوون لە ناوچەکانی پارێزگای ورمێ

به ئاگاداریی خەڵکی کوردستان، میدیاکان‌و هەموو هۆگران و دلسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگەیەنین کە لەچەند حەوتووی ڕابردوو دا،»پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» کە سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانن، لە ڕەوتی کار وچالاکیی خەباتکارانەی خۆیان لە قووڵایی ناوچەکانی پارێزگای ورمێ دا، لە گەڵ زنجیرەیەک کەمین‌و هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون. ڕۆڵەکانی دیموکرات، وێڕای بەرگریی قارەمانانە لە خۆیان‌و تێکشکاندنی کەمین‌و هێرشەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، ژمارەیەکیشیان لێ کوشتوون‌و بریندار کردوون کە ئاماری وردیان بۆ ئێمە ڕوون نەبۆتەوە.

لە یەکێک لەو تێکهەڵچوونانەدا لە قووڵایی دەشتی شنۆیە، پێشمەرگەی قارەمان‌و تێکۆشەری بەوەجی ڕیزە ئاشکراکانی حیزب، هاوڕێ هەژار قاسمی، خەڵکی مەهاباد، بە داخێکی گرانەوە شەهید بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبوونی پێشمەرگەی ئازاو کۆڵنەدەر، ڕۆڵەی لێهاتووی سەنگەرەکانی بەرگری‌و، تێکۆشەری خۆشەویست‌و ماندوویی نەناسی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان، هاوڕێ هەژار قاسمی، سەرەخۆشیی گەرمی خۆی پێشکەشی بنەماڵە سەربەرزەکەی، هاوسەنگەرانی‌و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا. هەر لەو کاتە دا دەسخۆش‌و ماندوونەبوون بە هەموو ئەو پێشمەرگەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە دەڵێین کە بە هەڵسووڕان‌و چالاکییەکانیان لە ڕیزی »پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»دا، هیواو گیانی خۆراگری‌و بەرخۆدانیان لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بووژاندوەتەوە.

خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان‌و پشتیوانانی ڕاستەقینەو تاسەری حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی بە هێزی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»و تێکڕای تێکۆشەرانی دیموکرات، ناوو یادی نوێترین شەهیدی ڕیزەکانی خۆیان هەژاری قاسمی‌و ڕێگای پڕشانازیی قارەمانانی شەهید: هەمزە سارتکەیی، شێخ غەریب حەسەنی، قادر نەزمی، قادر قادری، محەممەد نەدیمی‌و بێهرووز ڕەزا نەژاد، بەرزو زیندوو ڕادەگرن. هەر وەک بەڵێنیشیان داوەو بە کردەوە سەلماندوویانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەنەوە بە گۆڕەپانی بەرەنگاری لە گەڵ ستەم‌و زۆرداری‌و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی



کوردستان. لەم بارەیەشەوە بە هاوکاری‌وپشتوانیی بێدریغی کۆمەڵانی خەڵکەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دڵگەرم‌و پشت ئەستوورن. ئێمە گومانمان نییە کە لاوانی وشیارو بە هەلویستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناهێڵن سەنگەری هەژار قاسمییەکان‌و شەهیدانی سەربەرزی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،چۆل بمێنێتەوەو بە هاتن بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگەو بەشداری لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان دا، بە زوویی جێگایان پڕ دەکەنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی هەژار قاسمیی قارەمان، نوێترین سیماو سەمبولی خەبات‌و خۆراگریی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بۆ پێشەوە تا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی شەهیدان.**

**کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٤ی ڕەزبەری١٣٩٣**
**٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٤**

# ناوی ٥ کوژراوی تێکهەڵچوونەکەی ناوچەی بەربنەی پیرانشار ڕوون بۆوە

لێپرسراوی میدیایی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی ٥ کوژراوی تێکهەڵچوونەکەی ناوچەی بەربنەی پیرانشاری ئاشکرا کرد.

لە ڕاگەیەندراوێکی نوێی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتووە کە هەر وەک پێشتر ڕامان گەیاندبوو، شەوی (٣ لە سەر ٤ی ڕەزبەر)، دەستەیەک لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتی گەشت‌و گەڕانی خۆیان لەنێو خاک‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێشتمان‌دا، لە نیوان گوندەکانی زێوکەو ماشکان لە ناوچەی بەربنەی پیرانشار، لەگەڵ کەمینی پاسدارو جاشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون. ئەم چەکدارانەی ڕێژیم کە کاری هەموو شەوێکیان ڕاوڕووتی کاسبکاران‌و کۆڵبەران‌و کوشتنی خەلکی زەحمەتکێشە، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دایە بەر دەسڕێژ، بەڵام هاوڕێیانمان بە گورجی لێیان وەدەست هاتن‌و بڕیاریان دا لە هەڵمەتێکی پێشمەرگانەو هەلۆئاسادا، هەم تۆڵەی نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاری، هەژار قاسمیی هاوسەنگەریان بکەنەوە، هەم دەرسێکی وا بەو مرۆڤکوژ و چەتەو ڕێگرانە بدەن کە جارێکی دیکە نەوێرن وا بە هاسانی بچنە سەر ڕێی خەڵک. لێپرسراوی میدیایی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی ئەو پاسدارو بەکرێگیراوە کوژراوانەی ڕوون بوونەوە بەم جۆرە ڕاگەیاندوە:

١- حەیدەر زولفەقاری کە دەگوترێ فەرماندەی یەکێک لە پایەگا نیزامییەکانی ناوچەی لاجانە. ٢- شاهین کەریمی ٣- کەریم عەلیزادە ٤- عەلی قوڵیزادەو هەروەها لە نێو کوژراوەکان دا شاهین ناوێکی دیکە هەیە کە شۆرەتەکەی نەزانراوە.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕەکانی سەر بە دەزگای ئیتلاعات و سوپای پاسداران، دانیان بە کەمین دانانەوەی هێزەکانی خۆیان لە ناوچەی بەربنەی پیرانشار بۆ پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا ناوە و باسی «تێکهەڵچوونی سەختی چەندین سەعاتە»یان لە



نێوان زیوکەو ماشکان‌دا کردوە، بەڵام ئاماری کوژراوانی خۆیان لە خەڵک شاردوەتەوە.

**برینداربوونی ئەفسەرێکی ڕێژیم لە تێکهەڵچوونەکەی بانەدا**

بە هاندان و دڵگەرمیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوچەی بانە، دەست لە چەکدارە چەتەو ڕێگرەکانی ڕێژیم وەشێندرا.

سەعات ١٠ی شەوی سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٨ لە سەر ٩ی ڕەزبەر ژمارەیەک لە کاسبکارانی ناوچەی بانە لە بەرزاییەکانی شابەدین‌و لە تەنیشت ئاوایی گۆماو، بە سەر دەستەیەک چەکداری ڕێژیم دا دەکەون کە بۆ دەستبەسەرداگرتنی باری کاروانچییەکان کەمینیان دانابۆوە. کاروانچییەکان کە پێشتر بڕیاریان دابوو بەرگری لە گیان و ماڵی خۆیان بکەن، هەر لەگەڵ یەکەم دەستڕێژی چەکدارەکانی ڕێژیم، وەدەست دێن‌و بە چەکی شەخسیی خۆیان، تەقە لە ئاوری بەرامبەر دەکەنەوەو لە ئاکامی ئەو بەرگرییەی کاروانچی‌و کاسبکاران دا، چەکدارە ئینسانکوژو ڕێگرەکانی ڕێژیم ناچار بە ڕاکردن‌و دوورکەوتنەوە لە شوێنی تێکهەڵچوونەکە دەبن.

لێپرسراوی میدیایی پاریزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ لە ئاکامی بەرگریکردنی کاروانچییەکان‌دا، سەردەستەی ڕێگرەکان بە ناوی سەروان فەتحی بریندار بووە.

شایانی باسە لە چەند حەوتووی ڕابردوو دا، تیمەکانی هێزی تازە دامەزراوی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چەندین ناوچەی کوردستان، کەمین‌و ڕێگریی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییان تێک شکاندوەو زەبری گەورەیان لەو بکوژانەی کۆڵبەران‌و کاسبکارانی کوردستان وەشاندوە. هەر ئەم زەبرانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئامادە بوونیان لە ناوچەی جۆراوجۆر، بووە بە مایەی هیواداری‌و دڵگەرمیی خەڵک بە جۆرێک کە لە زۆر ناوچە کاسبکاران و کاروانچییەکان بڕیاریان داوە لەمەودوا بەرگری لە خۆیان بکەن و لە ئاست کوشتن‌و بریندارکردنی خۆیان و دەستبەسەرداگیرانی بار و ماڵی خۆیان، بێ‌هەڵوێست نەبن.

# گریمانە هەڵەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات مێحوەری و خەباتی چەکداری

## (چەند قسەیەک لەگەڵ هێندێک لە ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنی)



ئاسۆی حەسەن زادە

ئەو زنجیرە تێکهەڵچوونە خوێناوییەی مانگی خەرمانان و سەرەتای مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ لە چەندین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەنێوان پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕووی دا، بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاریی بارودۆخی گشتیی ناوچە و جوغرافیا و قەبارەی تێکهەڵچوونەکان ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی پێشتر نەدیتراوی بەخۆیەوە دی. ئەم دەورە نوێیە لە خەباتی مەیدانیی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانکە هێندێک کەس بە «٤٧-٤٦ یکی دیکە»ی ناوزەد دەکەن و بە هێندێک مەرج دەتوانێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخانی ڕەوڕەوەی خەباتی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرنج و تێڕامانی زۆر لە ڕووناکبیران و چالاکانی نێوخۆ و ئەندامان و لایەنگرانی لایەنە سیاسییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

ئەو پرسیار و بۆچوون و شرۆڤانەی سەبارەت بە چەند و چۆنی و بەستێن و ئاکامەکانی جموجۆڵی ئەم دواییانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نیشتمانپەروەران و وڵاتپارێزانی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا خراونەتەڕوو، بەدەوری دوو چەمکی سەرەکی‌دا دەخولێنەوە: یەکەمیان بریتییە لە «ڕۆژهەڵات مێحوەری» کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی رابردووەوە وەک پرەنسیپێکی کاری بۆ ئەولەوییەت سازی لە ئاجێندای خەباتگێڕانەی خۆیدا زەقی کردۆتەوە.دووەمیشیان خودی خەباتی چەکدارییە کە چاوەدێران جموجۆڵ و تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لەو خانەیەدا لێک داوەتەوە و خوێندنەوەیان بۆ کردوە.

ئەم دوو چەمکە لەگەڵ هەموو پێوەندیی نێوانیان، لە یەک ئاستی ئانالیزدا جێ ناگرن: یەکەمیان بنەمایە و ئامانج دەستنیشان دەکا، لەحاڵێکدا دووەمیان ڕێکارە و ئاکام دەبەخشێ. ئەگەر ڕۆژهەڵات تەوەری بەو بنەما گشتییە دابنێین کە لە سەردەمی چڕبوونەوەی ناوەندی بارستایی مەسەلەی کورد لەسەر باشووری کوردستاندا هەوڵ دەدا بە پشتبەستن بە گوتارێکی تۆکمەی جەماوەر ڕێکخەر، ڕووگە و ئاقاری ستراتژیک بخاتەوە بەردەم خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوا خەباتی چەکداری دەبێ وەک ئالیەتێک و تەنیا وەک یەکێک لە ئالیەتەکانی بەکردەیی کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری چاو لێ بکەین. لەو شوێنەدا کە ڕۆژهەڵات تەوەری جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر نەخشەی بزووتنەوەی

> **هەڵە دەبێ ئەگەر پێمان وابێ بۆ سەرکەوتنی یەکێک لە بەستێنەکانی خەبات دەبێ بەستێنەکانی دیکە بخەوێندرێن**

کورد بە گشتی و کارتێکەری و چاوەڕوانیی نێوان ئەم پارچەیەی کوردستان وپارچەکانی دیکە،و خۆناساندنەوەی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جیهانی دەوروبەر و دەرەوەی خۆی دەگرێتەوە، خەباتی چەکداری پێوەندیی بە دینامیزمی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و لە ڕیزی ئەو تاکتیک و ڕێکارانەدا جێ دەگرێ کە نێوەرۆک بە ڕۆژهەڵات مێحوەری دەبەخشن و خوردی دەکەنەوە. هەربۆیە ئەوەی لێرەدا بایەخ و گرینگی پەیدا دەکا ئەوەیە کە بەلەبەرچاوگرتنی فرە ڕەهەندی و فرە بەستێنیی ئەم بزوتنەوەیە،پێ بە پێی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، فاکتەرە عەینی و زەینییەکانی بەرجەستەکردنەوەی هەرکام لە ڕەهەندەکانی ئەم خەباتە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەستنیشان بکرێن و کارکردی جیاوازی ئەکتەرەکانی نێو بزوتنەوەش هەر لەسەر ئەم بناغەیە هەماهەنگ بکرێ.

حزووری بەرچاو و بەربڵاوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەنێو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا و جموجۆڵ و چالاکیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێشوازیی زۆر گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەوڕووبۆتەوە و لە دەرەوەی ئەم ڕووبەرە سەرەکی و واقیعییەی خەباتیشداگیانی شۆڕش و بەرخۆدانی بەدەر لە دابەشبوونە سیاسی و حیزبییەکان زیندوو کردۆتەوە. بەڵام لەنێو توێژی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی وڵات و ڕووناکبیرانی دەوروبەری حیزبەکاندا هێندێک کەس لەلایەک بەگومانبوونی خۆیان لە بەجێبوون و بەوەخت بوونی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ناوچەدا نیشان داوە. لەلایەکی دیکەشەوە،وێڕای بردنەژێرپرسیاری تەبایی ئەم جموجۆڵانە لەگەڵ سیاسەتەکانی پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبواری چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد و پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی هەنگاو بە هەنگاویش بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کورد لە ئێران، نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ لێکەوت و کاردانەوەی نەرێنیی ئەم چالاکی و جموجۆڵانە بۆ سەر خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دەربڕیوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەجێبوون و بەوەخت بوونی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە کە بابەتێکە لە خانەی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات مێحوەری‌دا وڵام وەردەگرێتەوە، حاشای لێ ناکرێ کە سیناریۆی ئیدەئال ئەوە بوو کە نەک هەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو سەرجەم هێزەکانی سەرتاسەری کوردستان بەیەکەوە بەرنامە و ئاجێندایەکی هاوبەش و هەماهەنگی خەبات بۆ بردنەپێشی مەسەلەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دابڕێژن و وەک یەکیش لە بەشی خۆیان باج بۆ هەر هەمووی بدەن. ئێستا کە بەڵام ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە و نالێکییە دەروونیەکانی نێو بزوتنەوەی کورد ئەم دەرفەتە نادا، لێرەدا تەنیا بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بڵێین چیدیکە نە ڕەوایە و نە تەنانەت لە قازانجی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشدایە کە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا پەک بخرێ. بەپێچەوانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی مەسڵەحەتی بردنە پێشی سەرجەم مەسەلەی کورد و پێویستیی پەرەپێدانی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و ئەزموونێک کە هێزەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ڕۆژانی سەختی خەبات و یاغیبوونیان لە نەزمی مەوجوودی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیانە، هەق وایە فیداکاری و پشتیوانییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکانی دیکە مژارێکی دوولایەنە بێ، نەک ئەوە کە پرسی کورد لە پارچەیەکی کوردستان لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بچێتە پێش. حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەلومەرجی نوێی ناوچە و ئەرک و ئیلزاماتی نەهادینەکراوی هەرێمی باشووری کوردستان غافڵ نیە، لەو باوەڕەدایە کە دەرک و چاوەڕوانیی نێوان کوردی پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوە هەیە و بوار بۆ ئەوە هەیە کە ئەو درز و ناهاوسەنگییەی لەو بوارەدا لە ئەنجامی بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی‌دا دروست بووە، نەمێنێ و ڕاست بکرێتەوە.

هەرچی پرسیار و نیگەرانییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریشە، با لەپێشدا ئەوە بڵێین کە هەر هەوڵێک بۆ گفتگۆ و ڕۆشنگەری لەم بوارەدا لەنێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و چالاکانی نێوخۆ و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ وەک دیالۆگی نێوان دوو لایەن یان دوو کەمپی ئاشنا بە یەکتر و تەنانەت نزیک لە ڕوانگە و فەرهەنگی سیاسیی یەکتر چاو لێ بکرێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەک لەڕووی باوەڕ و ئومێد بە دروستبوونی بەستێنی وەدیهێنانی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بەڵکوو لەپێناوی فەرهەنگسازی لە دەروونی کۆمەڵگای کوردیدا و بۆ بە چالش کێشانی ڕێژیم و بە مەوزووع هێشتنەوەی مەسەلەی کورد لە ئێران، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە و هەیە کە پێویستە چالاکانی مەدەنی لە هەوڵ و هەنگاوەکانی خۆیان لەو بوارەدا هان بدرێن و پشتیوانیان لێ بکرێ.

هەرلەو سۆنگەیەوە، حیزبی ئێمە نەک هەر خەبات لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بەڵکوو تێکۆشان لە چوارچێوەی حاکمیەتێکی دێموکراتیکیشدا وەک پرۆسەیەکی خەتی چاو لێ ناکا کە لەودا لایەنێک کە ئەگەر تەنانەت وەک حیزبی ئێمە خاوەنی شەرعیەتی مێژووییش بێ، لەجیاتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا یەکساتە هەموو ماف و ئازادییەکانی گەل و کۆمەڵگا لە چنگ حاکمییەتی زەوتکەری ئەو ماف و ئازادییانە دەربێنێ. بەڵکوو پێی وایە کە ڕووبەڕووبوونەوە بەتایبەتی لەگەڵ ڕێژیمێکی پاوانخواز و فێڵباز و سەرکوتکەر پێویستی بەوە هەیە کە بە پەنابردن بۆ تاکتیکی جۆراوجۆری خەبات ڕێژیمەکە بە چالش بکێشرێ و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکیش هەر کامەیان بەشێوەی خۆی و هەر کامەیان لەپێوەندی لەگەڵ یەکێک لە ڕەهەندەکانی پڕۆسەی مافخوازیدا ئەرکدار بکرێن و بۆ تێکۆشان بهێندرێنە مەیدان.

ئێستا سەبارەت بە ئەگەری بە ئەمنیەتی بوونی فەزای سیاسیی کوردستان بەهۆی حزووری پێشمەرگە و جموجۆڵی پارێزەرانی وڵات، لەپێشدا پێویستە بگوترێ کە جارێ مەبەست لە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەنێو خاک و خەڵکی خۆیاندا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و پارتیزانی بەو مانایە نیە کە بەتایبەتی لە دەهەی شەستی هەتاویدا لە ئارادا بوو. بەلەبەرچاوگرتنی دەرفەت و لەمپەرەکانی سەردەمی ئێستا و پێویستیی هەڵسەنگاندنی هەموو فاکتەرە بڕیاردەرەکانی ئەم بژارە، ئاقارێکی لەم چەشنە لەهەرحاڵدا پێویستی بە خستنەڕووی مۆدێلێکی نوێ لە خەبات و خۆڕاگریی چەکداری هەیە کە هەم لەگەڵ هەل و بەربەستەکانی سەردەمی نوێ گونجاو بێ و هەم ئەکتیڤ بوونی بەستێنەکانی دیکە و لە مەیداندا بوونی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێ.

> **دەرک و چاوەڕوانیی نێوان کوردی پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوە هەیە**

لەڕاستیدا ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیاز و مەبەستی سیاسی و تەشکیلاتی و بەهەرحاڵ غەیرە نیزامیی لەپشت بوو. لە هەموو ئەو تێکهەڵچوونانەشدا کە ڕوویان داوە وەدەستهاتنی پێشمەرگەکانی حدک و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە ئاکامی کەمین و هێرشی ئەو هێزانە بۆ سەر پێشمەرگە یان بۆ سەر کاروانچی و کۆڵبەرانی بێدیفاعدا بووە.زۆر بێجێ دەبێ ئەگەر لە هەلومەرجێکی ناوچەیی پڕ جۆش و خرۆشی وەک ئەوەی ئێستادا و لەکاتێکدا کە ڕێژیم بە نائینسانی‌ترین شێوەکان لەگەڵ چین و توێژە هەرە سیڤیل و بێدیفاعەکانی گەلەکەمان هەڵسوکەوت دەکا، سەبارەت بە هەوڵی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ لەپێوەندیدا بوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەتی خۆیان و هۆشیارکردنەوە و متمانە بەخشین بە لاوان و بە هاناوە هاتنی خەڵکی مەزڵووم، لۆمەی ئەو شۆڕشگێڕانە بکرێ.

سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر، ئایا بەڕاستی ئەوە حزووری پێشمەرگە لەنێو دڵی نیشتمانی خۆیدایە کە دەبێتە هۆی بە ئەمنیەتی کرانی فەزای کوردستان؟بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە پێش هەموو شتێک بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە هەقیقەتی مۆدێلەکانی خەباتی مەدەنی بەو جۆرە کە لە وڵاتانی دیکەی دنیادا ئەزموون کراوە، دەگەڕێتەوە. ئەو هەقیقەتە بریتییە لەوە کە خەباتی مەدەنی قەت لەسایەی ڕێژیمێکی فاشیستیدا ناتوانێ مانای دروست و ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ و پێویستی بە بەستێنێک هەیە کە لەودا لانیکەمی ماف و ئازادیی چالاکانی مەدەنی ئەمنیەتی گیان و بەردەوامیی چالاکییەکانیان دەستەبەر بکا. ئەو بەستێنەش نەک تەنیا لە دەوڵەتانی دیکتاتۆردا بەڵکوو تەنانەت لە حاکمییەتە دێموکراتیکەکانیشدا تەنیا لەژێر فشاری هێزی هەمەلایەنەی گەلدا دروست دەبێ.

بۆ دەرکی ئەم ڕاستییە هەڵوەستەیەک لەسەر کاکڵی تیئۆریی خەباتی مەدەنی و رابردووی ئەو خەباتە لە دنیادا بەسە. جارێ هەر بیرۆکەی چالاکی و نافەرمانیی مەدەنی وەک ڕێکارێکی نەرم

ل ٨

# ڕۆژهەڵاتی ئێران

## دانووستانە ناوەکییەکانی نیۆیۆرک



حەسەن شێخانی

لە ٢٧ی خەرمانانەوە دانووستانەکان دەستیان پێکردو ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند. ئاکامی ئەو دانووستانانە دەری‌خست کە دوو لایەن هێشتا لەسەر مەسەلە گرینگو چارەنووسسازەکان، کە پێویستیان بە بڕیاری سیاسیی پێتەختەکانە، جیاوزایی ڕوانینیان هەیە. بە کورتی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێککەوتنی کۆتایی، بریتین لە:

١)جیاوازیی ڕوانینی دوو لایەن بە نیسبەی ڕادەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ژمارەی سانتیریفیوژەکان، پرۆسەی لاچوونی گەمارۆکانی سەر ئێران و، ماوەی زەمەنی ڕێککەوتنی کۆتایی ٢)ڕۆڵی لۆبی جولەکەو وڵاتانی عەرەبی‌و، هەروەها هەموو ئەو دەڵاڵانەی کە چارەسەر بوونی کێشەی ناوەکی لە قازانجی خۆیان نابینن. هەندێک شرۆڤەکار پێیان وایە کە بە پێچەوانەی ئیدیعای ڕواڵەتی، ڕووسیەش پێی خۆش نییەو لە قازانجی‌دا نییە کە ئەو پەروەندەیە کۆتایی پێ بێ. ٣)زەختی نێوخۆیی ئەو ڕەوتو لایەنانەی کە چارەسەری پرسی ناوەکی لە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان دا نابینن. بە ڕای من ئەم فاکتەرە بە سەرنجدان بەو کۆدەنگییە ڕێژەییەی کە(لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا) پێکهاتووە، ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک کەمتر دەبینێ. ٤) ئاستەنگێکی دیکە کە هەنووکە (تا ڕادەیەک) ڕاگیراوە، گرێدانی پرسی ناوەکییە بە پرسەکانی مافی مرۆڤ، پشتیوانیی ئێران لە گرووپە تیرۆریستییەکان‌و هێزی مووشەکیی ئێران. هەرچەند ئەم پرسانە لە ئێن پی تی دا نین، بەڵام لە بڕیارنامەکانی کۆنسەی تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا ئاماژەی پێکراوەو پەسەندکراوێکی کۆنگرەی ئەمریکاش ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بەو پرسانەوە گرێدەدا. هەروەها ئەم فاکتەرانەی خوارەوەش ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان لە سەر دانووستانەکانی نیۆیۆرک هەبوو:

ئەلف)هەستان و دانیشتنی زۆری ئێران لەگەڵ ڕووسیە(دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئۆکراین) و ئەوەی کە ئێران لە هەڵوێستی ڕووسیە نزیکترە. ڕوحانیش نەیتوانی کارێک بۆ ڕەواندنەوەی ئەم لێتێگەیشتنە بکا. ب)وەڵام نەدانەوەی ئێران بە دوو پرسیاری ئاژانسی نێونەتەویی وزەی ناوەکی ج)دژایەتی لەگەڵ بەشداریی ئێران لە کۆبوونەوەی پاریس و بەرەی دژی داعش دا.

بە هۆی ئەو جیاوازیی ڕوانین و فاکتەرانەی ئاماژەیان پێکرا، کۆمەڵێک شرۆڤەکارو کارناس، پێیان وایە ئەگەر دانووستانەکان بەم ڕەوتە بەردەوام بن، ئەگەری زۆرە کە لە ماوەی دیاریکراو دا ڕێککەوتنی کۆتایی، نەکرێ.

لە داوی وییەنی ٦، خۆشبینییەکان بە نیسبەت بەسەرەنجام گەیشتنی پەروەندەی ناوەکیی ئێران کەمتر بوون. بۆیە هەر لە ئێستاوە باس لە گەڵاڵەی جێگرەوە(لە لایەن هەندێک کارناسەوە) دەکرێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر هەتا ٣ی سەرماوەز ڕێککەوتنی کۆتایی، نەکرا، لایەنەکان بۆ خاڵی سیفر نەگەڕێنەوە.

ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی دیاریکراودا ڕێکنەکەون، درێژەی دانووستانەکان دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەی ئەمریکا؛ ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا دێموکراتەکان زۆرینەی ئێستایان لە مەجلیسی سنا دا لە دەست بدەن، ئەوە بە نۆبەی خۆی پرۆسەی دانووستانەکان پێچەڵپێچ و دژوارتر دەکا.

ڕۆژنامەی «جەوان» کە سەر بە سپای پاسدارانە لە چاپی سێشەممە، ٨ی ڕەزبەر دا لە میانەی ڕاپۆرتێکدا دەڵێ کە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو ڕێککەوتنانەی لە دانووستانەکانی نیۆیۆرک دا کراون، زیاتر لەو شتانە بێ کە ڕاگەیەندرا. ئەو ئەگەرەش پشت ئەستوور دەکا بەم فاکتانەی خوارەوە:

١)ئەو قسەیەی وەزیری دەرەوەی ڕووسیە کە لە سەدا ٩٥ی مەتنی ڕێککەوتننامەکە تەواو بووە. ب)وەزیری دەرەوەی ئاڵمان دەڵێ کە هەتا ئێستا بەو ڕادەیە لە ڕێککەوتن نزیک نەبووینەوە. ج)بەرپرسێکی ئەمریکایی دەڵێ کە ڕێککەوتنی ناوەکی ڕێگە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان تاران‌و واشینگتۆن خۆش دەکا. هەر ئەو بەرپرسە دەڵی لە ئەگەری ڕێککەوتن دا گەمارۆکان سەرەتا ڕادەگیرێن و وداتر هەڵدەوەشێندرێنەوە. د)کۆردیناتۆری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە کۆشکی سپی دەڵێ کە دانووستانەکانی نیۆیۆرک بە پێشکەوتن گەلێک گەیشتووە.(گواستنەوە لە ڕۆژنامەی جەوان، تەواو)

ئەگەر لە دانووستانەکانی نیۆیۆرک دا ڕێژەی ڕێککەوتن لە سەر دەقی ڕێککەوتنامەکە، لە سەدا ٧٠ وە بۆ لە سەدا ٩٥ زیادی کردبێ، ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە لەو دانووستانانەش پێشکەوتن هاتۆتە ئارا. لەسەر ئەو بنەمایە حوسین مووسەویان گەورە دانووستانکاری پێشووی ناوەکیی ئێران دەڵێ: شانسی گەیشتن بە ڕێککەوتن جیدییە، ئەگەر هەتا دوو مانگی دیکەش ڕێککەوتن نەکرێ، دانووستانەکان درێژەیان دەبێ و لایەنەکان لە بەریەککەوتن خۆ دەبوێرن.

هاشمی ڕەفسەنجانی کە بۆچوونەکانی جێی تێڕامانە دەڵێ: کۆی ڕووداو و هەڵوێستی لایەنەکان، نیشان دەدا کە لایەنەکان نایانهەوێ بۆ هەلومەرجی پێشوو بگەڕێنەوە. با بە بۆچوونەکانی دوو کەسی دوایی، ئەوەش زیاد بکەین کە گەشبینان بە ئەنجامی ڕێککەوتن لە ماوەی دیاریکراودا، دەڵێن کە ئەمریکا بۆ کارامە نیشان دانی سیاسەتی دەرەوەی لە بەرەبەری هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەدا، پێویستی بە ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران هەیە. بە تایبەت کە ئێران ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەیە و لە ئەگەری ڕێککەوتن دا، لەوانەیە لە هاوکارییەکانی بەهرەمەند بن!

ڕێکەوتی خولێکی دیکەی دانووستانە ناوەکییەکان لە ماوەی دوو حەوتووی داهاتوودا، دیاری دەکرێ. با بزانین گرێکوێرەکانی پەروەندەی ناوەکیی ئێران (لە خولی داهاتوودا) بەرەو کرانەوە دەچن یان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە. دیارە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو خاڵە گرینگانەی کە وەک شاکلیلی ڕێککەوتننامەکەن و، تا ئێستا ڕێککەوتنیان لەسەر نەکراوە، لە سەر دانووستانەکانی نیۆیۆرک بدوێین، دەبێ بڵێین کە ئەم دانووستانانە(بە پێی هەڵوێستە ڕاگەیەندراوەکان) زیاتر وێنای سەرسەختیی دوو لایەنی بە ئێمە نیشان دا.

# هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



مستەفا مەعرووفی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بوونی چەند حیزبی بە رابردوو و بە ئەزموون، رابردوویەکی پڕ لە ڕووداو جوغرافیایەکی بەرین و نزیک بە ١٠ میلیۆن حەشیمەتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتاییترین مافە ئینسانی و نەتەوییەکانی بێبەشە، بێدەنگییەکی نیسبیی بەسەردا زاڵە. لە سەردەمێکدا بۆ یەکەمجار حیزب بە شێوەی مۆدێرنی سیاسی کە لە نێو کورددا دامەزرابێ، یەکەم حکوومەتی کۆماری، کابینەی وەزیران، هێزی پێشمەرگە، ڕێکخراوە سینفییەکان و لە نێو کورددا دامەزرابن، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. یەکەمجار لە مێژووی نوێی کورددا لە کوردستانی ئێران بوو کە کوردی هەر چوار پارچە لە ژێر یەک ئالادا کۆبوونەوە و لە دەسەڵاتی کوردیدا بەشدار بوون. لە سەرانسەری دەیەی ٨٠ی زایینیدا کوردستانی ئێران چەقی ڕووداوەکانی کوردستان بوو بە گشتی. بۆچی لەم قۆناغەی ئێستادا کوردستانی ئێران لەبیر کراوە و ئەو هۆکارانەی بوون بە هۆی لەبیرچوونەوەی ئەم بەشە لە کوردستان کامانەنە؟

هێندێک کەس پێیان وایە شەهیدبوونی دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات (وەک دیارترین و گەورەترین هێزی سیاسیی کورد لەم بەشە) بزووتنەوەی کوردی تووشی پاشەکشە کردوە. ئەوە ڕاستە کە ئەم ڕووداوانە زەبرێکی قورس بوون لەو بزووتنەوەیە دران بە تایبەتی لە حیزبی دێموکرات، بەڵام لەبەر دوو هۆ ئەم بۆچوونە ڕاست نیە؛ یەکەم: بزووتنەوەی کورد نابێ هەر بریتی بێ لە حیزبی دیموکرات و تەنانەت تێکڕای حیزبەکانیش. ئەو بزووتنەوەیە پێویستە لە شکڵ و شێوەی مەدەنی و تەنانەت لە دەرفەتی زۆر بچووک و بەرتەسکیشدا بە شێوەی قانوونی هەبێ (هەروەک فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران لە دەورەی شەشەمدا هەبوو). بزووتنەوەی کورد واتایەکی بەرینتر لە ئەحزابی سیاسی و چەکداری هەیە. دووەم: ئەوەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە هەیە، سەرەڕای شەهیدبوونی ٣ ڕێبەر و نزیکەی ٣٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، واتە زیاتر لە ئەندامانی زیندووی، ئەم حیزبە هەروا لە مەیدان دایە. هیچ کات بوونی ئەم حیزبە نەبەسراوەتەوە بە بوونی ڕێبەرەکەیەوە کە هەر کات ڕێبەرەکەی لەنێو چوو حیزبەکەش لە نێو بچێ، تەنانەت نەبەسراوەتەوە بە بیروبۆچوونی ڕێبەرکەشیەوە ( وەک تاک) کە هەرچۆنێک ئەو بیەوەێ ئاوا بڕواتە پێش و هەر کاتیش نەما، حیزبەکەی ڕابوەستێ. بۆ نموونە، تێرۆر کرانی د. قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی تووشی شۆکێکی زۆر گەورە کرد، سەرەڕای ئەوەی شەڕی ئێران ـ عێراقیش نەمابوو و فشار بۆ سەر کوردستان زیاتریش ببوو، هەتا ساڵی ١٩٩٥ هێزە ئاشکراکانی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوزووریان هەبوو. ئەم حیزبە لەسەر بنەمای بەرنامە و سیستمێکی دیموکراتیکی حیزبی دامەزراوە و خاوەنی تەشکیلاتی سیاسسییە کە هەر کات ڕێبەرەکەی نەما، سیستمەکە هەر لەجێی خۆیەتی، تەنانەت لەم حیزبە دا سکرتێری گشتی گۆڕاوە و کەسێکی دیکە سیستمەکەی ئیدارە کردوە و جگە لە کاریگەریی موسبەت، هیچ کاریگەرییەکی منەفیی لەسەر ئەم حیزبە نەبووە.

**لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی کوردستانی ئێران لە چەند خاڵدا باس بکرێ:**

**١ـ بە هێزبوونی پێگەی ئێران لە ناوچەدا**

پاش شەڕی ئێران ـ عێراق کۆماری ئیسلامی ئەو وزەو توانایەی کە پێشتر لە شەڕدا بەکاری دەبرد، داوی شەڕ لە بەهێزکردنی پێگەکانی خۆی و لە نێوبردنی دژبەرەکانیدا بەکاری برد. لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٨٠)دا کۆماری ئیسلامی بەر لەوەی تووشی شەڕ لەگەڵ عێراق بێ و بەر لەوەی هێرش بکاتە سەر هێزەکانی دیکەی وەک موجاهیدینی خەڵق و حیزبی توودە و لایەنەکانی دیکە، هێرشی کردە سەر کوردستان. دوای تەواوبوونی شەڕی لەگەڵ عێراقیش بۆ سەرکوت کوردستان لە ڕیزی یەکەمدا بوو.

بۆچوونێکی هەڵە هەیە کە پێی وایە هەتا دیکتاتۆری زیاتر بێ، هەتا زەبرو زەنگ زیاتر بێ ئیمکانی شۆڕش و ڕاپەڕین زیاترە. مێژووی کورد و وڵاتانی دیکە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن؛ لە مێژووی کورددا هەر کات حکوومەتی دیکتاتۆری ناوەندی تووشی لاوازی بووە ئازادیە سیاسییەکان بووژاونەتەوە و بزووتنەوەی کورد بە هێز بووە. کۆماری کوردستان لەئاکامی لاوازبوونی حکوومەتی دیکتاتۆری ناوەندی دابوو، ئەزموونی سەردەمی حکوومەتی میللی د.محەممەدی موسەدیق (١٣٣٠ ـ ١٣٣٢) و هەلومەرجی پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا (١٣٥٧ ـ ١٩٧٩) نموونەیەکی باشن. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش نموونەی وا زۆرن. پێچەوانەکەشی دروستە. هەر کات دیکتاتۆری ناوەندی بەهێز بووە، بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە پاشەکشە دابووە کاریگەریی زۆر منفیی لەسەر کوردستان داناوە. لە باکووری کوردستان بەهێزبوونی ڕێژیمی ئەتاتورک و دیکتاتۆریی ڕێژیمی ناوەندی بڕستی لە بزووتنەوەی کورد بڕی، لە ساڵی ١٩٣٨ەوە تا ساڵی ١٩٨٥ ئەو بزووتنەوەیە نووزەی نەهات. لە عێراقیش بەر لە هێرش بۆ سەر کوەیت، بزووتنەوەی کورد بەرەو زستانی تەمەنی خۆی دەڕۆیشت.

هەلومەرجی دوای شەڕی ئێران ـ عێراق هەر چەند هیچ کات نەیتوانی بزووتنەوەی کورد بە تەواوی بێدەنگ بکا، بەڵام حاشا هەنەگرە تووشی پاشەکشەی کردوە. پاش شەڕی ئێران ـ عێراق کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئاوەدانکردنەوەی وڵات، خزمەت بە گەشەکردنی پیشەسازی و دامەزراوە ئابوورییەکان و بەهێزکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی زۆری توانای خۆی لە کڕینی چەک و چالاکییە ناوکییەکان و یارمەتیدان بە گرووپە تێرۆریستییەکان لە دەرەوەی ئێران کرد. چوونەسەری نرخی نەوتیش یارمەتییەکی زۆری بە ڕێژیمە داوە.

ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق و تالیبان لە ئەفغانستان لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بە کردوە بە قازانجی ئێران تەواو بوون. ئەم ڕووداو ئاڵوگۆڕانە یارمەتیان بە بەهێزبوونی ئێران لە نێوخۆو ناوچەدا داوە کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەسەرنسەری ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لەسەر کوردستان هەیە. هەر وڵاتێک لە حاڵی شەڕ دابێ بەهۆی هەلومەرجی شەڕ ئازادیيە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا بەرتەسکتر دەبنەوە، سەیر ئەویە لە ئێراندا دیکتاتۆریی دوای شەڕ سێبەری گەلێک قورسترە لە دیکتاتۆریی پێش شەڕ. ئێعدامەکان زیاتر بوون، زیندانەکان ئاوەدانتر بوونەوە و تێرۆر لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ ئازادیخوازانی قەڵاچۆ کرد. بەشی هەرە زۆری ئامانجەکەش گەلی کورد و ئەحزابی سیاسیی کورد بوو. بە کورتی هەزینەی کاری سیاسی بۆ کورد یەکجار گران بوو.

**٢ـ سانسۆر لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

سانسۆری بە بەرنامەو پلان چ لە لایەن دەسەڵات و چ لە لایەن نەیارانی غەیرە کوردی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر کورد و ڕووداوەکانی کوردستان، بە نۆرەی خۆی دەورێکی زۆری لەسەر پەراوێز خرانی کوردستانی ئێران هەیە. ڕووداوی زۆر گەورەو دڵتەزێن لە کوردستان ـ بۆ وێنە ئێعدامی بە کۆمەڵی چالاکانی سیاسیی کورد ـ بە قەد ڕاگواستنی چالاکێکی سیاسیی فارسزمان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە لە تاران دەنگدانەوەی نابێ. تەنانەت ڕیفۆرمخوازانی ئێران کە لە لایەن حکوومەتەوە سەرکوت کران ئامادە نەبوون دانی خێر بە بزووتنەوە کورد دا بینن. لە شانسی خراپی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردی کۆماری ئیسلامییش دڵی بە بزووتنەوەی کورد خۆش نیە. تەنانەت جاری وایە لە ڕووی کینەو نەفرەتەوە لەبارەی بزووتنەوەی کورد دەدوێن و بە مەترسییەک بۆ سەر یەکپەتیی خاکی ئێرانی لەقەڵەم دەدەن. بۆیە ئەوانیش چاوپۆشی لە جینایەت و کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەپۆشن. وەک دەڵێن بەداخەوە لە نێو فارسەکاندا ئیسماعیل بێشکچییەک یان ئەلجەواهیرییەک هەڵ نەکەوتوە کە بە ڕاشکاوی باس لە هەقانییەتی مافەکانی کورد لە وڵاتەکەیاندا بکەن.

**٣ ـ هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە**

وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی بڕیاردەر چۆن لەبارەی زاراوەی «ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»ەوە تووشی هەڵە دەبن لە بارەی «کورد»یشەوە تووشی ئەو هەڵەیەی دەبن. لە ڕاگەیاندنەکانیاندا هەر کات باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کراوە، مەبەستیان کێشەی ئیسراییل و فەلەستینە، ئێستاش کە باس لە کورد دەکەن زیاتر مەبەستیان بەشی کوردستانی عێراقە. لە بارەی کوردستانی ئێرانەوە بە ئەنقەست خۆ دەبوێرن.

وڵاتانی دەرەوە کە باس لە کێشەکانی ئێران دەکەن، ئەوەندەی کێشە مەزهەبییەکان زەق دەکەنەوە، ئەوەندەش خۆ لە باسکردنی کێشە نەتەوەییەکان بە تایبەتی کێشەی کورد دەپارێزن. تەنانەت ڕاگەیەنە فارسیزمانەکانی وڵاتانی دەرەوەش کە فارسەکان کاریان تێدا دەکەن لەم بارەیەوە زیاتریش خۆ دەبوێرن. لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ و بەشی زۆری دەیەی ٩٠ی زایینیدا کە ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ئورووپا و عێراق بوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، جگە لە جەریانی دادگای میکۆنووس، ئەو وڵاتانە سیاسەتی بێدەنگیان هەڵ بژارد، با لەوەش گەڕێین هێندێکیان کە کردەوەی تێرۆریستیان لێ ئەنجام دەدرا(وەک ئوتریش) بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری لە ئێران، ڕووداوەکەیان پەردەپۆش دەکرد. هەڵەی وڵاتانی دەرەوە ئەوەیە کە باسی کورد دەکەن، گرێی دەدەنەوە بە کێشە نێوخۆییەکانی عێراق، ئەگینا هیچ کات کاریان بە کێشەی کورد نیە. بۆ نموونە کە باسی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە دەکەن وەک تێرۆریست ناوی دەبەن، لە ئاست کورد لە ئێرانیشدا سیاسەتی بێدەنگی و حاشایان هەڵبژاردوە. گرنگیدانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا بە کێشە نێوخۆییەکانی عێراق و هاموشۆیان لەگەڵ کوردستانی عێراق زۆر کەسی تووشی ئەو هەڵەیە کردوە کە «مەسەلەی کورد» بە مەسەلەیەکی جیهانی بزانن، وەک بڵێی کورد لە تورکیە و ئێران وجوودی نەبووبێ، لە کاتێکدا کە باس لە «کێشەی کورد» دەکرێ، ئەو کێشەیە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە کوردیان بەسەر دا دابەش کراوە.

**٤ ـ نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی مەدەنی**

لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا یەک لەوان تورکیە،ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو باڵی باڵندەیەکن. گەشەکردنی هەر کامیان بە قازانجی ئەوی دیکەیە. لەو وڵاتانەدا لە پێناو پاراستنی ئەمنییەت و جیگیریی ئابووریدا حکوومەت خۆ لە زەبروزەنگ دەپارێزێ و فەزایەکی گونجاو بۆ ئۆپۆزیسیۆن دەگونجێ و تەنانەت کار دەگاتە وتوێژ و قۆناغی چارەسەری ئاشتیانەش. بەڵام لە ئێراندا هەردوو لا بە توندی سەرکوت دەکرێن. دیدی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوردستان، فشار و زەبر و زەنگ لەسەر خەڵکی کوردستان کەشوهەوای چالاکییە مەدەنییەکانی یەکجار بەرتەسک کردۆتەوە. تەنانەت حەرەکەتی خۆرسکانەی خەڵک لە پێناو پێشگیری لە ماددە هۆشبەرەکان هەلسوکەوتی ئەمنییەتیی لەگەڵ دەکرێ و پێشی پێ دەگیرێ. چالاکییە مەدەنییەکان زیاتر لە شکڵی ئەنجومونە ئەدەبییەکان و هێندێک بواری کۆمەڵایەتیدا خۆ دەنوێنن.

**٥ ـ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی بەشەکانی دیکەی کوردستان**

هۆی سەرەکیی پەراوێزکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو فیداکاری و خۆلەبیرکردنەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات بە چالاکانی نێوخۆ و هێزە سیاسییەکانەوە سەبارەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەیکەن. هۆیەکانی دیکە هەرچەند کاریگەرن بەڵام وەک ئەم هۆیە یەکلاکەرەوە نین. ئەم گیانی فیداکارییە ئەگەر لەسەرانسەری کوردستاندا بەهێز بووایە جێگە و پێگەی کورد لە جێیەکی دیکە دەبوو، بەداخەوە ئەو هەستە پیرۆزە زیاتر لە نێو کوردی ئێراندا دەبینرێ.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا کە هەڵەبجە بۆمبارانی شیمیایی کرا، زۆر بە جێ بوو و گەلێک جێگای شانازی بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو کارەساتەدا لەپەنا برا کوردەکانیان بوون و کەڵکیان لە سیاسەتی ئێران وەرگرت کە پێی خۆش بوو بۆ ئابڕوو بردنی ڕێژیمی بەعس کارەساتی هەڵەبجە بە دنیا بناسرێ، دەنا ئەو کارەساتە لە ئاستێکی بچووکتردا لە سەردەشت ڕووی دا هەتا ئەو ساڵانەی دوایی تەنانەت شارەکانی دەوروبەر لە لایەنەکانی ئەم کارەساتە ئاگادار نەبوون. لەو هەمووە کۆڕ و سیمنار و ڕێپێوانانەدا کە لە ساڵڕۆژەکانی هەڵەبجەدا بەڕێوە دەچوون هەتا ئەم ساڵانەی دوای کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەستیان بە تەلەڤزیۆن ڕانەگەیشتبوو ناوی سەردەشت نەدەهات. بۆ شاعیرو هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات ئاسانتر بوو باسی هەڵەبجە بکەن تا سەردەشت!

وەک لە ڕاپۆرتی ڕاگەیەنەکانی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەرکەوت، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتییەکی زۆریان بۆ ئاوارەکانی شەنگال کۆکردەوە کە شیاوی ئافەرین و دەسخۆشییە، بەڵام هاوکات لەگەڵ کارەساتی شەنگال لە ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوومەلەرزەیەک ڕووی دا کە سەدان کەسی کوشت و هەزارانی بێ ماڵ و حاڵ کرد، هەواڵێکمان لەبارەی کۆکردنەوەی یارمەتی بە خەڵکی لێقەوماوی ئەم ناوچەیە نەبیست! ئەو هاوکاری و هاودەردییەی لە دوو ڕووداوی تاڵی باشووری کوردستان (کۆڕەوی ١٩٩١ و ١ی شوباتی ٢٠٠٣دا) لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کرا، هەروەها ئەو خۆشحاڵی و شادییەی لە کاتی بوون بە سەرکۆماری بەڕێز مام جەلال دا لە خۆیان نیشان دا، پێشوازیی کۆماری کوردستان لە بارزانییەکانی لێ دەرچێ، لە مێژووی کورددا نموونەیان نەبووە. سەرانسەری ئەدەبیات و ئەوەندە ڕۆژنامەنووسیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە باس باسی بەشەکانی دیکەی کوردستانە و کێشەکانی خودی ڕۆژهەڵات لەواندا ونن!

لە ڕێپێوانەکانی دەرەوەی وڵات بۆ لایەنگری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕیزی هەرە پێشەوە بوون! تەنانەت لە زۆر شاردا ژمارەی ئەوان لە ژمارەی برایانی باشوور زیاتر بوو.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە پەراوێز کەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە هەر هۆیەکی دیکە کاریگەرتر بوون: سیاسەتی ئەم حیزبانە سەبارەت بە پاراستنی هەلومەرجی باشووری کوردستان سیاسەتێکی مەسئوولانەو نەتەویی

ل ٨

**حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە پەراوێز کەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە هەر هۆیەکی دیکە کاریگەرتر بوون: سیاسەتی ئەم حیزبانە سەبارەت بە پاراستنی هەلومەرجی باشووری کوردستان سیاسەتێکی مەسئوولانەو نەتەویی بووە؛ هیچ کات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کردەوەکیان لەدژی هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەنجام نەداوە. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی باشووری کوردستان و بڕینی بیانوو لە ئێران دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرت و لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆشاییەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ**

---

# شەڕی چەکداری تاکتیک یان ستراتێژی



شاهۆ حوسێنی

گومان لەوە دانییە کە چەک هەم سەرچاوەی ئەهوەنیو ئارامییە لە کۆمەڵگایەکداو هەم دەتوانێ سەرچاوەی لەباربردنی ئارامیو ئەهوەنی بێ؛ لەم بەینەدا چلۆن کەڵک وەرگرتن لە چەکو بە چ مەبەبەستێک بەکار هێنانی چەکە کە شەرعییەت دەبەخشێ بەم ڕەوتە. کورد یەک لەو گەلانەیە کە بەدرێژایی مێژوو لە سەر مافی ڕواو ئینسانیو بۆ پێشگرتن لە سەرەڕۆیی هەرچی زیاتری دەسەڵات لەو بەشانەی کە تێیدا ژیاوە، وەک نەریتێکی بەرگریانە دەستی داوەتە چەک؛ لە هەمانکاتیشدا دانی بەوەدا ناوە کە چەک تەنیا کەرەسەیەکە بۆ وەی لایەنی بەرامبەر کە نەکۆڵی دەکات لە بوون و مافی گەلی کورد، تێبگاتو دان بە بوونو مافەکانی کوورد دابنێ. وەک شانازیش دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ بەناو دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کراوە.

مێژووی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەڵات مێژوویەکی پڕ لە هەورازو نشێوەو ئێستاشی لەگەڵ بێ بە شێوەیەکی گشتی گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی خەباتی باشوور و جۆری پێوەندی حیزب و لایەنەکانی ئەم بەشە لە کوردستان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بووە. هەر بەم پێیەش لە هەڵکشانو داکشاندا بووەو دەورانێ پڕ لە جمووجۆڵو ڕۆژگاری دوور لە جمووجۆڵی زۆری بە خۆیەوە دیوە.

ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی کەنداو لە پاش تەواو بوونی شەڕی ئێرانو عێراق گەیشتە ئەو قۆناغە کە بۆ یەکەم جار هەرێمێکی دۆفاکتۆی خاوەن دەسەڵاتێکی خۆجێیی بە پشتیوانی زلهێزەکان لە ناو جوغرافیای جیهاندا سەری هەڵدا، هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی حیزبو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی باشوور ئەوانی گەیاندە ئەم قەناعەتە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەم دەسەڵاتە ساوایە پێویستە بۆ ماوەیەکی نادیار خەباتو چالاکی چەکداری ڕابگیرێت، بە واتایەکیتر وەک گەڵایەک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخە گەڵاڵەی»باشور مێحوەری» هاتە ئاراوە گەڵاڵەیەک کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی موجاب دەکرد کە لەکاتی ڕەچاو کردنی هەر جۆرە هەڵسوکەوتو جموجۆڵێک بەرژەوەندییەکانی باشور پارێزراوبێ، کە هەر لەم ماوەیەشدا گومان لەوەدا نییە کە هەم خەباتی سیاسی لە ناوخۆ و هەم ئەم حیزبو لایەنانە بە گشتی تووشی خەسارو زەرەری قەرە بوو نەکراوە هاتن.

حاشا هەڵنەگرە کە بۆ لەناو بردنی ئەم قەیرانو کێشانەی کە داوێنی خەباتی سیاسی بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتو بە تایبەتی حیزبەکانی گرتوەو خۆدەرباز کردن لەو سرەوتنە قورسو درێژماوەیە، وەک ڕێگا چارە حیزبەکان دەتوانن دەگەڵ ئەوەدا کە هاورێ دەبن لەگەڵ هەر جۆرە جموجۆڵێکی مەدنی لە ناوخۆو هەر هەنگاوێکی ڕێژیم ئەگەرچی بچووکیش، گرینگی پێ دەدرێ، خەباتی شاخ بە هێزو تینەوە ببوژێتەوە، بە جۆرێ کە کۆمەڵگاو چالاکان دڵنیا بن کە هێزی پێشمەرگە پشتیوانێکی قورسو قایمە بۆ هەڵسوکەوتەکانی وان لە ناوخۆ، بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی لە بەرامبەر هەر جۆرە سەرەڕۆیەک دەوەستێت، بە واتایەکیتر پاراستنی بەرژەوەندیکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەدا ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی پارچەکانیتر دەگیرێ، ببێتە سەردێری هەر جۆرە گەڵاڵەو هەڵسوکەوتی حیزبەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ هێزێکی پێشمەرگەی هاوبەش لە حیزبو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات پێک بێ، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ یەکگرتوویی چالاکیو هەڵسوکەوت کە دەتوانێ دەسکەوتی بە نرخ و باشی بۆ کورد هەبێ. گومان لەوەدانییە کە هەڵگیرسانەوەی خەباتی شاخ دەتوانێ بەستێنو بەهانە بۆ توندوتیژی زیاتر بە دژ کورد بە دەس ڕێژیم بدات، بەڵام لە درێژخایەن لەگەڵ ئەوەدا دەبێتە هۆی پشتگەرمی چالاکان و خەباتگێرانی ناوخۆ، کاریگەری دەبێ بۆ بەخۆدا چوونەوەی ڕێژیم بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت لەگەڵ چالاکانی کورد.

# چەکی شانی ژنی کورد و شەڕ بۆ ئاشتیو مافی ڕەوا

## ( لە پەراوێزی ڕەخنەی هێندێک لە ژنانی فارس لە چەک هەڵگرتنی ژنانی کورد)



کوێستان فتوحی

لەو کاتەوە کە چەکدارەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش، هێرشو پەلامارەکانیان بۆ سەر خاکو خەڵکی باشووری کوردستانو ڕۆژئاوای کوردستان چڕ کردۆتەوە، ناوچەکە تووشی ئاڵۆزیو بشێوییەکی زۆر بووەو، بە تایبەتی لەو شوێنانەی ئەم گرووپە دەستیان بەسەردا گرتوە. ئەوان هێرش بۆ هەر کوێ دەبن لە هیچ جینایەتێک دەست ناگێڕنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم گرووپە توندئاژۆیە، لەبەربەرەکانییەکی توندو خوێناوی دان. ژیانی ئاسایی ئەو ناوچانەی کە داعش هێرشی بۆ کردوون تێک چووە، بەدەیان هەزار کەس لەترسی دڕندەییەکانی داعش ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ هێشتوەو ئاوارە بوون. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانو کچانی کوردی ئێزەدی شەنگال ئەسیر بوونو دەستدرێژییان کراوەتەسەر. هێزەکانی پێشمەرگەو گەریلا بۆ دیفاع لە نیشتمانەکەیان لە شەڕێکی سەخت دان. لاوان، کچ و کوڕ پۆل پۆل بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هێزە جینایەتکارەی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام (داعش) پەلاماری کوردستانی داوە، خوازیاری چەک هەڵگرتنن.

لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزی ژنان بە ئازایەتییەکی کەموێنەوە لە شەڕ دان. ئەوە کە ژنان لە نێو هێزی چەکداری کورد دا دەبینرێ، پێوەندیی تەنیا بەمڕۆوە نیە، ئەوە مێژوویەکی دوورو درێژی لە خەباتی نەتەوەی کورددا هەیە کە لەم باسەدا ناگەڕێینەوە سەری. بەڵام ئەوەی دەمەوێ لەم وتارەدا باسی بکەم، لەپێوەندی لەگەڵ بۆچوونی کۆمەڵێک لە ژنانی «فێمێنیست»ی فارس دایە کە ڕەخنەیان لە چەکداربوون یان نیزامی بوونی ژنانی کورد گرتوە، لە ژێر ناوی ئەوە کە چەک ڕوویەکی توندوتیژی هەیەو لە گەڵ روحی فێمێنیستی دا نایەتەوە!

ئەم کۆمەڵە ژنە لە ماڵپەڕی مەدرەسەی فێمێنیستیدا، بە چاوێکی ڕخنەگرانەوە دەڕواننە چەکداربوونی ژنانی کورد، کە گۆیا چەک توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوەو ئەوش لەگەڵ ڕوانگەی فێمێنیستی کە ژنان خەباتی بۆ دەکەن نایەتەوە! ڕاستە ڕوانگەی فێمێنیستی ڕوانگەیەکی دادپەروەرانەو ئینسانییە، بەڵام ئایا بەرگری لە نیشتمان، لە نەتەوە، لە هاوڕەگەز لە بەرامبەر هێرشکەرانو دەستدرێژیکەراندا، دەچێتە چ چوارچێوەیەکەوە؟ لە هەلومەرجێکدا کە شەڕ بەسەر نەتەوەو نیشتمانەکەتدا سەپاوەو لایەنی بەرانبەرت زمانی چەک نەبێ هیچ زمانێکی دیکە تێناگا، فێمێنیستەکان ئەوکاتە دەبێ چ بکەن؟ ئایا شەڕێک کە بۆ دیفاع لە مافو ئازادیی نەتەوەو نیشتمان، و بۆ پێشگیری لە کوشتاری بە کۆمەڵی مرۆڤەکان بێ، نابێ فێمێنیستەکان خۆی لێدەن؟

ژنانە بکەن کە ڕۆڵەکانیان لە زینداندان، ئێعدام کراون، بێسەروشوێنن، بپرسن نەسرینو شەهلا کەعبی دوو خوشکە پەرستارە سەقزییەکان بۆ ئێعدام کران؟ ئایا ئەوانە مافی میللەتانی دیکەیان پێشێل کردبوو؟ ئایا خاکو نیشتمانی وڵاتێکیان داگیر کردوە؟ ئەو جینایەتانەی داعشییەکان کە ئەمڕۆ ئەو خانمانە لە ڕاگەیەنەکاندا دەیبینن، ٣٥ ساڵە لە پەنای گوێی ئەواندا دەسەڵاتدارانی ئێران دژی کوردانی ڕۆژهەڵات بەڕێوەی دەبەن. ئەوان ئەگەر جینایەتەکانی داعشو



ئەوەی کە شەڕو توندوتیژی هاوسەنگی یەکن، گومانی تێدا نیە، ئاشکراشە لە هەر شوێنێک شەڕ هەبێ، چەکیش هەیە. لە ناوچەی شەڕیشدا ئاسان نیە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکان بۆنی توندوتیژییان لێنەیە، بەڵام بەرگریکارو دەستدرێژیکەر نابێ وەک یەک لێیان بڕوانرێ.

ئەوەی کە ئەو خانمانە لەم ڕۆژانەدا لەسەر کورد تەنیا چەکدار بوونی ژنان دەبینن، جێی سەرسوڕمانە! ئەوان کە خۆیان بە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن‌و لایەنگری یەکسانیو دادپەروەریی لە کۆمەڵگەدان، بۆ جارێک زەحمەتیان بەخۆیان نەدا ئاوڕێک لە مێژووی پڕ لە کارەساتی کوردستان بدەنەوە کە کورد بەدەستی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان چییان بەسەر هاتوە؟ بۆ جارێک زەحمەتیان بەخۆیان نەداوە بابەتێک لەسەر پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بنووسن، یان بڕۆنە کوردستان و سەردانی ئەو

چەکدار بوونی ژنان، نیگەرانیان دەکا، حەق وابوو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییش کە ٣٥ ساڵە لە دژی خەڵکی بێمافی کوردستان کە ئێستاش درێژەی هەیە نیگەرانی بکردنایەو وەک چالاکێکی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە، وەک فێمێنیستێکی ڕاستەقینە، لە ئاست ئەم هەموو ناعەداڵەتییەی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان دەکرێ، بێدەنگییان هەڵنەبژاردایە. ٣٥ ساڵە کۆماری ئیسلامی بە دڕندەنەترین شێوە ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی کوردستان کردوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ژنانە زەحمەتیان بەخۆیان نەداوە تەنانەت بە نووسینی وتارێکیش ڕەخنەی خۆیان لەم دەسەڵاتە کە هەڵاواردنی بە ئاشکرای نەتەوەیی، سیاسی، ڕەگەزی دژی خەڵکی کوردستان پیشەی هەمیشەیی بووە، دەرببڕن.

ئەوان حەقیانە وێنەی ژنانی چەکدار نیگەرانیان بکا، چونکە بۆخۆیان لە ژیانێکی ئارامدا دەژین، ئەو زوڵمو ناحەقییەی لە ژنی کورد کراوە ڕەنگە بە خەونیش نەیان بینیبێ. ئەوان لەگەڵ چەک نامۆن چونکە «یواشکی»! لە مافی نەتەوە بندەستەکانی وڵاتەکەی خۆیان دەڕوانن. ئەوان وەک فێمێنیستێک ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتە دڵتەزێنەکانی کە بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوە، بکردایە، ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتەکانی شەنگاڵو کوبانی لەلایەن داعشییە نوێیەکانەوە بکردایە، هەرگیز ڕەخنەیان لە بە نیزامی کردنو چەکدار بوونی ژنانی کورد نەدەگرت. ئەگەر هێندێک بە ئینسافەوە لە ژنانی چەکداری کورد بڕوانن، دەزانن کە ئەوان بۆ دیفاعێکی ڕەوا چەکیان هەڵگرتوە، نەک بۆ هێرش و پەلامارداندو توندوتیژی نواندن.

### ژنی کوردیش لەشەڕ بێزارە!

ئەو خانمانە نابێ لێیان تێک بچێ کە کورد شەڕخواز نیەو شەڕی بەسەردا سەپاوە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی خەباتکارەو بۆمافەکانی خۆی شەڕ دەکا، نەک بۆ داگیرکردنو پێشێلکردنی مافی خەڵکانی دیکە. پرسیارێکی زۆر ئاسان بۆ ئەو خانمانە! ئەگەر ئەوان وەک کورد لە ناوچەیەکی شەڕ بەسەردا سەپاودا بژینو بەردەوام خاکو نیشتمانەکەیان لێداگیر بکرێ، زوڵم لە نەتەوەکەیان بکرێ، ماڵیان وێران بکەنو دەربەدەریان بکەن، بەبەرچاویانەوە پۆل پۆل ڕۆڵەکانیان قەتڵعام بکەن، دەستدرێژی بکرێتەسەریان، ئەوان بن چ دەکەن؟ ئایا بە دانی چەپکە گوڵ وڵامی دوژمنەکانیان دەدەنەوە؟!

### چەک دەتوانێ هەمسەرچاوەی توندوتیژی بێ، هەم ئارامیو ئاسوودەیی

من بەو خانمانە دەڵێم ژنی کورد عاشقی تفەنگو شەڕ نیە، ژنی کوردیش وەک فێمێنیستەکان دادپەروەری، ئازادیو مافی ئینسانییان بۆ خۆیانو بۆ نەتەوەکەیان دەوێ، بەڵام لە گەڵ دوژمنێکی دڕندە ڕووبەڕوون، هێرشو دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، ڕۆڵەکانیان بەبەرچاوی خۆیانەوە دەکوژرێن، ئاوارەو بێماڵو حاڵ دەکرێن. ئەگەر لەهەلومەرجێکی وادا ژنیش لەمەیدانی بەربەرەکانیدا حوزووری نەبێ، ئایا دەکرێ باس لە بەرابەریی ڕۆڵی ژنو پیاو بکەین ؟ بە دڵنیاییەوە لە حاڵەتێکی وادا بەشداریی ژنان لە شەڕەکاندا دەتوانێ یارمەتی بکا بە ئاسوودەییو ئارامیو بە سڕینەوەی نابەرابەرییە جنسییەتییەکان، کە بەبڕوای من ژنی کورد هەر بەم مەبەستەش چەکی هەڵگرتوە، نەک بەمەبەستی ترسو تۆقاندن.

ئاشکرایە بزووتنەوەیەکی مافخوازی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، هێزی چەکداریشی هەیە. هەموو ئازادیخواز و دیموکراسیخوازێک ئەوە دەزانێ هەرچی ژنان بەشداریی کاریگەرتریان لە هەر بزووتنەوەیەکدا هەبێ ، ئەو بزووتنەوەیە شانسی سەرکەوتنی زیاترە. بۆیە ژنی کورد بە هەستکردن بەم بەرپرسیارەتییە، حوزووری خۆی لە نێو ئەو بزووتنەوانەدا مسۆگەر کردوە.

حاشای لێناکرێ هەڵگرتنی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆت مافێکی ڕەوایە، نەک بۆ ئەوەی بەردەرگا بەخەڵکی دیکەی پێ بگری. ئەو چەکەی ژنانی کورد هەڵیان گرتوە بۆ دیفاع کردنە لە خۆیان، ئەمەیە جیاوازیی چەکی ئێمە لەگەڵ چەکی ئەوان!

**ئەوان وەک فێمێنیستێک ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتە دڵتەزێنەکانی کە بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوە، بکردایە، ئەگەر هەستیان بە ئازاری کارەساتەکانی شەنگاڵو کوبانی لەلایەن داعشییە نوێیەکانەوە بکردایە، هەرگیز ڕەخنەیان لە بە نیزامی کردنو چەکدار بوونی ژنانی کورد نەدەگرت**

لە ڕاستیدا لە هەلومەرجێکدا کە شەڕت بەسەردا سەپاوە، ژنان ناکرێ بەناوی هەبوونی روحیاتی ئینسانیو مێهرەبانانە خۆ لەئەرکێکی گرنگ کە پاراستنی وڵاتە خۆ ببوێرن. ئەگەرنا لە دواڕۆژی ڕزگاریدا ناتوانن لە بوارەکانی دیکەدا خوازیاری ڕۆڵی یەکسان لەگەڵ پیاوان بن. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ دەست بۆ تفەنگ دەبا، بەو مانایە دەستی بۆ دەبا تا دیفاع لە مافەکانی خۆی و مرۆڤەکانی دیکە بکاو ئاشتیو ئارامی، مافی وەک یەک بۆ نەتەوەو هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵگەکەی لە نیشتمانەکەیدا جێگیر بکات. شەڕ بۆ ئاشتیو مافی ڕەوا دەبێ چ دژایەتییەکی لەگەڵ فەلسەفەی فێمێنیستیدا هەبێ؟

---

## درێژەی: گریمانە هەڵەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات مێحوەری و خەباتی چەکداری

بەمەبەستی گۆڕینی سیاسەتەکانی حکومەتێک داندراوە کە ئەو حکومەتە بۆخۆیشی مەدەنی بێ(بەم چەشنەیە کە دامەزرێنەری ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی مۆدێرندا واتە هێنری داڤید تۆرۆ ناوی کتێبەکەی خۆی نابوو «خۆڕاگری لە بەرامبەر حکومەتی مەدەنی»دا). پاشان بە چاوخشاندنێک بهنموونە هەرە دیارەکانی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا (بەتایبەتی ئەزموونی سەربەخۆیی هیند بە ڕێبەریی گاندی و بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا بە ڕێبەریی مارتەن لوتەر کینگ و خەبات بەدژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور بە ڕێبەریی نێلسۆن ماندێلا) بۆمان دەردەکەوێ کە لە تەواوی ئەو نموونانەدا نەک هەر هێندێک ڕەوتی ڕادیکاڵ و لایەنگری خەباتی چەکدارانە بە قورس و قایمی لە مەیداندا بوون و حاکمییەتەکان نیگەرانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵ و ئینقلابییانە بوون، بەڵکوو زۆر جار خودی ڕەوتە ئاشتیخواز و مەدەنییەکانیش ناچار بوون ئاقاری چەکداری و توندوتیژ بگرنە بەر و پاشەکشەی حاکمییەت و چارەسەری سیاسی و ئاشتییانەی کێشەکان لە ئەنجامی چڕبوونەوەی ئەم ئاقارەدا وەدی هاتووە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێرانیشەوە هەیە، ئەوەی لە سێ دەهە و نیوی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی بۆ بە ئەمنیەتی کردنی فەزای گشتی هان داوە پێش ئەوەی بەدەستەوە گرتنی چەک لەلایەن نەیارانی ڕێژیم و خۆڕاگریی چەکدارانەی خەڵک بووبێ، هەر لە بنەڕەت ڕا بوونی هەر چەشنە بیر و دەنگێکی جیاواز و نەشاز و هەر جۆرە ڕەوت و هەناسەیەکی ئازادیخوازانە بووە. دەنا هەم لە تاران کەسانێک بەبێ بەدەستەوە گرتنی چەک زیندانی و ئێعدام کراون و هەم بەتایبەتی لە کوردستان لە زۆر قۆناغدا (بۆ نموونە دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد و تەنانەت دەورەی دووەمی سەرکۆماریی خاتەمی) بەبێ ئەوە کە شۆڕشگێڕانی کورد جموجۆڵێکی ئەوتۆیان لە نێوخۆی وڵاتدا بووبێ، زەبر و زەنگی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵک بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی قەت ڕانەوەستاوە، ئەگەر بە ئەوپەڕی خۆی نەگەیشتبێ.

وەک لە سەرەوە باسمان کرد پێویستییەکی هەرە بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگری خەباتی فرەڕەهەندە کە بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەباتی کورد لە ئێراندا یەکتر بخوێننەوە و لە تێکۆشانی بەجیای خۆیاندا حیساب بۆ یەکتر بکەن و ئاگایان لە یەکتر بێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر پێمان وابێ بۆ سەرکەوتنی یەکێک لە بەستێنەکانی ئەو خەباتە دەبێ بەستێنەکانی دیکە لە کار بخرێن و بخەوێندرێن. ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکان لە ترسی بە سەرتاسەری بوونی نارەزایەتی و سەرهەڵدان، ئەوپەڕی دژکردەوە لە بەرامبەر مێتۆدە نەرم و سنووردارەکانی نارەزایەتیش بەکار دەبەن و تەنیا کاتێک پاشەکشە دەکەن کە لە هەموو لایەکەوە و لە هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕیدا بکەونە ژێر فشار. هەربۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەر کامەی بەشێوە و لە شوێنی خۆیدا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و ریسالەتی تایبەت بە خۆیان هەستنە سەر پێ و لە بەرامبەر ملهوڕی و سەرەڕۆییدا مەیدانداری بکەن.

لە کەیسی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، پێوەندی و هاوخەباتیی پێشمەرگە و بژاردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک تەنیا بۆ کۆتایی هێنان بە زەبر و زەنگ و وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەل پێویست نیە، بەڵکوو تەمرینێکیشە بۆ ئەو ڕۆژە کە ئەم دوو توێژە تێکۆشەرەی کۆمەڵگای کورد دەبێ بۆ دروست کردنەوەی وڵات و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئاسوودە دەست وەدەستی یەک بدەن و دەست بەکار بن.

## درێژەی: هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بووە؛ هیچ کات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کردەوەکیان لەدژی هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەنجام نەداوە. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی باشووری کوردستان و بڕینی بیانوو لە ئێران دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرت و لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆشاییەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم سیاسەتەدا ئەوەندە چوونەتە پێش کە ئەگەر چاو لە ڕاگەیەنەکانیان دەکەی زۆر جار پێت وایە سەیری کاناڵێکی باشووری کوردستان دەکەی تاکوو ڕاگەیەنەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیاسەتی لەبەرچاوگرتنی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ئەوەندە چوونە پێش کە هێندێکجار ئەحزابی باشووری کوردستان ئەگەر لێشی ئاگادار بن، بە پێویستی نازانن. دوایین نموونە ئامادەیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ بەشداری لە شەڕ دژی داعش بوو؛ کە حیزبەکانی باشووری کوردستان وەریان نەگرتن و تەنانەت هێندێکیان کە سەربەخۆ چوون، گێڕایاننەوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتەکانەوە دەردەکەوێ کە بۆ زۆربەی ئەندامانی ئەم حیزبانە شارەزایی لە جوغرافیاو کێشەو مەسەلەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان گەلێک کرنگترە لە شارەزابوون بە جوغرافیاو کێشەو مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٧٧ دا لە کاتی گیرانی بەڕێز ئۆجەلاندا حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم هێزی کوردی بوو، تەنانەت بەر لە خودی پ.ک.ک ش هەلوێستی گرت و مەحکوومی کرد هاودەردیی خۆی بۆ پ.ک.ک و خەڵکی کوردستان لە باکوور دەربڕی و خەڵکی کوردستانی هان دا کە لە هەر جێگایەک بۆیان دەگونجێ لە ڕێپێوانەکاندا ئەو کردەوەیەی مەحکووم بکەن. کۆماری ئیسلامییش کە پێوەندی و دۆستایەتیی لەگەڵ پ.ک.ک هەیە ئیزنی دا لە شارەکانی کوردستان ڕێپێوان بکرێ. لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەممەی ئەو ساڵەدا لە شاری سنە لە کاتی ڕێپێواندا کە خەڵک دروشمیان بە لایەنگری لە حیزبی دیموکرات دا کەوتنە بەر دەسڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێدا ٥٣ کەس شەهید بوون. کۆماری ئیسلامی و پ.ک.ک هەردووکیان ئەو خۆپێشاندەرانەیان بە گێرە شێوێن و مۆرەی ئیسراییل لەقەڵەم دا! کەچی لە ئاکامی بۆشایی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتدا بەشێک لەو هێزە لاوەی کە هەستی کوردایەتی و ئازادیخوازیی هەیە بەرەو پ.ک.ک دەکشێ.

لە ئاکامی ئەو هۆیانەی سەرەوەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەکانی و تەنانەت هێزە سیاسییەکانی کەوتوونەتە پەراوێزەوە، لە کاتێکدا بارودۆخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئێ هەموو پارچەکانی دیکە خراپترە. ئەگەر لەم دواییانەدا داعش سەری هەڵ نەدابا دڕندەترین ڕێژیمی زاڵ بەسەر کوردستاندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، کەچی لە ئاکامی ئەو وەزعەدا کۆماری ئیسلامی خۆی وەک دۆست و یارمەتیدەری کورد لە لای کوردی پارچەکانی دیکە لەقەڵەم دەدا. بەو بێدەنگییە نیسبییەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە کۆماری ئیسلامی ئیددیعا دەکا کە کورد لە ئێران کێشەی نیە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش ناو و ئیعتیباری جارانیان لە لای پارچەکانی دیکەی کوردستان نەمێنێ.

# خەسارناسیی لێکدابڕان و کێشەی بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەمرۆ



ئارەش لۆڕستانی
و: ئاڵەشێن

لەم کورتەوتارەدا هەوڵ دەدەین سەرەکییترین کێشەکانی بەردەم داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەمپەڕی بەر بزووتنەوە سیاسییەکانن‌و دەبنە هۆی دابڕان‌و کێشەی بنەڕەتی نێوانیان تاووتوێ بکەین. خوێنەر بە خوێندنەوەی سەرپێیی‌و کورتەشرۆڤەیەک باشترو ئاسانتر لە چەمکەکان دەگا.

مرۆڤ بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی‌و گونجاو دەگەڵ زانست‌و کاریگەریی لەسەر جیهان، دۆمینۆیەکی ناسکی پێکهێناوە کە دەگەڵ خزینی هەرکامیان گشتی پێکهاتەو ستراکتۆر دەڕمێ.

یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی کۆمەڵناسی‌و سیاسەت، پێوەندیی تاک‌و کۆمەڵگەیەو ئەم هاوسەنگییە بەردەوام گۆڕانێکی هێند سەیری بەسەر داهاتووە کە قەت هاوسەنگیی ئەم پێوەندییانە بە بنەما وەرنەگیراوە، بەڵکو تاک‌و کۆمەڵگە دەبن بە ئامێر بۆ گەیشتن بە ئامانج‌و مەبەستە مەزن‌و بچووکە سیاسی-ئابوورییەکان و، زانستیش لە نێوەدا تەنیا پاساوهێنەرەوەو ڕازێنەری ئەم خواستانەیە.

مێژوو وەک لقێکی زانست بە سەرنجدان بە فاکتۆرە نابڕاوەکانی خۆی، یەکێکە لە کێشەخولقێنترین بنەماکانی زانستە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و بە سەرنجدان بە گێڕانەوەو لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی دەبێ بە پێگەی حەقویژیی‌و حەقخوازیی بیرمەندان‌و چالاکان.

زۆربەی چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی، پێیان وایە مێژوو پێوەستە بە ڕابردووەو تەنیا هەندێکی کەمیان مێژووی داهاتوو بە تەواوکەری گشتی مێژوو دەزانن. مێژوو کاتێک دەکەوێتە مەودایەکی زەمەنییەوە و زانستەکانی دیکە بە ڕازاندنەوەی مەشرووعیەت پەیدا دەکەن، روون و ئاشکرا مەتەلی زەق‌بووەوەی پێوەندی تاکەکەس و کۆمەڵگە تا ئەو جێیەی کە ڕەسەنایەتی مێژوو بووە بە سەنگی مەحەکی ڕاست و دروستی هەموو ئەندێشەیەک. کەسایەتی‌پەرستی، چین‌پەرستی (طبقەپرستی)، دەسەڵاتپەرستی و .... ئەو بەرزەکانن ئێمە بەرەو پێگەیەکی مەزنتر لە تاکەکەس و کۆمەڵگە دەفڕێنن، دەبین بە ئیلیت و لە سەرەوە لە خەڵک دەڕوانین، بە ڕواڵەت خۆمان بە نوێنەری ئەوان دەزانین بەڵام نوێنەرگەلێک کە پۆڵا لە ناخیاندا خاراوە و پێمان وایە توانای مرۆڤ دەکەین بە توانای دێوو درنج، مەزنەمرۆڤ دەبێ بە مەنتقمان‌و حەق تەنیا لە ڕوانگەی ئێمە پێناسە دەکرێ. ئازادی و دادپەروەری، دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ وت‌وویرێکی زروقەو بروقەدارن کە زۆر زیرەکانە مافخوازی‌و ڕەوابوونمان لە نێو خەڵکێکی ئازارگەستە، بۆ داهاتوو مزگێنی دەدەن.

زیاتر لە سەت ساڵە چووینەتە مەیدانی هزرمەندی نوێی زانستییەوە و بەردەوام خەبات بۆ دروشمانە دەکەین کە ڕێژیمە ملهوڕو سەرەڕۆکانیش بەرزی دەکەنەوە.

لە بەرانبەر هێزی دەسەڵاتداری کۆمەڵگە کە تاکە سیستمی حکوومەتی نییە، بەڵکو هەژاری‌و لاوازی فەرهەنگی‌و جۆرەکانی هەڵاواردنیش لە کۆمەڵگەدا دەسرۆیشتوون لە «ئێمە» لە بەرانبەر «ئەوان»دا کەڵک وەردەگرن. «ئێمە» کێیەو تایبەتمەندییەکانی چین؟

کاتێک «ئێمە» بە هەموو دژبەرانی سیستمی زاڵ دادەنرێ، «ئەوانیش» بە ئاشکرا دوژمنی «ئێمە»ن. بەڵام «ئێمە» خەڵکیش دەگرێتەوە؟ ئەرێ ئەو دژبەرانەی لە قوژبنی زیندان دان بەڕاستی نوێنەریان هەیە؟ گەلۆ «ئێمە» یەکیەتی ڕاستەقینەی هەموو دژبەرانە بۆ رووخاندنی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و پەنا بردن بۆ زۆرینەی «ئێمە» کە دەبێ هەمەن خەڵک بێ، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیەتی؟ ئەگەر وایە کەواتە ئەو شەڕانە بۆ هەڵفریواندنی خەڵک و تۆمەت هەڵبەستن بۆ یەکتری لە پێناو چی دایە؟ ئەگەر بەڕاستی خەڵک شوێندانەرترین هۆکاری هەڵبژاردنن ئەدی زەق‌کردنەوەی مێژوویی، کە هەمووی زوڵم و ستەمە بۆ چییە؟ ئەرێ کورووش و داریوش و .... یەکیەتی‌خولقێنن، ئەدی قازی محەمەد، بابەک، مەزدەک، رەئیس ئەلی دلواری، شیر عەلیمەردان، میرزا کوچەکی جەنگەلی، سەتارخان و باقرخان و ... نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک نین؟ زۆر جێگەی داخە سیستمە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو جۆرێک هەوڵی چەوساندنەوەی خەڵک و پەراوێزخستنی چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەدەن و لە بەرانبەر جیابیراندا هەمیشە یەکگرتوون، بەڵام دژبەرانی ئەم سیستمە دیکتاتۆرانە دەگەڵ یەک یەکگرتوو نین. بنئاژۆخواز، ریفۆرمخواز، پیڕەوی هێڵی ئیمام و .... هەموان لەسەر گوێڕایەڵی کۆماری ئیسلامی کۆکن کەچی زۆربەی «ئێمە» چ لەبەرانبەر «ئەوان» و چ لە بەرانبەر خۆشمان «ئێمە»دا تووشی هەڵە و ڕەشبینین.

ئەگەر یەکپارچەیی و ڕەسەنایەتی مێژوویی و مەزهەب پێوەری حەقە، کەواتە بۆ باسی دیموکراسی دەکرێ؟ مرۆڤی ئازاد و مافی مرۆڤ لە بەرابەر شارستانییەتی لێڵی چەند هەزار ساڵەدا چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر پێشکەوتن و لانی کەمی هەلومەرجی ئاشتیخوازی لە سەر پێوەری بەستێنی قانوونەکانی مافی مرۆڤ بێ، دیارە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کۆمەڵگەتەوەر لە دانانی قانوونەکانی مافی مرۆڤ و ئەو ئیدانەی کە ئاسۆیەکی روون بۆ ئەمرۆ وێنادەکەن، هیچ گرنگییەکیان بە مێژوو و ڕەسەنایەتی مێژوویی لە سەرەتی سەرەکی خۆیان نەداوەو هەوڵ دەدەن ئەو قانوونانە بۆ مرۆڤەکانی جیهان لە هەلومەرج و ژینگەی جۆراوجۆردا وەک پێوەری دادوەری و بایەخ‌پێدان بەکاربێ و بە جێی دروست کردنی مەزنەمرۆڤ‌و یۆتۆپیا، مرۆڤ ئەو جۆرەی هەیە وەک تاکەکەس‌و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا تاووتوێی بکەن و هەر بەو مرۆڤە ئاساییەوە کە بناغەی هەموو پێشکەوتن‌و هەوڵ و کۆششەکانە، کۆمەڵگە بەرەو داهاتوویەک بەرن کە مرۆڤ تێیدا لە خۆی نامۆ نەبێ‌و هەروەها تووشی خولیای بوونەوەری خەیاڵی یۆتۆپیایی نەبێ‌و بەرەو ڕاستییەک کە شایانی شەنوکەوێکی ڕاستەقینە بێ، بە سەرنجدان بە هاوسەنگی پێوەندیی تاکەکەس و کۆمەڵگە بێ پێناسە بکەن.

> **زۆر جێگەی داخە سیستمە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو جۆرێک هەوڵی چەوساندنەوەی خەڵک و پەراوێزخستنی چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەدەن و لە بەرانبەر جیابیراندا هەمیشە یەکگرتوون، بەڵام دژبەرانی ئەم سیستمە دیکتاتۆرانە دەگەڵ یەک یەکگرتوو نین. بنئاژۆخواز، ریفۆرمخواز، پیڕەوی هێڵی ئیمام و .... هەموان لەسەر گوێڕایەڵی کۆماری ئیسلامی کۆکن کەچی زۆربەی «ئێمە» چ لەبەرانبەر «ئەوان» و چ لە بەرانبەر خۆشمان «ئێمە»دا تووشی هەڵە و ڕەشبینین**

نەتەوە، ئێتنیک و .... ئەو سنوورە هزرییانەن مرۆڤ بۆ ناساندنی شووناسی خۆی کەڵکیان لێ‌وەردەگرێ و ئەگەر ئەم چەمکانە زیان بە ئازادی و شووناسی مرۆڤ بگەیەنن – چ لە بابەتەکانی دژبەران و چ لە باسەکانی لایەنگران – دا دەبێ بزانین لاڕێ ڕۆیشتووین و دەبێ بە هزر و بیروبۆچوونی خۆمان و دژبەرانماندا بچینەوەو هەروەها دەبێ بزانین هەموو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک حکوومەت، نەتەوە، ئێتنیک و .... تەنیا بۆ یەکیەتی و ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکان، گرەنتی بەرتەسکنەبوونەوەی ئازادی و پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی توانای سیاسی-کۆمەڵایەتی پێکی‌هاتوون و ئەگەر ئەم چەمکانە و هەر پێناسەیەکی دیکە بۆ فەوتاندنی بایەخ و مافی مرۆڤ و جووڵان بەرەو روانین گشتی و تاکتەوەری بچێ بەبێ شک «ئێمە» دەبێتە قیلی کەوای سپی کە لە سەد فەرسەنگییەوە لێککنەهاتنی دیارە.

کاتێک «ئەوان» بە هەموو توانا ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، سەربازی و زانیاریی هەوڵی بەردەوامیناکۆکیی نیروی انتظامی و سوپاو بەسیج لە میرەدیی سەقز تەقە و پێکهەڵپرژانی لێ دەکەوێتەوهو سەقامگیری‌و برەوی دەسەڵاتی خۆیان دەدەن و شەوورۆژ لە ڕێگەی میدیاییەوە خەڵکی جیهان بۆمبارانی زانیاری دەکەن و تئۆریسییەنەکانی «ئەوان» هەمیشە بەدوای ئابدەیتی ئامێر و ئامرازەکانی دەسەڵاتەوەن، لە بەرانبەردا «ئێمە» دژکردەوەی چییە و یان لە بەرانبەر تۆکمەیی کارکردی «ئەوان» دا دەتوانێ براوەی ئەم شەڕە نایەکسانە بێ؟ ڕەنگە بە سەرنجدان بە دژکردەوەی خەڵک‌و نارەزایەتییەکانی دوای سەرکۆماری ١٣٨٨، کاتێک «ئێمە» نەیتوانی هێزی ئەڵتەرناتیڤ بۆ رووخاندنی ڕێژیم بخاتە روو، «ئێمە» تەنیا درووشمی ڕواڵەتی و فرۆفیشاڵییەکە کە خۆپەرستی و نەزانی و چەقبەستوویی و سەرەڕۆیی هزری دادەپۆشێنێ.

---

# ڕۆژی جیهانیی ژینگەو ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



تەهای ڕەحیمی

پرسی ژینگەو ژیان لە ژینگەیەکی تەندروستدا، بەپاڵ هەموو گیروگرفت‌و قەیرانەکانی دیکەوە بە شێنەیی‌و گورچوبڕترو بێ ئەوەی خەمخۆری خەڵکێکی زۆر هەڵخڕێنی، ئاقاری ژیانی مرۆڤ و هەروەها بوونەوەرانی تاکە گۆی زیندووی ناسراوی کاکەشان و ئاسمانەکان دەخاتە بەر مەترسییەکی قورس و گران. قەیران و مەترسییەک، کە توێژەرانی ژیوارناس و کەشناس و لایەنە خەمخۆرەکان‌و پاراستنی ژینگە لەمێژە بە توندی دەسەڵاتداران و دەسرۆیشتووانی جیهانی لێ ئاگادار دەکەنەوە ئەگەر خەمی لێ نەخورێ، ڕەنگە ژیان و ژینگەی ئەمرۆ و دوێنێمان وەک خۆی بە داهاتووەکان نەسپێرین و بە بەکارهێنانی زێدەڕۆییانەی ئەو سیستم و ئامێرو ئامرازانەی بۆ خۆشبژیوی و ئاسودەیی و ڕەنگە بتوانین بڵێین لە سۆنگەی چاوچنۆکی و هێژمۆنیخوازی مرۆڤەکان لە بەرانبەر یەکتر لە لانکەی گەرموگوڕی گۆی ژیاندا، ڕۆڵێکی پێچەوانە بۆ داهاتووی ژیان بە دیاری بێنێ. ئەگەر لە مێژوودا، بەتایبەتی لە مێژووی زۆر دووردا دەبینین کارەساتە سروشتی و گۆڕانکارییەکانی کەش‌وهەواو قۆناخە گەرم و ساردەکانی گۆی زەوی ژیانیان لە بوونەوەرانی سەرزەوی تاڵ دەکرد، هەمێستا و هەنووکە ئەوە مرۆڤە کە بەهۆی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی هەندێک سیستم و وەگەڕخستنی ئامێرو ئامراز بە بێ گرنگیدان بە کاریگەرییە نەرێنی و نێگەتیڤەکانی خەریکە ژیان لە خۆی‌و وەچەکانی داهاتووی تاڵ دەکا. گەرم بوونی زەوی‌و گۆڕانی نەرێنی کەش‌وهەوای جیهان و توانەوەی بەستەڵەکەکانی جەمسەرەکان کە چەند ساڵە بە جیدی باسی لێ دەکرێ و وڵاتان و دەسەڵاتدارانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، نیشانە سەرشێتانەکانی بە شەپۆلی دەریاکاندا دەرخست و سۆنامییەکان کە کاوڵکارییەکی زۆری لە کەنارەکانی زەریاکانی جیهان لێکەوتۆتەوە ئاکامی گۆڕانێکە لە ئەتۆمۆسفێری زەوی کە ڕەنگە کاریگەرییەکی زۆر خراپتری لە قۆناخە بەستەڵەکانی مێژووی زەوی بێ؛ کە زۆر جاران ژیانی بوونەوەرانی پەک خستوەو سەدان و هەزران ساڵی پێ چووە هەتا گیانلەبەران لەم نسکۆ پشتیان ڕاست کردۆتەوە.

مرۆڤ تەنیا بە هۆکاری گەرمکردن زەوی نەبووەتە تێکدەر رەوتی ئیکۆسیستمی ژیان، بەڵکو لە سەر وشکانییەکان و بە بەکارهێنانی دەیان و سەدان ڕێگەو ماددەو چەکو تەقەمەنی‌و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتی‌و ژێرزەمینییەکان‌و ..... خەریکە ئەم گۆ شین‌و ئاوەدانە دەکا بە زبڵدانێک کە بواری ژیانی تێدا ئەستەم دەبێ. لەم سۆنگەیەدا دەگەڵ زرینگەی زەنگی هۆشداری کارناسان و ئاکامەکانی کەمتەرخەمی لەهەمبەر ژینگە، هەر وڵاتەی کە خەمخۆری خۆی هەیەو بە گوێرەی توانایی و ئەم جۆرەی بۆی دەلوێ لە بیری خاوێن ڕاگرتن و سارێژکردنەوەی بست بە بستی خاک و نیشتمانەکەی دایەو هەوڵ دەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەرگری لەم کردانە بکا، کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن هەروەها زۆربەی وڵاتان ئەم سیستم و وەبەرهێنانانە ڕادەگرن کە دەبنە هۆی زیان و خەسار گەیاندن بە ژینگە.

ئێران، کە بەشێکی بەرینی کوردستانیشی لەبەردەست دایە لەمێژە بە هۆی زێدڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکان، بەکارهێنانی ناستانداردی بەرهەمە نەوتییەکان، بەرنامە نادروستی کەڵکوەرگرتن لە ئاو، سووتانی شیناوەرد و لێرەوارەکان، پیس کردنی ئاوی رووبارو گۆلەکان بەهۆی پاشەڕۆی کارگەکان، بەکارهێنانی دەزگەو ئامێری پارازێت، هەڵکەندنی چاڵاو بە شێوەیەکی بەرەڵڵاوو نەگونجاو، ڕاوی زێدڕۆیانەی بوونەوەرە دەگمەنەکان و سەدان کاروکردەوەی نەشیاوی دیکە خەریکە ژینگە و ئیکۆسیستم لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بەرەو هەڵدێر دەبا. زۆر لەمێژە هەندێک لە رووبارە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە هاوینان تینووی چۆڕە ئاوێکن؛ لە کوردستان ئاوی جەغتوو بەرێ شارەکانی دیکە دەکرێ و دەشتی بەبەر بەرەوەی گۆلی ورمێ لە توونیان دەبێ بە شۆرەکات.

گۆلی ورمێ ئەگەرچی گۆڕانی کەش و هەواو کەمی باران و بەفر هۆکارێکن بۆ کەم کردنی ئاوەکەی، بەڵام بە گوێرەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە هەڵبەستنی بەبێ بەرنامە و ڕەچاوی زانستی سەدان ئاوبەند لەسەر ئەم چۆمانەی دەڕژێنە ئەم گۆلەوە، هۆکارێکی گەورەی وشک بوونیەتی. هەروەها ئامار و لێکۆڵینەوەی ئاکامەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێ کە لە دوا هەناسەکانی دایە ئاماژەن بۆ کارەساتێک کە ڕەنگە بە چەندان کیلۆمیتری دەوری خۆی بە دانیشتووانی چۆڵ بکاو لە ئەمانەش گرنگتر ئیکۆسیستمی ناوچەکە بخاتە ژێر مەترسییەوە. کۆماری ئیسلامی نەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بۆ سارێژی خاک و ژینگە نادات، بەڵکو ئاکارو کرداری لەهەمبەڕ سووتانی بە پانەوەی دارو دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان و لۆڕستان ئاماژەن بۆ شەڕی ڕانەگەیەنراوی کۆماری ئیسلامی دژی ئەو خاکەی کەسانێکی ئازادیخواز و نەبەردی پەروەردە کردووەوە مل بۆ ئایدیۆلۆژی چەقبەستووی مەندیل لەسەرەکان ڕاناکێشن. ڕێژیم لە ڕۆژهەڵات نەک یارمەتیدەر نییە بۆ بەرگری لە پیسبوون و تێکچوونی ڕەوتی ئاسایی ژینگە بەڵکو ڕێگرە لەبەر ئەو گرووپ و دامەزراوە خۆڕسکانەی هەوڵ دەدەن خەم لە ژینگەی نیشتمانەکەیان بخۆن. ئاماری نەخۆشییەکان لە ئێران کە هۆکاریی سەرەکیی بواری دەروونی و ژینگەن، لە ناوچە کوردستانییەکان ڕێکوردی شکاندوە.



ژینگەی پیس کاریگەریی تەواوی هەیە لەسەر تەندروستی ئەم بوونەوەرانی لەسەری دەژین. کوردستان ڕەنگە ئەگەر بڵێین کوردستانی گەورەش هەتا مێژوو لەبیرێتی گۆڕەپانێک بووە بۆ شەڕی دەسەڵاتە جیهانی ناوچەییەکان، کە دیارە بە داهاتنی چەک و تەقەمەنی کاوڵکار، ئەم چەک و تەقەمەنییانە کاریگەریی درێژخایەن لەسەر ئەم خاکە جێ دەهێڵن. شەڕی ٨ ساڵەی زێدەخوازانەی سەدام و خومەینی لە سایەی هەناردەی شۆڕشەوە زۆربەری هەرە زۆری لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کرا، کە هەنووکەش پاشهاتە نەرێنییەکانی دەبنە هۆی نەخۆش بوونی دانیشتووانی. سەرەڕای ئەمانەش ڕێژیم هیچ شوێنێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ باشتر نییە تا چەکە نوێ و تازەکانی لێ تاقی بکاتەوەو زۆربەی مانۆڕەکانی لە مەلبەندە ئەنجام دەداو بەبێ گوێدان بە سلامەتی و لەش‌ساغی دانیشتووانی بە سەدان ئامێری پارازیتی لە شارەکانی کوردستان دامەرزاندوە بە بیانووی بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی وڵاتان کە بە شاڵاوی فەرهەنگی ناوی دەبا ئەوەندی دیکە ژارو ماددەی ژاراوی تێکەڵ بە ئاوو خاکی ئەم نیشتمانە داگیرکراوەدا دەکا. ژینگەی برینداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەمخۆرێکی نییە جگە لە خەڵکی کوردستان و ئەم دامەزراوانەی کە بەحەق دەبێ پارت و لایەنە کوردییەکان پشتیوانیان لێ بکەن کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆریان بۆپاراستنی ژینگەی کوردستان داوەو تەنانەت وەک بیروڕای گشتی کوردستان لێی ئاگادارە لەم پێناوەدا تووشی ڕاوەدوونان و گرتنیش بوون. هەروەها هەڵمەتی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژینگە کە ئەمساڵ ڕۆژهەڵاتی گرتەوەو بووەتە مایەی شانازی خەڵکێک کە بەمجۆرە شارستانییەت و خەمۆخۆری خۆیان لەهەمبەر نیشتمان و باڵندە و فڕندەی خاکەکەیان نیشان دەدەن. ئەگەرچی ئەم خەڵکە بە هەموو تواناوە قۆلی هیمەتیان لێ هەڵماڵیوەو خەریک ساغ کردنەوە و سارێژکردنەوەی ئەم زام و برینانەن خاکی نیشتمانی ڕووشاندوە، بەڵام سیستمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە هەوڵی تەگەرەخستنە بەر هەوڵی خەڵک دایە و خۆشی بە ئاشکرا لە رووتاندنەوەو خەسار گەیاندن بە ئاخی کوردستان بەردەوامە.

# نەبوونی باڵانس لە سیاسەتی دەوڵەتی ڕووحانی دا

## ( لە پەراوێزی سەفەری دووەمی ڕووحانیدا بۆ نیۆیۆرک)



ڕێبوار مەعرووفزادە

سەرۆک کۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی، بۆ جاری دووهەم سەردانی نیۆیۆرکی کرد و لە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێکخرای نەتەوەیەکگرتووەکان وتارێکی پێشکەش کرد. ئەو وتارە بۆ جارێکی دیکە جەختی لە سەر پرسی ئەتۆمی ئێران و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد. ڕوحانی پاش ٣٦ ساڵ وەک سەرۆک کۆماری ئێران لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، دەیوید کامرۆن، کرد. ئەو سەفەرە لە حالێکدا ئەنجام درا کە زیاتر لە یەکساڵ بەسەر دەوڵەتی ڕوحانی دا تێدەپەڕێ و سیاسەتی دەرەوە و پرسی ئەتۆمی ئێران گرینگترین واتایەکی دیکە داعش، پرسی ئەتۆمی ئێرانی تارادەیەک پەراوێز خست. پرسی داعش لە عێراق بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک پرسی سەرەکی دەرکەوت و تەنانەت ئەوان خوازیاری ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شەر لەگەڵ داعش بوون. ئەوە لەحالێکدا بۆ ئێران دانیشتنەکانی ئێران و ڕۆژئاوا لە سەر پرسی ئەتۆمیو لاچوونی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا وەک گرینگترین تەوەری سیاسەتی دەرەوە دەرکەوت. هەر بۆیە لە لایەک دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە هەوڵ دان کە ئێران بە دژی داعش شەرێکی جیددیتر بکا و لە لایەکی دیکە ئێران دەیهەوێ شەڕ لە بەرامبەر داعش وەک کارتێک بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە دانیشتنەکانی ئەتۆمی بەکار بێنێ.

### دیداری کامرۆن و ڕوحانی

پاش ٣٦ ساڵ دوو بەرپرسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران و بریتانیا لە ئاستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران لەگەڵ یەکتر دیداریان کرد. ئەو دانیشتنەی دەیوید کامرۆن و ڕوحانی لە دەفتەری بریتانیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بە شێوەیەکی داخراو ڕۆژئاوادا ئێستاش هەر هێمنانەتر لە ئەحمەدی نژادە. هەر جار کە ئەحمەدی نژاد دەچوو بۆ وتاردان لە نەتەوەیەکگرتووەکان، زۆرێک لە وڵاتان بە نیشانەی نارەزایەتی هۆڵی دانیشتنەکەیان چۆل دەکرد. بەڵام ڕوحانی ئەوەندەی جەختی لە چارەسەری کێشەی ئەتۆمیو کردنەوە دیپلۆماسی کردوە، کردنەوە فەزای نێوخۆیی پەراوێز خستووە. ڕوحانی لە وتووێژ لەگەڵ کریستین ئەمانپوور، هەواڵنێری کاناڵی CNN ڕایگەیاند کە «من بڕوا ناکەم کەس بە هۆی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن دەستەبەر کرابێ.» ئەو قسانەی ڕوحانی نارەزایەتی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی لێکەوەتەوە.

١٣٥ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە نامەیەکی کراوەدا لە کاردانەوە بەو قسانەی ڕوحانی وتیان کە ئەو نکۆلی لە واقعیەتی ئێران دەکاو هەوڵی داوە دەستکاری ئەو ڕاستیانە بکا. دەستەبەکاربوونەوەی ئەنجوەنی سنفی ڕۆژنامەنووسان یەکێک لەو بەلێنانەی ڕوحانی بووە کە تاکوو ئێستاش جێبەجێ نەکراوە. لە دوای هاتنەسەرکاری ڕوحانیش ژمارەیەک



تەوەر لە پێناسەکردنی ئەو دەوڵەتە بوون. هەر بۆیە لێکدانەوەی سەفەری ڕۆحانی بۆ نیۆیۆرک بەجۆرێک لێکدانەوەی کارنامەی دەوڵەتی ڕوحانیشە.

### بەراوردی سەفەری یەکەم و دووهەمی ڕوحانی

سەفەری یەکەمی ڕوحانی بە هۆی ئەوەی تازە پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتبوو، بۆ ڕۆژئاوا و میدیاکانی ڕۆژئاوا جێگەی سەرنجێکی زۆر بوو. ئەودەم ئەوەی ڕوحانی و ئۆباما لەگەڵ یەک دەست دەدەنەوە یان نا و دواتریش قسەکردنی تەلەفۆنی ئەو دوو سەرۆک کۆمارە بووە جێی سەرنجی میدیاکانی جیهان. بەڵام پاش تێپەڕینی یەکساڵ بەسەر سیاسەتەکانی ڕوحانی، سەفەری ئەو بۆ نیۆیۆرک چیدیکە خاوەنی ئەو گرینگییەی ساڵی پێشووی نەبوو. هەروەها هێزگرتنی داعش لە عێراق و سووریە، بە تایبەتی گرتنی پارێزگای مووسڵ لە لایەن ئەو ڕێکخراوە توندرەوە ئیسلامییە، وەک گرینگترین تەوەری جیهانی دەرکەوت و زۆرێک لە سەرۆک کۆمارانی جیهان جەختیان لەسەر خەبات بە دژی داعش وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی کرد. بە بەڕێوە چوو. هەرچەند ئێران هەوڵی دا ئەو دیدارە وەک چالاکبوونی دیپلۆماسی ئێرانو بۆ گەورەکردنی ڕوحانی بەکار بێنێ، بەڵام قسەکانی دەیوید کامرۆن لە دوای ئەو دیدارە و لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەریخست کە ئەوان لەو دانیشتنە بە ڕێکەوتنێک نەگەیشتوون. دەیوید کامرۆن لە وتارەکەی ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ڕوحانی ناکۆکی زۆریان هەبووە و پێویستە ئێران لە بواری پشتیوانی کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان، پرسی ئەتۆمیو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی ئێران، سیاسەتی بگۆرێ. شایانی ئاماژەیە کە باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران لە ڕێکەوتی ٨ سەرماوەزی ١٣٩٠ هێرشی کرایە سەر و هەر بۆیە بریتانیا باڵوێزخانەی خۆی لە ئێران داخستو دیپلۆماتەکانی ئێرانیشی لە لەندەن دەرکرد. ڕەنگە کامرۆن لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕوحانیدا، پرسی کردنەوەی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تارانیشی باس کردبێو ئێرانیش جەختی لەسەر پرسی ئەتۆمی کردبێ.

### سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە

ڕوحانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووس دەستبەسەر کراون. دیارە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کوردیش دەستبەسەر کراون کە دەکرێ ئاماژە بە محەممەد سدیقی کەبوودوەند، عەدنان حەسەنپوور، خوسرەو و مەسعوود کوردپوور بکەین.


### ئاکام گیری

دەوڵەتی ڕوحانی نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی بەرچاو دەستەبەر بکاو بە بایەخنەدان بە کردنەوەی فەزای نێوخۆیی دەنگدەران و لایەنگرانی ڕێفورمخوازانی نائومێد کردوە. لە لایەک عێراق بە شیعەگەرایی وێرانتر لە جارانەو یەک لە سەر سێی ئەو وڵاتە کەوتۆتە دەست داعش. ڕەنگە یەکەم ئاکامی نەبوونی باڵانس لە سیاسەتی دەوڵەتی ڕوحانی دا لە هەڵبژاردنی پەرلمانی داهاتوودا دەرکەوێ.

سەرچاوەکان:
بیبیسی فارسی
قسەکانی رووحانی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

# ژیاننامەی جۆن ئەدەمز (٢)

ن: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی



دووەم سەرۆک کۆماری ئەمریکا (خولی سەرۆکایەتی ١٨٠١- ١٧٩٧)
ن: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی و لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی

جۆن ئەدەمز، کە کەسێکی زاناو خاوەن ئەندێشە بوو، زیاتر وەک فەیلەسووفێکی سیاسی، جێی بایەخ و سەرنج بوو تا سیاسەتوانێک. بێ گومان دەبێ بیری لە ئەزموونی خۆی و ئەمریکا کردبێتەوە، کاتێک دەیوت: « گەل و نەتەوەکان لە ناو ئاگری بەدبەختی و نەهامەتییەکان، ساختە دەکرێن.»

ئەدەمز لە ساڵی ١٧٣٥ لە کۆلۆنی زەریاچەی ماساچوسێتس لە دایک بوو. ئەو کە پارێزەرێکی دەرچووی زانکۆی هارڤارد بوو، هەر زوو وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر پێناسە کرا؛ وەک نوێنەرێک لە کۆنگرەکانی کۆنتینانتاڵی یەکەم و دووەم، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە بزاڤی سەربەخۆیی.

لە ماوەی شەڕی شۆڕشگێڕی، وەک دیپلۆماتکارێک لە وڵاتانی فەڕەنسا و هۆڵەندا خزمەتی کردو لە وتووێژەکانی پەیمانی ئاشتیدا، ڕۆڵێکی یارمەتیدەرانەی گێڕا. لە ماوەی ساڵەکانی ١٧٨٥ بۆ ١٧٨٨، باڵوێزی ئەمریکا بوو لە دادگای سەینت جەیمز [ لە لەندەن] و لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەمریکا، بە جێگری سەرۆک کۆمار کە ئەو کات جۆرج واشینتۆن بوو هەڵبژێردرا.

ئەو دوو خولەی جێگری سەرەک کۆماری، بۆ کەسێکی خاوەن وزە و زانا و خۆبەزلزانی وەک ئەو، ئەزموونێکی ناخۆش وپڕ لە بێ هیوایی بوو. جارێکیان، لای خێزانەکەی، ئابیگەیڵ، وەک گلەییەک وتبووی: « وڵاتەکەم بەو پەڕی ژیرییەوە، بۆ من بێماناترین ئۆفیسی داناوە کە تا ئێستا داهێنانی مرۆڤ بیری لێ کردبێتەوە یا تەنانەت لە خەیاڵیشیدا وێنای کردبێت.»

کاتێک ئەدەمز بوو بە سەرەک کۆمار، شەڕی نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا لە ناو ئاوە ئازادەکان خەریک بوو کێشەو دژواری گەلێک گەورەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەروەها حیزبایەتی تۆخ لە نێوان کوتلە دژبەرەکان لە ناوخۆی وڵات دەتەنییەوە.

ئیدارەکەی ئەدەمز، سەرنج و جەختی زیاتری خستبووە سەر فەڕەنسا. لەو وڵاتەدا، بەڕێوەبەرایەتی، واتە گرووپی دەسەڵاتدار، ڕەتیان کردبۆوە پێشوازی لە نێردراوی ئەمریکا بکەن و هەروەها پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا هەڵپەساردبوو.

پاشان ئەدەمز سێ ڕاسپێراوی نارد بۆ فەڕەنسا، بەڵام لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٧٩٨ پەیامێکی بۆ هات کە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، تالیراند، و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی فەڕەنسا ڕەتیان کردبۆوە کە وتووێژیان لەگەڵ بکەن مەگەر ئەوەیکە پێشەکی بەرتیلێکی گەورەیان بدەنێ. ئەدەمز ڕاپۆرتی ئەو بێڕێزیەی بۆ کۆنگرە ناردو سەنا ئەرکی چاپی نووسراوەکانی وەئەستۆ گرت. لە نووسراوەکاندا، تەنیا بە پیتەکانی «ئێکس و وای و زی» ئاماژە بە فەڕەنسییەکان درابوو.

گەلی ئەمریکا کەوتبووە دۆخێکەوە کە جێفرسۆن ناوی « تاکەی ئێکس، وای، زی» لێ نابوو و ڕێژەی تاکەش بە هۆی وتارەکانی ئەدەمزەوە، بەردەوام بەرز دەبۆوە. کۆمەڵانی خەڵک، لە هەر شوێنێک کە سەرۆک کۆمار دەردەکەوت، بە دەنگی بەرز هەلهەلەیان لێدەدا. پێشتر فیدڕالیستەکان هەرگیز ئەوەندە لایەنگر و هەواداریان نەبووبوو.

کۆنگرە پارەی پێویستی تەرخان کرد بۆ تەواو کردنی سێ کەشتی پارێزگاری نوێ و بۆ دروست کردنی کەشتی زیاتر، و هەروەها ئیزنی بە کۆکردنەوە خەڵک بۆ بنیاتنانی سوپایەکی کاتی دا. دواتر بۆ ترساندنی سیخووڕە بیانییەکان و دەرپەڕاندنیان لە وڵات و سەرکوتکردنی هێرشەکانی سەرنووسەرە کۆماریخوازەکان، یاساکانی بیانییەکان و ئاژاوەگێڕانی دەرکرد.

سەرۆک کۆمار ئەدەمز، داوای ڕاگەیاندنی شەڕی نەکرد، بەڵام دوژمنایەتی نێوان دوو وڵاتەکە، لە دەریادا دەستی پێکرد. لە سەرەتادا، کەشتییەکان و سیستەمی گواستنەوەی ئاویی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو کەشتییە ناحکوومیە بەکرێگرتانەی فەڕەنسا، بەرگرییان لێ نەدەکرا، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٠ دا، بازرگانە چەکدارەکان و کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا، خەریکی پاککردنەوەی هێڵە ئاوییەکان بوون.

سەرەڕای هەندێک سەرکەوتنی بەرچاوی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا، تای شەڕ نیشتەوە. پەیامێک گەیشتە ئەدەمز کە فەڕەنساش تاقەتی شەڕی نییە و ئامادەن بە ڕێزەوە، پێشوازی لە نێردراوێکی ئەمریکا بکەن. زنجیرەیەک وتووێژی درێژخایەن، کۆتاییان بەو نیمچە شەڕە هێنا.

ناردنی لێژنەیەکی ئاشتی بۆ فەڕەنسا، تووڕەیی و دژایەتی تەواوەتی هامیلتۆنییەکانی دژی ئەدەمز لێ کەوتەوە. لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٠٠دا، کۆماریخوازەکان یەکگرتوو و کاریگەر بوون، بەڵام فیدڕالیستەکان [ لایەنگرانی ئەدەمز] زۆر بە خراپی پرشوبڵاو ببوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەدەمز تەنیا چەند دەنگێکی هەڵبژاردنی کەمتری لە جێفرسۆن هێنا کە دواتر بووە سەرۆک کۆمار.

ئەدەمز لە ڕۆژی یەکەمی نۆڤێمبەری ١٨٠٠، دروست پێش هەڵبژاردنەکان، گەیشتە پێتەختە نوێکەی وڵات بۆ ئەوەی لە شوێنی حەوانەوەکەی لە ناو کۆشکی سپی دا نیشتەجێ بێت. لە دەمەو ئێوارەی ڕۆژی دووەم دا، لە ژووره شێدار و تەواونەکراوەکانی کۆشکەدا، ئەمەی بۆ خێزانەکەی نووسی: « پێش ئەوەی ئەم نووسراوەم تەواو بکەم، ڕوو لە ئاسمان دەپاڕێمەوە کە باشترینەکانی خێر و بەرەکەت بباریێت بە سەر ئەم کۆشکەدا و هەموو ئەو کەسانەی لەوە بە دواوە، لێرە نیشتەجێ دەبن. هیوادارم هیچ کەس جگە لە کەسانی ڕاستگۆ و ژیر لە ناو ئەم کۆشکەدا، دەسەڵاتی وڵات نەگرنە دەست و حکوومەتی وڵات نەکەن.»

ئەدەمز، پاش خانەنشین بوونی، گەڕایەوە مەزراکەی لە کووینسی. هەر لێرەشەوە، نووسراوە دوورو درێژ و پڕ وردەکارییەکانی بۆ تۆماس جێفرسۆن نووسی. وە هەر لێرەش، لە ڕۆژی ٤ی ژوولای ١٨٢٦، کۆتا وشەکانی بە گوێی کەسانی دەوروبەری چرپاند: « تۆماس جێفرسۆن دەمێنێتەوە.» بەڵام جێفرسۆن چەند کاتژمێر بەر لەوە لە مۆنتیسێڵۆ، کۆچی دوایی کردبوو.


سەرچاوە:
http://www.whitehouse.gov/about/presidents/johnadams

کوردستان

ژمارە: ٦٤١

١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٣

٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# ئەدەب و هونەر

## وتووێژی لەگەڵ بەڕێز حەمەعەبباس شاعیرونووسەرو ئەندامی بەڕێوەبەریی مەڵبەندی یەکیەتیی نووسەرانی کورد

**دیمانە: عەلی لەیلاخ**



**بەڕێز کاک حەمەی عەباس! تکایە سەرەتا هێندیک لەسەر ژیانی هونەری خۆتان بۆ خوێنەرانمان باس بکەنو لەکەیەوە دەستت کردوە بە هۆنینەوەی شێعر؟**

**حەمەعەباسم ناوە، لەهەولێر دادەنیشم، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە هاتوومەژیانو لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەنووسم..**
**وەک خۆتان ئاگادارن «شێعر» وەکوو ناسراوترین مەعروف، هێشتاکە تەعریفێکی تەواوی لێنەکراوەو دەیان ڕوانگەی جیاواز هەیە لەم بارەوە جهنابت وەکوو شاعیرێک**

**چ پێناسەیەکت بۆ شێعر هەیە؟**
**حەمەعەباس:** من پێموایە شێعرخۆی پێناسەی خۆیەتی، هەموو پێناسەکان لەدەرەوەی شێعر لێکدانەوەی هەڵەن، خوێنەر بێ ئەوەی پێناسەیەک یان پێناسەگەلێکی خرابیتەبەردەست، لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا تاموبۆی شێعر وەردەگرێت، شێعر لە ڕەچەڵەکی جوانترین جادووە، جادوویەکی دەسەڵاتفراوانو جوانیخوڵقێن، دەکەوینە هەڵەیەکی ئیستاتیکییەوە ئەگەر خۆمان لەقەرەی هەر پێناسەیەک بدەین، بەڵام بۆئەوەی باشتر شێعر بناسین دەبێ لەگەڵ خودی شێعردا لەپەیوەندیی بەردەوام دابین، ئەگەر تۆ ئازارێک نەچێژیت، دەکرێ بەپێناسەیەک بۆ ئازار ئازار بناسیت؟ بێگومان نەخێر.. ئەوەخودی ئازارەکەیە، چەشتنی ئازارەکەیە دبێتە پێناسە بۆی. شێعریش هەروایە.

**کاک حەمە وابزانم بەڕێزت سەردەمانێک بۆ بەرگری لە خاکو نیشتمانەکەت هاوکات لە گەڵ قەڵەم ، چەکی پێشمەرگانت هەڵگرتووە تەنانەت بریندارش بوویت، دەمەوێت ئەمە بکەم بە بیانوویەک بۆ ئەم پرسیارە کە ئایا کەش وهەوای پێشمەرگایەتی کاریگەریی هەبووە بەسەر ئەندیشەی شاعیرانەت؟ ئایا قەڵەم وچەکی پێشمەرگانە دژایەتی یەک ناکەن؟**
**حەمەعەباس:** ئەگەر پێشمەرگایەتی یەکسان بێ بەچەکداریو هیچیتر! واتە چەکداریی بێخەونو خۆشەویستیو خولیای ئازادی، چەکدارییەک دوور لەئازادیو مرۆڤدۆستیو نزیک لەخوێنڕشتنو تاوانکاری، ڕەنگە قەڵەم بخاتە پەراوێزەوە، بەڵام ئەوکاتەی مرۆڤ، مرۆڤی مەزڵووم، بەعەشقێکی گەورەوە چەکی پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێت، هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، وێڕای ئەمە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێ، لەمێژوودا زۆرجار ڕێکەوتووە کەسێکی دڕندەو سەرکوتکارو بەدکردار، کاری جوانی ئەدەبیو هونەری بخوڵقێنێت، ئاخر مرۆڤە نێگەتیڤەکانیش خەونو خولیای خۆیان هەیەو بۆیان هەیە بیکەنە هەوێنی کارە ئەدەبیو هونەرییەکانیان، چونکە دەستبردن بۆ کاری ئەدەبیو هونەری، بۆ هەرکەسێک ڕەوایە جا کەسێکی باش بێت یان خراپ، نیشتمانپەروەر بێت یان خائین. شتێکیش هەیە پێی دەگوترێ ئەدەبی بەرگری، کە بە بۆچوونی من بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەم ئەدەبە لای هەموو نەتەوەکان کرچوکاڵن، بەڵام شاکاری زۆر جوانیشیان تێدایە، ئەگەر دژایەتییەک هەبێ لەنێوان چەک و قەڵەم، ئەم شاکارانە چۆن داهێنراون؟!

**چەندە بڕوات بە هونەری دەروەست (متعهد) هەیە؟ دەکرێت نووسەران، بەتایبەت شاعیران «دوو باڵی هونەر بۆ هونەر و هونەری دەروەست « ڕێک بخەن؟**
**حەمەعەباس:** من بۆخۆم حەزناکەم پابەندی هیچ شتێک بم جگە لە جوانی، ئەوەندەی بۆشم بکرێت هەوڵی تازەگەری دەدەم، شێعر لە دەرەوەی جوانیدا ناتوانێ هەناسە بدات، من لەگەڵ ئەمجۆرە پۆلێنکردنانە نیمو شێعر ئەگەر وەک کارێکی جوانی زمانی بەرهەڵدرا، ئەوان بیخەنە خانەی هونەر بۆ هونەر یان هونەری مولتەزیم لە هەردوو حاڵەتدا هەر جوانو جێگای بایەخ و ستایشە.

**کاک حەمە بەڕای جەنابت بۆ سەردەمانیک کە چاپەمەنی کوردیی لاواز بوو، بەڵام شێعر برەوو هۆگری زیاتر بوو؟ مەبەستم ئەوەیە گوند بە گوند شێعری شاعیرانێک وەکوو نالیو وەفاییو هێمن دەگەڕاو لە بەر دەکرا، بەڵام ئێستا لە کەمتر ماڵێکی کورد بەرهەمی شاعیرانی ئەمرۆی تێدا دەبیندرێت! ئایا خەلکی کورد نیازی بە شێعر نەماوە؟ یان شاعیرانی بەرەی نوێ لە کۆمەڵگەی خۆیان دابڕاون؟ یان کۆمەڵگەی کوردی دواکەوتوو ماوەتەوە بە نیسبەت شێعری نوێ؟**
**حەمەعەباس:** لە هەموو کاتێکدا شێعر خوێنەری هەبووەو دەبێ، من بەپێچەوانەی ڕای جەنابت پێموایە ئێستا خوێنەری زۆرترو جددیتر هەیە، لەسەردەمی نالیو وەفاییدا بەدەگمەن ڕێکەوتووە لە دەرەوەی مزگەوتو دیوەخان و دەربارەکاندا شێعر بوونی هەبووبێت، ئێستا شێعر بەتەواوی تێکەڵی ژیانمان بووە، شێعر بە زۆر ڕێگە دەچێتە هەموو ماڵو هەموو شوێنێک، کەسانێک وەریدەگرنو کەسانێکیش نایانەوێت. ئەمەش ئاساییە، نابێ نیگەران بین بەکەمیی خوێنەر، لە هەموو دنیادا خەڵکێکی کەم شێعر دەخوێننەوە، ئەمە زیاتر پەیوەندیی بەجەنجاڵییەکانی ژیانەوە هەیە، پەیوەندیی بەم هەموو خوشک و براو ئامۆزایانەی شێعریشەوە هەیە، ئاخر ئەوکات جگە لە شێعر چیتر هەبوو؟ سینەماو شانۆ، چیرۆکو ڕۆمان، مۆبایل و ئینتەرنێتو ...! ئەدەبی نووسراو ئەوەی هەبوو شێعر بوو، ئەویش لەپاڵ ئەو ناوە درەوشاوانەی شێعری کوردی، دەیانو سەدان ناوی دیکەی هیچ لەباردانەبوو هەبووە، بەهۆی بەتاڵییان لەجوانی نەبوو نە بەشێک لەمێژووی ئەدەبی کوردی، ئەگەریش نزیکتر ببینەوە بۆ سەردەمی هێمنو هاوسەردەمەکانی، ئەوە دەبێ بڵێم ڕاستە ئەوکات خوێنەر زۆرتر بوو، بەڵام ئەوە زیاتر پەیوەندیی بەبارودۆخی سیاسیو کێشە نەتەوایەتییەکانمانەوە هەبووە نەک بەخودی شێعرەوە، چونکە ئەوکات زۆرترینی خوێنەرەکان خوێنەری شێعرە سیاسییەکان بوون، کە هەندێ لەو شێعرانە زۆر لاوازو ناشێعر بوون.

**بەڕێزت وەکوو قەڵەم بەدەستێک ئەندامی مەڵبەندی یەکیەتیی نووسەرانی کوردی، تکایە بفەرمۆن ئەم مەڵبەندە لە کەیەوە و بە چ مەبەستێک پێکهاتووە؟ ئایا تا ئێستا توانیویەتی وەکوو بنکەیەکی فەرهەنگیو ئەدەبی سەرنجی نووسەرانو هۆگرانی ئەدەبی کورد بەرەولای خۆی ڕاکێشێت؟**
**حەمەعەباس:** یەکیەتیی نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە، دیارە هەر یەکیەتیو سەندیکایەک کە دادەمەزرێ دەیەوێ ببێتە چەترێک بۆ ئەندامەکانیو داکۆکییان لێبکات و خزمەتیان بکات، تا چەندیش توانیویەتی بە ئەرکی خۆی هەڵسێت، باشترە کەسێکی دەرەوەی مەڵبەندی گشتی قسەی لەسەر بکات، لەماوەی کارکردنی من و هاوکارانیشم لەم خولەی ئێستایدا، کەماوەی زیاتر لەچوار ساڵە ئەم یەکیەتییە بەڕێوە دەبەین، هەوڵمانداوە لە خزمەتکردنی ئەندامانمان کەمتەرخەمی نەکەین، ئەگەر شتێکیش پێویست بووبێو نەمانکردبێ لەدەرەوەی تواناو دەسەڵاتی ئێمە بووەو هیوادارم ئەو لیژنەیەی دوای ئێمە دێتە شوێنی ئێمە، ئەو کەمو کوڕییانەی کەئێمە هەمان بووە نەیەێڵن.

**بەڕێزت بەهۆی ئەندامیەتیت لە مەڵبەندی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، پێم وایە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی ئەدەبو شێعری ڕۆژهەڵاتن. ئەم ڕەوتە چۆن دەبینن؟**
**حەمەعەباس:** لەسەر ئەدەبی ڕۆژهەڵاتو باشوور قسەیەک دەکەم، هیوادارم لێکدانەوەی هەڵەی بۆ نەکرێت، پێموایە لە ڕووی تێڕامانو لە ڕووی تەکنیکیشەوە ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵات جوانترو پێگەیشتووترە، ڕەنگەئەمەش بەهۆی کارتێکرنی ئەدەبی فارسییەوە بێت، بەڵام لەڕووی زمانەوە، زمانی نووسین لە باشووردا زۆر پاکو پاراوترە، بێگومان ئەدەبیش لە ناوزماندا هەناسە دەدات، خۆ ئەگەر بێینەسەر وەرگێڕان بەهۆی نزیکبوونی هەردوو زمانی کوردیو فارسی لەیەکترەوە دەبووایە باشترین کارەکانی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی ئەوانەبوونایە کە لە فارسییەوە وەرگێڕدراون، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی وەرگێڕەکان کە خۆرهەڵاتییەکانن، زمانی زکماکی خۆیان زۆر شارەزانین (کە ناهەقیشیان نیە چونکە پەراوێزخستنی زمانی کوردی زمانەکانی دیکەی غەیرە فارسی لە ئێران بۆتە هۆی ئەمە)کارەکانیان بۆ خوێنەرانی باشوور وەک پێویست نیە، کە ئەمە دەڵێم هەرگیز وەرگێڕانی هەندێ وەرگێڕی زمانزان و شارەزای خۆرهەڵات، بۆنموونە ئەمین گەردیگلانیو ڕەسووڵ سوڵتانیو سلێمان دڵسۆزو هی دیکەش نادیدە ناگرم. من کە ناوی ئەم چەند بەڕێزەم هێنا بەحوکمی ئەوەی کە لە هەولێر کتێبفرۆشیم هەیە، دەزانم خوێنەری باشوور چەند لە وەرگێڕانی خۆرهەڵاتییەکان ناڕازین.

**ڕەخنەیەک هەیە کە کورد بەگشتی بەتایبەتی لەم بەشەی لە کوردستان کە کیانی سیاسییو بروکراسی خۆی هەیە، لە ڕێگای فستیڤاڵوکوڕۆکوبوونەوەکاندا ئەوەندە گرینگی بە شێعر دەدرێت، گرینگی بە بەشەکانی دیکەی ئەدەبیات وەکوو. ڕۆمان وکورتە چیرۆک، ڕەخنە، تویژینەوە، ژۆرنالیستی و..نادرێت، هەر بۆیە زمانی کوردی زیاتر لەبەشی شێعر قەتیس ماوەتەوە، ئەمە چەندە ڕاستە؟**
**حەمەعەباس:** خۆزگە وا بوایە! بەڵام کەی وایە! لەکوێ ئەوەندەگرنگی بەشێعر دەدرێ؟ من خۆم چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ چاپکردنی کتێبێک بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەسەرۆکی دەزگایەکی چاپ کرد کە زیاتر لە بیست ساڵیشە پەیوەندیمان هەیە، ئەو گوتی هەر کتێبێکت هەیە بۆتی چاپ دەکەین بەس شێعر نەبێ! ئەگەر تەماشای لیستی کتێبە چاپکراوەکانی هەر دەزگایەکیش بکەی، دەبینی شێعر چەند بەشخوراوە! بەم دواییە زۆربەی گۆڤارو پاشکۆ ئەدەبییەکانیش کەم تا زۆر شێعریان بڵاو دەکردەوە بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە وەستێنرانو ئێستا زیاتر فەیسبوکو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بوونەتە سەکۆی بڵاوکردنەوەی شێعر، بەم حاڵەشەوە شێعری کوردی لەجوانیو هەڕمێنی خۆی نەکەوتووە، هەمیشە شێعری جوان دەبینین و خوێنەری جیددیش هەمیشە شوێنپێی دەقە جوانەکان هەڵدەگرن.


**بۆ کۆتایی ئەم وتووێژە بەڕێزت وەکوو قەڵەم بەدەستێک چ بەربەستێک لەسەر ڕێی خاوەن هەستەکانو نووسەرانی کورد دەبینیت؟**
دەشێ بڵێین گوێ پێنەدانو فەرامۆشکردن هەیەیان دەبێ، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئەدەب زادەی تێڕامانو خەیاڵی تاکەکەسییە، بەربەست شتێکی حساب بۆنەکراوە، دەشێ هاندەرێکت نەبێ بۆ نووسین، بەڵام ناشێ ڕێگرێکت هەبێ بۆ نووسین، بەتایبەتیش نووسینی شێعر، چەندین دەقی جوان لەزیندان نووسراون، ئەگەر نووسین بەربەست لەبەرچاو بگرێ، لەزیندان و زەوتکردنی ئازادی بەربەستتر هەیە.

**سپاستان دەکەم بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر.**

## مەریوان هەڵەبجەیی: «وەرگێڕانی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی لە تاران مۆڵەتی چاپی پێنادرێت»

**خالید محەممەدزادە**






مەریوان هەڵەبجەیی دەڵێت:» دوو ساڵە ڕۆمانی «دواهەمین هەناری دونیا» لە نوسینی بەختیار عەلی تەرجومەی فارسی کردوەو بڵاو بۆتەوەو پێشوازی باشی لێکراوە، وتیشی:» ئەمە دووهەمین چاپی ئەم ڕۆمانەیە بە تیراژی ١١٠٠ نوسخە«.

دواهەمین هەناری دونیا» وەک دیارە بەشێکی لە وەرگێرانە فارسیەکەی سانسۆر کراوە، مەریوان هەڵەبجەیی سەبارەت بە سانسۆری ئەم ڕۆمانە لە ئێران بە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی گوت:» ڕۆمانەکە لە سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدی نەژاد بەر بە چاپی گیرا، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ڕوحانیش لە چاپەکەی هەندێکیان لێسانسۆر کرد بەڵام زۆر نیە«.

هەڵەبجەیی سەبارەت بە چاپی ڕۆمانەکەی دیکەی هەمان نووسەر بە ناوی« ئێوارەی پەروانە« دەڵێت تا ئێستا مۆڵەتی چاپکردنی لە تاران پێنەدراوە. مەریوان سەبارەت بە هۆکاری مۆڵەتنەدانی بۆ چاپ کرانی«ئێوارەی پەروانە« دەڵێت:» وەزارەتی ئیرشادی ئێران پێی وایە ڕۆمانەکە سووکایەتییە بە ئایینی ئیسلام بۆیە تا ئێستا مەجالی چاپکردنی پێنەدراوە«.

مەریوان هەڵەبجەیی کە ئێستا لە شاری تارانە بۆ سەرپەرشتی کارەکانی ئەوەشی گوت:» دوای بەڕێوەبردنی کۆری ڕەخنە سەبارەت بە ڕۆمانی«دواهەمین هەناری دنیا» لە تاران بڕیار وایە لەهەر یەک لە شارەکانی ڕەشت، ئیسفەهانو کرماشان کۆری هاوشیوە بۆ قسەکردنو نەقدی ڕۆمانەکە بەڕێوە بچێت».

هەڵەبجەیی سەبارەت بە کاری داهاتووی گوتی :» کۆمەڵە چیرۆکێکی لە چیرۆکی هاوچەرخی کوردیو فارسی بە دەستەوەو هیوادارە بتوانێ بڵاویان بکاتەوە«

مەریوان هەڵەبجەیی ساڵانێکە کاری وەرگێڕان لە حەوزەی هەر دوو زمانی کوردیو فارسی دەکاتو تا ئێستا چەندین بەرهەمی پڕخوێنەری کوردیی تەرجومەی زمانی فارسی کردوە.

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 641 7 octob 2014



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4



ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

## چۆنیەتیی پرسینەوە لە گەندەڵییە حکومییەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا!



عەلی بداغی

بەربوونی شەهرام جەزایری، یەکێک لە گەورەترین گەندەڵکارانی نیزامی ئابووریی ئێران لە زیندان لە ڕۆژی پێش جێژنی قورباندا، چەند ڕۆژێکە میدیاکانی ئێرانی بە خۆیەوە خەریک کردوەو باسی گەندەڵییەکان، ئەویش گەندەڵیی دەوڵەتی لە نیزامی سیاسیی‌و ئابووریی ئێراندا بۆتەوە ڕۆژەڤ‌و هاتۆتەوە بەرباس.

پەروەندەی شەهرام جەزایری لەم ڕووەوە گرینگ بوو کە ئەو توانیبووی بە سەدان میلیۆن دۆلار لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی بخاتە گیرفانی خۆی‌و بە بەرتیلدان بە زۆر کاربەدەستی دەوڵەتی‌و چەور کردنی سمێڵیان ڕیسواییەکی گەورە بۆ حاکمییەت بنێتەوە...

دیاردەی گەندەڵی لە هەر نیزام‌و دەوڵەتێکدا ڕەنگبێ کەم‌و زۆر ڕوو بدا، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان قانوونەکان هێندە ورد کراونەتەوەو سیستەمی چاوەدێری ئەوەندە باش دەجووڵێتەوە کە کەمترین دەرەتان بۆ گەندەڵی‌و خراپ بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت‌و کەسانی نیزیک لەوان دروست دەبێ‌و، ئەگەر شتی واش ڕوویدا، دەزگای قەزایی بە توندترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکاو؛ بەڵام ئەوەی لە ئێران ئەو بابەتە بڕێک تایبەتتر دەکا چەند شتە:

یەکەم ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدیعا دەکا حکومەتەکەی حکومەتی عەدڵی ئیلاهییەو نوسخەی بەڕێوەبردنی دنیا بۆ وڵاتانی دیکە دەپێچێتەوە، بەڵام ئامارەکان‌و ئاکامەکانی توێژینەوەی ناوەندە نێونەتەوەییەکان‌و داننانی بەشێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت دەری دەخەن کە یەکێک لە گەندەڵترین حاکمییە سیاسییەکانی دنیایە.

دووهەم ئەوەی کە ئەوانەی دەستیان لە گەندەڵییەکاندا ئاشکرا دەبێ لە کەسانی نەگۆڕو هەرە سەرووی نیزامن، سێهەم ئەوەی دوای ئاشکرابوون‌و لەهەڵلادرانی گەندەڵییەکان، دەزگای قەزایی پتر لەوەی لە خەمی لێپێچینەوەو سزادانی گەندەڵکاران‌و بنەبڕکردنی گەندەڵی دابێ، لە پلەی یەکەمدا هەوڵی دیزە بەدەرخۆنەکردنی پەروەندەکان‌و بێدەنگەلێکردنیان دەداو، ئەگەر دەنگیشی لێ دەرهاتبێ، ئەوا کار لەسەر سەروگوێ تێکردنەوەو تێپەڕاندنی پرۆسەکە بە کەمترین تێچوو دەکا.

ئاماژە بە چەند نموونە لەو پەروەندانە لە ئێستادا لە جێی خۆی دایە:

هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ لە گەندەڵییە ماڵییە ٣ هەزار میلیارد تمەنییەکەی بیمەو سیستەمی بانکیی وڵات تێنەپەڕیبوو، کە پەروەندەی چەند سەد میلیارد تمەنییەکەی سەندووقی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەقاودرا. هێشتا میدیاکان‌و بیروڕای گشتی خەریکی هێنان‌و بردنی باسەکانی ئەو گەندەڵییە بوون کە بە سەدان میلیارد تمەن زەوی خواردنی برایانی لاریجانی لە هەڵڵا دراو خەڵک هەر لە بیری ئەوە دابوون کە ئاخۆ پەروەندەیەک بۆ ئەو گەندەڵییە دروست دەکرێ کە لە یەکدا بە دوو، گەندەڵییە ٢ میلیاردو ٧٠٠ میلیۆن دۆلارییەکەی بابەک زەنجانی ئاشکرا کرا.

هێشتا خەڵک وڕو کاسی ئەو بێنەوبەرەیەی دەزگای قەزایی لەو پەروەندەیە دابوون کە گەندەڵییە ٧ هەزار میلیارد تمەنییەکەی سێ سەڕافی تاران بە هاوکاریی بانکی ناوەندیی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە هەڵڵا درا، ئێستاش محەممەد ئەشرەفیی ئیسفەهانی، سەرۆکی لێژنەی بەداداچوون بۆ گەندەڵی‌و لادانە ئیدارییەکانی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد ئاشکرای کردوە کە زیاتر لە ٧٠٠ پەروەندەی گەندەڵی‌و لادانە ئیدارییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد، لە لێژنەکانی بەدواداچوون‌دا کاریان لەسەر دەکرێ.

لە تەنیشت ئەو وردە پەروەندانەی لەسەر گەندەڵییەکان ئاشکرابوون، باسی سەروەت‌و سامانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش لە جێی خۆی کە هەر سامانی خامنەیی ئەوەندەی ئاشکرا کراوە بە ٩٢ میلیارد دۆلار داندراوە، سامانی هاشمی ڕەفسەنجانی، کەسی دووهەمی ئەو نیزامەش ئەگەر لەوەندە زیاتر نەبێ کەمتر نییە، چونکی بە چل‌و هەشتەمین دەوڵەمەندی دنیا ناودەبرێ؛ هەر لەوێ ڕا بگرە تا دێتە خواریّ‌و تا دەگاتە دۆخی ئەو خەڵکەی لە ئێران کە ٣٦ ساڵ لەوە پێش بە درشمی عەداڵەت‌و دادپەروەری نیزامی پاشایەتییان ڕووخاندو وڵاتیان بەو کەس‌و کەسانە سپارد. کەوابوو لە خۆڕا نییە نرخی بێکاری لە ئێران لە سەدی ٤٠ تێپەڕیوەو، بێ هۆ نییە کە هەژاری‌و بێ‌دەرەتانی خەڵکی ئێرانی لە ژیان بێ‌هیوا کردوە، ناعەداڵەتی‌و فەرق‌و جیاوازییەکان عەرز تا ئاسمان‌و کەس لەو وڵاتەدا خۆی لە حاند ئەو باسانەدا بە بەرپرسیار نازانێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ڕێگاکانی نەهێشتنی گەندەڵی چین‌و بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێوشوێنانە ناگرنە بەر؟

پێشگیری‌و چاوەدێری دوو ڕێگای گشتی‌و بنەڕەتیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەموو نیزامێکی سیاسی‌و بەڕێوەبەرین.

پێڕاگەیشتن‌و بەڕۆژکردنی نیزامی ئیداری، فێرکاریی پەروەردەیی بۆ بەگژداچوونەوەی لادان‌و گەندەڵی، چاکسازی لە پێکهاتە حکومییەکان، بردنەسەرێی ئاستی وەڵامدەربوونی دەزگاو ناوەندە حکومییەکان بە خەڵک، ڕێگەپێدان بە میدیا بۆ چاوەدێریی ئازاد بەسەر کاروباری دەوڵەت، ئاشکراکردنی سەروەت‌و سامانی کاربەدەستان بەر لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی‌و دوای جێهێشتن یان دەستاودەست کردنی دەسەڵاتەکان، بەهێزکردنی متمانەی خەڵک بە دەوڵەت لە ڕێگەی سەربەخۆکردنی دەزگای دادو نیزامی قەزایی، گۆڕینی قانوونە ناتەباکان لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی‌و باشترکردنی دۆخ‌و ژیانی خەڵک؛ هەموو ئەوانە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی گەندەڵییەکاندا ڕۆڵ ببینن، بەڵام ئەو ڕێکارانە بەر لە هەموو شتێک ئیرادەی سیاسی‌و بڕیاری لێبڕاوی دەوێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە، چونکی بۆ خۆیان بەرهەمی گەندەڵین‌و نان‌و بژیویان لە گەندەڵ مانەوەی نیزامی سیاسی‌و بەڕێوەبەریی وڵات دایە.

## شاری مهاباد ئەمساڵ لە قوربان‌دا ژیانی چاند!



**ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەر لە ڕێوڕەسمێکدا کەمپەینی»چاندنی نەمامێک» لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی ژینگەوە لەشاری مەهاباد ڕاگەیەندرا.**

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە ڕایانگەیاند، لەڕۆژی جێژنی قورباندا و دوای قوربانی بوونی گیانلەبەر و ئاژەڵ و دەربرینی ڕێزی خۆی بۆهەموو ڕۆژە ئایینییەکان خۆی بە قەرزداری زەوی، سروشت و ژینگە دەزانێ‌و بە چاندنی نەمام ئەمەگناسیی خۆی بۆ سروشتی کوردستان دەردەبڕێ.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا ئەندامانی ئەنجومەن و بەشداران لەبری قوربانی کردنی ئاژەڵ، هەر کامە نەمامێکیان چاند.

## نۆیەمین فستڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان

**نۆیەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام لە مەریوان لە ٢٥ی تا ٣٠ی ئەم مانگەو لە ١٠ شوێنی سەرەکیی شاری مەریواندا بەڕێوە دەچێ.**



ئەو فستیڤاڵی شانۆیە وەک ڕاگەیەندراوە، لە قوتابخانەکان، ئاواییەکان، گۆلی زرێوار، پادگانەکان‌و پارکی شانۆدا بەڕێوە دەچێ.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری مەریوانەوە پاش بڵاوکردنەوەی بانگهێشتنامەی ئەم فستیڤاڵە، ١٧٨ بەرهەمی شانۆیی ٤٦ بەرهەمی ئایینی و سوننەتی بۆ بەشداریکردن لەم کێبڕکێیە لە ٢٥ پارێزگای ئێران و ١٢ بەرهەمی توێژینەوەیی بۆ دەفتەرخانەی ئەم فستیڤاڵە نێردراوە.

بەڕێوەبەری نۆیەمین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی سەرشەقامی مەریوانیش دەڵێ کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەش لە وڵاتانی ئیسپانیا، پۆرتەغاڵ، تاجیکستان، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، عێراق، لەهێستان و سێربستان بۆ بەشداری لەم فستیڤاڵەدا نێردراون کە تا ئێستا بەرهەمەکان لە سێ وڵاتی ئەرمەنستان، ئازەربایجان و عێراق لە سەریان ساغ بوونەتەو بەرهەمی وڵاتانی پۆرتەغاڵ و ئیسپانیاش خەریکە تاوتوێ دەکرێ.

شایانی باسە کە هاوکات لەگەڵ ڕێوڕەسمی کرانەوەی ئەم فستیڤاڵە، پارکی شانۆش لە شاری مەریوان دەکرێتەوە کە بەیەکەمین پارکی تایبەتی بە بواری شانۆ دادەنرێ.

## کۆنسێرتی تەنبوور گرووپی مەستوور لە کرماشان



گرووپی مەستوور لە کرماشان بە بەڕێوەبردنی کۆنسێرتی تەنبوور پەیامی یەکیەتیی‌و برایەتیی یارسانییەکانیان بە ناڵەناڵی تەمبوور لە بابا یادگاردا چڕی.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی تاقوەسان مەبەست لە بەڕێوەچوونی ئەو کۆنسێرتەی گرووپی تەنبووری مەستوور لە کرماشان گەیاندنی پەیامی یەکیەتی، برایەتی‌و دۆستایەتیی یارسانییەکان لە ڕێگەی تەنبوورەوە بە خەڵکی جیهان بووە.

شایانی باسە ئەو کۆنسێرتە کە لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگای یارسان، شوێنکەوتوانی شاەئیبراهیمی ڕێکخرابوو، لە مەزاری بابا یادگار بە شکۆیەکی تەواوەوە بەڕێوەچوو.

## براوەکانی خەڵاتی پزیشکی نوبێلی ٢٠١٤




خەڵاتی نوبێل لە بەشی پزیشکی ئەمساڵ بە پزیشکێکی ئینگلیزی و ژن و مێردێکی نۆروێژی بڕا، کە هەموویان پسپۆری «اعصاب» و ڕەوانن.

لەسەر دۆزینەوەی سەرەکی ئەم بیرمەندانە سی ئێن ئێن نووسیوێ»ڕەنگە ئێوە بزانن لە کوێن و دەتانەوێ بۆ کوێ بچن، بەڵام ئەرێ چۆن ئەو شتانە دەزانن».

هەوڵی ئەم سێ پزیشکە ڕێک دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارەیە.

هەروەها ئەم جۆرەی ئاکادیمیای نوبێلیش ڕایگەیاندوە، براوەکانی ئەم خەڵاتە، ئەو خانانەیان دۆزیوەتەوە کە هەولکەوتی شوێنمان بۆ دیاری دەکەن و ڕێنوێنیمان دەکەن بۆ ئەو شوێنە مەبەستمانەو یارمەتیمان دەدەن ئەم شتانە لەبیر نەکەین تا دیسان لە سەفەر و هاتوچۆکانماندا دووپاتیان بکەینەوە.

## ئیلام نە سالۆنی شانۆو سینەمای هەیە، نە کتێبخانە و نە بودجە بۆ کاروباری فەرهەنگی




پارێزگای ئیلام بە فەرهەنگ‌و شارستانییەتی ٩ هەزار ساڵەو زۆر ئێستێعدادو لێهاتوویی، کەمترین ئاوڕی لێ دەدرێتەوەو لەگەڵ کەمیی فەزای فێرکاری‌و فەرهەنگیی بەرەوڕوویە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕە نێوخۆییەکانی ئیلام ئەو شارە کۆن‌و کەونارە بۆ نموونە نە سالۆنی شانۆو سینەمای هەیەو نە کتێبخانەیەکی باش بەو شارە بە ڕەوا بینراوە، هەروەها لە ئێستادا لەگەڵ کەمیی فەزای فەرهەنگی‌و ژێرخانی گونجاو بۆ کاروباری کلتووری بەرەوڕوویەو کەمترین بودجە بۆ پشتیوانی لە کاروباری فەرهەنگی لەو شارە تەرخان کراوە.

شایانی باسە زۆربەی چالاکییە فەرهەنگییەکان، کۆنسێرتی مۆسیقی، کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی‌و هونەرییەکان لەو شارە لەلایەن خودی خەڵکەکەوە دەکرێن‌و ناوەندە بەرپرسیارەکان کەمترین هاوکاریی کۆمەڵگای هونەری‌و ئەدەبی‌و فەرهەنگیی شارە ناکەن.

## کوردێک میداڵی زێڕی کێبڕکێی تێکواندۆی ئاسیا بردەوە



وەرزشکارێکی کوردی کرماشانی توانی میداڵی زێڕی کێبرکێکانی تێکواندۆی ئاسیا بباتەوە

مەسعود حەججی زەوارە، تێکواندۆکاری کرماشانی لە یاریی کۆتایی تێکواندۆی ئاسیا لە کێشی کەمتر لە ٧٤ کیلۆ توانی بەسەر ڕکەبەری سەرەکیی خۆی لە ئۆزبەکستان سەربکەوێ‌و میداڵی زێڕی حەفدەهەمین یارییەکانی ئینچئونی ئاسیا بکاتە ملی.

مەسعود حەججی زەوارە لە یاریی کۆتاییدا توانیبووی بە سەرکەوتنی سێ بە دوو میداڵی زێڕی ئەو کێبرکێیانە بباتەوە.

شایانی باسە ئەو وەرزشکارە کوردە دوای وەدەستهێنانی میداڵی زێڕی کێبرکێکانی تێکواندۆی ئاسیا، میداڵەکەی پێشکێش بە بنەماڵەکەی کرد.